# ژیان و کەسایەتیی کافکا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ژیان و کەسایەتیی

# کافکا

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

**ئیسمایل ئیسمایل زادە**

ناوی کتێب: ژیان و کەسایەتیی کافکا
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیسمایل ئیسمایل زادە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٥٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
پیت لێدان: ئالاء محەمەد
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + عەبدولخالق یەعقووبی
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦١٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ژیان و کەسایەتیی کافکا

موراد حسێن عەباسپوور

تەنیا ساڵێك دوای زەماوەندی ***هێرمان كافكا*** و ***ژوولی لووی***، واتە لە ساڵی ١٨٨٣، كوڕێك لە دایك بوو كە بۆ یادی فرانتس ژۆزێف، ئیمپراتۆری ***ئوتریش-مەجارستان***، نێویان نا **فرانتس**. هێرمان یەكێك لە چوار كوڕەكانی ژاكوب كافكا بوو. ئەوان لە شارێكی بچووك لە نزیك پراگ دەژیان. بارودۆخی بنەماڵەیی باوكی فرانتس بەپێچەوانەی دایكی، زۆر باش نەبوو. ژاكوب لە ڕێی قەسابییەوە بژیوی دابین دەكرد و هێرمان لە تەمەنی ١٠ ساڵاندا بەداشقەیەكی بچكۆلانە لە شەقامەكانی شوێنی لە دایك بوونی كاسبی دەكرد. بەم هۆیە هێرمان كافكا لە هەژدە ساڵیدا بۆ گۆڕینی بارودۆخی خۆی و بەهیوای باشتر بوونی بارە ئابوورییەكەی، چوو بۆ پراگ كە شوێنێكی باشتر بوو. ئەو لە ماوەیەكی كورتدا بەویستەكانی گەیشت و ژیانێكی مامناوەندیی، لانیكەم بۆ بەرەیەك، بنەماڵەی كافكای وەخۆ گرت. ئەگەرچی ئەم بەختەوەرییە زۆری نەخایاند و بەسەرهەڵدانی نازیسم لە ئاڵمان بۆ هەمیشە كۆتایی پێ هات.

فرانتس گەورەترین منداڵی بنەماڵەی كافكا بوو و دوای ئەویش گیۆرگ

(١٨٨٥–١٨٨٦) و هانریش ( ١٨٨٧–١٨٨٨) له کەمتر له دوو ساڵ، کۆچی دوایـیان کرد. ئەو هەروەها سێ خوشکی بەناوەکانی ئیلی (١٨٨٩–١٩٤٢)، والی (١٨٩٠–١٩٤٢) و ئۆتلا (١٨٩٢–١٩٤٣)بوو که له ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا لەگەڵ زۆربەی هاوڕێیانی کافکا کەوتنە نێو ئاشویتسەوە. فرانتس له نێو سێ خوشکه چکۆلەکانیدا هەر له سەرەتاوە منداڵێکی شەرمێون و گۆشەگیر بوو. ئەوان له فەزایەکی توندوتیژانە و ناخۆش، له نێو بنەماڵەیەکی تەواو باوك سالار و له ژێر چاودێریی مامۆستایەك کەدەهاتەماڵیان، سەردەمی منداڵیان تێپەڕ کرد. هەروەها هەر له سەردەمی مێرمنداڵییەوە فرانتس هۆگریی خۆی بە خوێندن و نووسین نیشان دابوو.

یەکەم چیرۆکی بەناوی ″***وەسفی بەربەرەکانییەك***″ له ساڵی ١٩٠٤دا نووسی، بەڵام تا بیست و نۆ ساڵان بەرهەمەکانی له کۆمەڵێك نووسین، پەخشان و چیرۆك تێپەڕ نەبوون که ئەمانەی له ساڵی ١٩١٣ بەنێوی ″تێڕامان″ چاپکرد. بەم حاڵە له چەند ساڵ پێشترەوە، واتە له تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا، چاپی بەرهەمەکانی له گۆڤارەکاندا دەست پێ کردبوو.

ئەگەرچی فرانتس کافکا له منداڵییەوە بە زمانی چیك که زمانی دایکیی بوو، قسەی دەکرد، بەڵام چووە قوتابخانەی ئاڵمانی زمانەکان و هەر لەو کاتەوە بەزمانی ئاڵمانی که زمانی دەستەبژێرانی ئیمپراتۆریی ئوتریش –مەجار بوو، دەستی بەنووسین کرد. له قوتابخانە له وانەی یۆنانی، مێژوو و لاتیندا بەشداری کرد و جاروبار لەگەڵ باوکی دەچوو بۆ کەنیسە. بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند. بەم حاڵە کافکا هیچ کات بەتەواوی له میراتی جوولەکەیی و بەتایبەتی ***تەلمود*** دوور نەکەوتەوە. ئەو دواتر له زانکۆی ئاڵمانی زمانی ***کارل فێردیناند*** له کۆلێژی ماف، درێژەی بەخوێندن دا، که ئەمەش له سەرەتادا لەگەڵ ژیانی ڕۆحی و هۆگرییە ئەدەبییەکانییدا زۆر نەدەسازا. له قۆناغی خوێندکاریدا لەگەڵ نووسەرێکی جوولەکەی تر بەنێوی ***ماکس بروود*** ئاشنا بوو که ئەو دواتر ژیاننامەی کافکای

نووسییەوە و ڕۆمانێکی بەنێوی ***"پاشای ئەفسوون کراوی ئەشق"*** لە بارەی کەسایەتییەك بەنێوی ***گێرتا*** نووسی کە لە ڕاستیدا هەوێنی ڕۆمانەکەی لە ژیانی کافکا وەرگرتبوو.

کافکا ساڵی ١٩٠٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێژی ماف وەرگرت و ساڵێك بۆ بارهاتن لە دادگادا کاری کرد و دواتر بۆ هەمیشە ئەم کارەی وەلا نا. لە ساڵی ١٩٠٧ لە شەریکەیەکی بیمە دامەزرا و لەو سەرەوە کە ئەم کارە دەرفەتی زیاتر بۆ کافکا دەهێشتەوە تا ساڵانی کۆتاییی تەمەن وەکو ***کارمەندی خەمینی دایرەی بیمە*** لەوێ مایەوە. کافکا لەم کارەدا، بەچەند پلەیەك گەیشت تا ئەو جێیەی کە لە نەبوونی بەرپرسەکەی کاروباری دایرەکەی بەڕێوە دەبرد.

بەم حاڵە، باوکی کافکا کە پیاوێکی جیدی و چالاك بوو، چاوەڕوانی دەکرد کە کافکای لاو لە کاتی بێ ئیشیدا بچێتە کارخانەی ڕستن و چنین و کافکاش لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی دژایەتی بەتایبەتی لەگەڵ باوکی بکا، بەبێ مەیلی، قبووڵی دەکرد. ئەمە کافکای زیاتر تووشی ئاڵۆزی کرد و لە ئاکامدا ئەوی بەرەو خۆکوژی وەکو تەنیا ڕێی دەرباز بوون هان دا.

کافکا ساڵی**١٩١١** هاوڕێ لەگەڵ ماکس بروود بۆ وڵاتانی فەرانسە، ئیتالیا و سویسرا، سەفەری کرد و لەگەڵ شانۆی ***ییدیش*** ئاشنا بوو. لە ١٢ی ئوتی ١٩١٢ لە ماڵی هاوڕێکەی لەگەڵ ***فلیسە بووێر***، دیداری کرد کە ئەمەش بوو بەهۆی دۆستایەتییەکی تا ڕادەیەك درێژخایەن و گۆڕینەوەی ڕێژەیەکی زۆر نامە و کارت پۆستاڵ. کافکا و فلیسە لەو ماوەیەدا دووجار نیشانە کران، بەڵام هیچ کامیان نەبووە هۆی ژیانی ژن و مێردایەتی. کافکا بەپێچەوانەی فلیسە و نیشانە کردنی کچێکی جوولەکە بەنێوی ژوولی هوریزك لە ساڵی ١٩١٩، تا کۆتایی ژیانی هەروا سەڵت مایەوە. ئەگەرچی بەپێی دان پێدانانی ***گێرتە بلوخ*** و قسەی ماکس بروود، ئەو منداڵەی کە گێرتە ببووی و ٧ ساڵی دواتر لە ساڵی ١٩٢١ مردبوو، لە فرانتس کافکا بووە، بەڵام لەو سەرەوە کە گێرتە بۆ ئەمە هۆ و بەڵگەی

تەواوی بەدەستەوە نەبووە و بەسەرنجدان بەپێکهاتەی فکری و کەسایەتیی کـافـکـا – ڕاکردن لـە ژیـانـی هـاوبـەشی و کێشەی جـنسی بـەشێوەیـەکی مـەرگـاوی– و هـەروەهـا درێژەی پـەیـوەنـدیـی کـافـکـا لـەگـەڵ گێرتـە و بـێ ئاگاداریی کافکا (بەپێی وتەی گێرتە) و هۆگەلی دیکە، ئەگەری درۆیین بوونی ئەم بانگەشەیە زیاترە.

کافکا هەرچەند لە ڕواڵەتدا هێدی و هێمن بووە، بەڵام هەمیشە ئاڵۆزیی دەروونی و سەرێشەی لەگەڵ بوو و بەشێك لە ژیانی لە خەستەخانە تێپەڕ دەکرد، تا ئەوەی لە ٩ی ئووتی ١٩١٧ یەکەم نیشانەکانی نەخۆشییە چـارەسەر نـەبـووەکـەی دەرکـەوت و شوێنـی خستـە سەر ساڵانـی دواتـری تەمەنی. بەڵام ئەمە هیچ کات نەبووە هۆی دابڕانی کافکا لە دەوروبەری. ئـەو هـەروا وەکـو نـووسەر و بـەگـوڕوتـیـنـێکـی زیـاتـر لـە جـاران، درێژەی بەنووسینی چیرۆکەکانی دەدا کە هەڵبەت بەرێکوپێکی تەواوی نەکردن.

لەم سەردەمەدا کافکا، بۆ ماوەیەك لەگەڵ ***میلنا یەزێنسکا*** تەنیا ژنی غەیرە جوولەکە پەیوەندیی خۆشەویستیی گرێدا و لە هاوینی ١٩٢٣ەوە تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ کچێکی لەهستانی بەنێوی **دوورا دیامانت** کە بیست ساڵ لەو بچووکتر بوو ڕایبوارد. میلنا وەرگێڕی بەرهەمەکانی کافکا بوو و ستایشی دەکرد، بەڵام کافکا هەر لەگەڵ دوورا بوو کە بەپێی دانپیانانی خۆی، توانیی لەگەڵ ئەو ژیانی هێدی و هێمن ئەزموون بکا. مەیل بەژیان لەودا بەجۆرێك بوو کە لە خاخام دوورای باوکی داوا کرد کە ئیزنیان پێ بدا زەماوەند بکەن و ئەگەرچی ئەو ویستە بەئاکام نەگەیشت، بەڵام دوورا دیـامـانت تـا دوایین ساتـەکـان لـەلای کـافـکـا مـاوە و پـەیوەنـدیـی لـەگـەڵ نەپچڕاند، بەچەشنێ کە بۆ مردنی کافکا بەکوڵ گریا و دوایین شادمانیی کافکا ئەوەندە نەبوو کە دوورا تا دوایین ساتەکان لەلای بوو.

فرانتس کافکا، دوای تاقەت هێنان لە بەرامبەر نەخۆشیی چارەسەر نەبووی سیل، لە ٣ی ژووەنی١٩٢٤ بۆ هەمیشە پراگی بەجێهێشت و لە گۆڕستانی نوێی جوولەکانی ئەم شارەدا، نێژرا.

# کافکا و دیتران

کافکا بەخەستی لە ژێر کاریگەریی دەوروبەریدا بوو. ئەگەرچی ئەم بازنەیە زۆر بەرفراوان نەبوو. ئەو هەرچەند بۆ ڕاکردن لە شوێنی لە دایکبوونی پێداگری دەکرد، بێجگە لە چەند سەفەرێکی کورت ماوە، هیچ کات بەتەواوی لەم شارەی دوور نەکەوتەوە. دەتگوت چارەنووسی کافکا بەپراگەوە گرێ درابوو. هەروەها بەبوونی دیکتاتورییەکی کە باوکی بەسەر ماڵیدا زاڵی کردبوو، بێجگە لە چەند ساڵی کۆتاییی تەمەن، نەیتوانی لە ماڵی باوکی جیا بێتەوە. حاڵەتی نەسازاوی کافکا و هەروەها شەرمێکی کە لە سەرلەبەری ژیانیدا بووی و بەسترانەوەی نەخۆشخانە بەتەنیایی و بێدەنگی بووە هۆی ئەوەی فرانتسی بچکۆلانە هەر لەسەرەتاوە کەسێکی هێدی، کەمدوو و گۆشەگیر بێ و بکەوێتە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە. خاڵێکی کە نابێ لە بیر بکرێ ئەوەیە کە کافکا زیاتر هۆگری ئەو شتانە بوو کە زیاترین کاریگەرییان لەسەری هەبوو، لە ڕاستیدا ئەو زیاتر ئەو شتانەی ستایش دەکرد کە ئازاریان دەدا. لەو بابەتانەی کە کافکا نەیتوانی تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش فەرامۆشیان بکا، باوکی بوو. هێرمان کافکا هەرچەند بۆ بە جێهێنانی کاروباری ئایینی زەختی نیشان نەدەدا، بەڵام بەتەواو واتا، نموونەی جوولەکەیەك بوو. لەسەرەتادا زیاتر سەرنجی بۆ لای مەسەلەی ماددی بوو و بەهۆی بوونی کەسایەتیی بەهێز و خۆڕاگری و هەروەها ئیرادەی پۆڵایینیەوە توانیبووی لە کورت ماوەدا خۆی لە باروودۆخێکی وێران و خەمناکەوە، بگەیەنێتە بالاترین پلەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری. بۆ هێرمان کافکا بابەت گەلێك وەکو کاری فکری و دنیای ئەندێشە، بەتەواوی پووچ و بێ مانا بوو. بەم هۆیە زۆر زوو فرانتسی منداڵ لەبەر چاوی باوك کەوت و پەیوەندیی نێوانیان بوو بەدوورەپەرێزی و کێشە.

بەم حاڵە، فرانتس هەروا ستایشی باوکی دەکرد و لە ڕاستیدا، زیاتر لە هەموو کەس ڕێزی بۆ دادەنا و بەپێی دانپێدانانی خۆی، باوکی تەنیا کەسێك بوو کە نسێکەی بەسەر گشت بەرهەمەکانی کافکادا کێشابوو. بەم حاڵە دەبێ بگوترێ هەڵوێستی کافکا لە بەرامبەر باوکیدا دژوار بوو: ***دەترسا، نەفرەتی لێ دەکرد، کەچی هەمیشە ستایشی دەکرد و ڕەنگە گرینگترین بەرهەمێکی کە هێرمان لە ژیانی شەخسیی کوڕەکەیدا دیتبووی ئەمە بوو کە کافکا هەرچەند پێی خۆش بوو زەماوەند بکا و خێزان پێك بێنێ، بەڵام تا کۆتاییی ژیانی سەڵت ماوە. هەر بوونی باوك بەس بوو کە کافکا بۆ ماوەیەك بیر لە زەماوەند کردن نەکاتەوە.***

کافکا هەم لە ڕوانگەی جەستەیی و هەمیش لە دیدی فکرییەوە بەتەواوی دژ بەباوکی بوو. بەم جیاوازییە کە کەسایەتیی کافکا و هەروەها دنیای ئەو نە تەنیا باوکی ئێرەیی پێ نەدەبرد بەڵکو بەتەواوی سووك و بێ مانا بوو و زانینی ئەوەش کە باوکی چەندە هەستی سووك کردنی ئەوی هەیە زۆری ئازار دەدا. ترسی کافکا لە باوکی بەرچاو بوو و لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو نەیدەتوانی بەربەرەکانێ بکا. بەبۆچوونی کافکا، باوکی درێژەی دەسەڵاتی ڕەها بوو. کێوێك لە ئیرادە بوو کە نەیدەتوانی لە بەرامبەریدا ڕاوەستێ- یەهووودیەکی دڵڕەق و بێ بەزەیی، کە ئەوپەڕی چێژ وەرگرتنی خۆی لە نزمی و چرووکیی زیاتری کۆیلەکەیدا دەبینی و سات لەگەڵ سات، دەسەڵاتی ناتەواوی خۆی پێ نیشان دەدا- ڕەنگە بەم هۆیە بوو کە کافکا کەمتر هەستی بەنەبوونی خودا دەکرد. ئەگەرچی ناتوانرێ بەئاسانی بەبێ خودا دابنرێ.

هەرچەند لە پرسەکانی ژیانیدا، دژایەتیی بچووکی تێدا بوو، بەڵام ئیرادەی کافکا هەمیشە کەوتبووە پەراوێزی ئیرادەی باوکیەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٩، باوکی لەگەڵ خواستی زەماوەندکردنی کافکا لەگەڵ ژوولی هوریزك کە کچی چاودێری خانوو لە چینی هەژاری کۆمەڵگا بوو،

دژایەتی کرد و ئەمەش هەروەکو باقیی ویستەکانی بێ ئاکام مایەوە. کافکا چەندین ساڵ لەوە پێشتر ڕووداوێکی ئاوای لە **حوکمدان** دا کە پێی وابوو کوڕپەیەکە پێشگۆیی کردبوو. لەم ساتە وەختە دابوو کە دڵگرانییەکانی کافکا لە باوکی سەرڕێژ بوو و لەو سەرەوە کە نەیدەتوانی لەگەڵ باوکی بەربەرەکانێ بکا نامەکەی بەدایکی سپارد کە هەڵبەت ئەم دەستنووسە هیچ کات بە بەردەنگەکەی نەگەیشت. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئازاری کافکا لە هەبوونی وەها باوکێك ئازارێکی خوازراو بوو. ئەو لە زۆر شوێنی نامە و نووسینەکانیدا بە لەحنێکی لەخۆباییانەوە باسی باوکی دەکا. دەڵێی هەر قسە کردن لە باوك بۆ کافکا سەرچاوەی باوەڕبەخۆ بوونە. لە نامەیەکدا بۆ فلیسە دەڵێ: ***من ناتوانم کارێك بکەم کە لەو دوور بکەومەوە، بەڵام هیچ کات ناتوانم فەرامۆشی بکەم.***

کافکا کەمتر لە ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی دەترسێ و هەست پێناکرێ. ڕەنگبێ گوتنی ئەوە کە دایکی کافکا دروست بەڕادەی باوکی بۆ پێگەیشتنی هەستی باوەڕبەخۆ نەبوونی کوڕەکەیان کاریگەریی هەبووە کەمێك زێدەگۆیانە بێ. ئەو ژنێکی گوێ لەمست و چاوبەژێر بوو و لە کێشەکانی نێوان باوك و کوڕدا هەمیشە لایەنگری لە مێردەکەی دەکرد، بەڵام شتێکی کە زیاتر لە هەموو شتێك کافکای ئازار دەدا، هەستی دڵسۆزانەی دایکی بوو کە لە سەردەمای باڵغبوون و دواتریش وەکو منداڵێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. دایکی لە بارودۆخی بەستەزمانیی کوڕەکەی گەیشتبوو و هەمیشە بەچاوی نەخۆشێك سەیری دەکرد. نەخۆشێك کە هەمیشە پێویستی بەپشتگری هەبوو. ئەو لە نامەیەکدا بۆ فلیسە داوای لێدەکا کە هەر چۆنی بێ، ئاگای لە کوڕەکەی بێ و بتوانێ کە ئاڵوگۆڕ بەسەر ژیانیدا بێنی، لەبەر ئەوەی کە دەیەوێ لەگەڵ کافکا زەماوەند بکا، ڕێزی لێ دەگرێ. ڕەنگە لە ڕوانگەی دایکی کافکاوە، ئەم کردەوەیەی فلیسە، وەکو خۆبەخشییەك وایە. نۆستالۆژیای فرانتس کافکا

لەم ڕستە کورتەی دایکیدا دەردەکەوێ کە: **چارەنووسی تۆ ئەوە نەبوو.**

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە هەرچەند کافکا لە لایەن باوکیەوە شکا بووەوە و سووکایەتیی پێ کرابوو، بەڵام لە هەڵبژاردندا، ئەگەری ئەوەبوو کە باوکی هەر بەو جۆرە بوێ کە هەبوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم بڕیارە بۆ دایکی وە ڕاست ناگەڕێ، بێگومان ئەو دەورێکی گرینگی لە بارهێنانی ئاکاری ژنانەی کافکا و سیمایدا هەبوو و ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێك ئەوی ئازار دەدا. کافکا لە نەبوونی دایکیدا، زیاترین چاودێری بچووکترین خوشکەکەی، واتە ئۆتێلا دەکرد. ئەو ئۆتێلای بەنموونە دایکێکی ڕاستەقینە دەزانی. ژنێك بەتایبەتمەندیگەلێکی وەك ***پاکی، ڕاستگۆیی و ڕووخۆش و قورس، لە خۆبوردوویی و باوەڕ بەخۆ، بوێری و ترس و بە هاوسەنگییەکی تەواو.*** لە کۆتاییەکانی تەمەندا کە لە ماڵێ جیا بووەوە، ماڵی ئۆتێلای کە کەمێك لە شار دوور بوو و فەزایەکی هێدی و ئارامی بوو، بۆ مانەوە هەڵبژارد. کافکا ڕێزی بۆ بوێریی ئۆتێلا بەتایبەتی کاتێ لە بەرامبەر باوکیدا ڕادەوستا، دادەنا. ئەو توانیبووی لەگەڵ کەسێك کە باوکی پێی خۆش نەبوو، زەماوەند بکا و ئەمەش بۆ کافکا کە هیچ کات وەها بوێرییەکی لە خۆیدا شك نەدەبرد جێی ڕێز بوو. ڕەنگە هەر بەم هۆیە بوو کە بەشێك لە ڕەخنەگران ئەشقی کافکا و ئۆتێلایان دەخستە ئەوپەڕی پەیوەندی نێوان خوشك و براوە و تووشی تەعبیر و تێگەییشتنەکانی فرۆید ببوون.

لە باقیی خزمان کە کافکا لە چاو دایك و باوکی، خۆی بەنزیکتر لەوان دەزانی، خاڵی، واتە ***ڕۆدۆلف*** بوو. کافکا لە زۆر ڕووەوە خۆی بەهاوشێوەی ڕۆدۆلف دادەنا و هەمیشە لەوە دەترسا کە ئەویش لە ئاکامدا هەروەکو خاڵی سەڵت بمێنێتەوە. کافکا لە بارەی ڕۆدۆلف دا نووسیویەتی:

***لە شتە وردەکاندا ئەو کاریکاتۆری من بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا من کاریکاتۆری ئەوبووم.***

لـە دەرەوەی جـەغزی بـچووکی پـەیوەنـدیـی بـنـەمـاڵـە تـا ڕادەیـەکـی زۆر ماکس بروود، هـەرمـانتـرین دۆستی سـەرلـەبـەری ژیـانی کافکا بوو. ئەو لە مـاوەی خـوێندکاریدا لـەگـەڵ کافکا ئـاشنا بوو و تاکۆتـاییی تـەمـەن، ئـەم دۆستایەتییەی پاراست. لە ڕاستیدا بروود، تاقە هـاوڕێی هـەمیشەیی ژیـانی کـورتـخـایـەنـی کـافـکـا بـوو کـە دوای مـردنـی ئـەویش بـۆ پـاراسـتـنـی ئـەم دۆستایەتییە هـەوڵی دا و بەرهـەمەکانی کافکای بڵاو کردەوە. پێشتریش تـەنیا لـەبـەر هـاندانی بروود بوو کە کافکا بـەشێك لە بـەرهـەمـەکانی خۆی بڵاو کردبووەوە. ڕەنگ بێ بروود تـەنیا کەسێك بوو کە لە سەردەمی ژیـانی کافکادا هـەستی بـەهێزی شێتانـەی ئـەو کرد و لـە نـامـەیـەکدا بۆ فلیسە نووسی: ***فرانتس دەتوانێ بەرهەم گەلێك بخوڵقێنێ کە خودا لە ڕێگەی مێشکی ئەوەوە دەیەوێ هەموو بەندەکانی بیانبێ.***

ئـەگـەرچی بروود بۆ خۆی نووسەر بوو و سەرەتا تـەنانـەت لە کافکا زۆر نـاسراوتـر بـوو، بـەڵام ئـەمـڕۆکـە زیـاتـر وەکو ژیـانـنـامـەنووسی کـافـکـا، ناوبانگی هەیە. ئەم دووانە هـاوڕێ لەگەڵ ***ئۆسکار بووم***–ی نووسەر و (***فلیکس وێلێچ***)ی فەیلەسووف، گرووپێکی چوار کەسییان پێك هێنا بوو و کاتێ لـە دەوری یـەکتر کۆ دەبوونـەوە، بـەرهـەمـەکانی خۆیان بۆ یـەکتری دەخوێندەوە.

کافکا پێی وابوو کە ئۆسکا پوولاك، دەلاقەیەکە بەرەو جیهان و ڕێزی زۆری بۆ وێلێچ دادەنا. بەڵام، هـەستی دەکرد کە لە ماکس بروود، نزیکترە و زیاترین پەیوەندیی بنەماڵەیشیی لەگەڵ ئەو بوو. بـەم حاڵە ***هیچ کات ئەوی بۆ گفتوگۆیەکی درێژخایەن، چڕ و پڕ و خۆش بەشیاو نەدەزانی.*** ئەگەرچی کافکا پێی وابوو کە ئەگەر هـاوڕێیکانی زەماوەند بکەن لە کیس دەچن. بـەم حاڵەش تا دوا ڕۆژەکانی تـەمـەن پێی لە ماڵی بروود نەبڕی و ڕەنگە ئەو ئارامییەی کە لە دەرەوەی ماڵی داخراوی باوکیدا لێی دەگەڕا تا ڕادەیەك لە ماڵی هـاوڕێیەکەی دەیدۆزییەوە و هـەر لـەوێ بوو کە لەگەڵ

کچێك بەنێوی فلیسە بۆیێر کە دواتریش دووجار بەشێوەی ڕەسمی نیشانەی کرد ئاشنا بوو.

فلیسە کە بێگومان کاریگەرترین ژن لە ژیانی کافکادا بوو، لە بێرلین دادەنیشت و لە شەریکەیەکدا وەکو سکرتێر کاری دەکرد. تاڕادەیەکی زۆر هەر ئەو شتانەی کە باوکی لە بەرچاوی کافکا نەدەخست بوونە هۆی ئەوەی کە هۆگریی کافکا بەفلیسە زیاتر بێ، هۆگرییەك کە لە جۆرە بێ سەرنجییەکەوە تا ئەشقێکی لەبن نەهاتوو و وێرانگەر لە هەڵکشان و داکشان دابوو.

لە ڕاستیدا، دەسکەوتی فلیسە بۆ کافکا چەشنێك سادیسم بوو. ئەو ڕێزی بۆ فلیسە دادەنا، چونکە شتگەلێك جیا لەو شتانەی کە لە کافکادا کۆ ببوونەوە، ئەویان پێگەیاندبوو. فلیسە بیرکردنەوەی قووڵی نەبوو و هیچ نەخۆشییەکی تێدا نەبیندرا. لەبەر ئەمە لە بەرامبەری چاپی کتێبی ***"تێڕامانەکان"*** دا، هیچ هەستێکی نەبوو و کافکا بەتێگەیشتن لەم حاڵە، داوەری کە تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئاشنابوون لەگەڵ فلیسە نووسیبووی پێشکەشی کرد. ڕەنگە پێداگریی کافکا، بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ دیتران بەتایبەتی لەگەڵ فلیسە لەبەر ئەمە بوو کە ئەوی دەخستە بارودۆخێکەوە کە لانیکەم بۆ چەند ساتێك لە حاڵەتی سستی و نەنووسین کە بۆ ئەو وەکو خۆکوژی وابوو، دووری دەخستەوە.

ڕەنگە نووسرانی ڕۆمانی دادگایی دوای ڕووداوی ***ئەسکانیشە هۆف***، ئاماژەیەك بێ بۆ ئەم بانگەشەیە. بەم حاڵە ئەو بەچاوی ژنی دڵخوازی خۆی دەیڕوانییە فلیسە و دەیویست زەماوەندی لەگەڵ بکا. بەڵام دەتگوت هێزێکی نەناسراو هەموو جارێ پێشی بەئەنجامی ئەو کارە دەگرت. ئەو پێی وابوو کە فلیسە کچێکی شاد، ساغ و باوەڕ بەخۆیە و ئەوەی وەك پێگەیەك بۆ ڕاکردن لە ڕاستەقینەی خۆی دادەنا.

دەبێ ئاماژە بەم حاڵە بکرێ کە کافکا خۆی و ژیانیشی بەشێوەیەکی

هەستکردانە و ئیرادی لە خزمەت ئەدەبیات دانابوو و نووسین بۆ ئەو جۆرێك پەرستن بوو، لەو چەشنە پەرستنانەی کە هەموو شتێکی بۆ تەرخان دەکرا. فلیسە یەکێك لەو قوربانییانە بوو. ئەو کچێکی بەئیرادە بوو، کاری زۆری دەکرد و بەشێك لە ئیرادەکەی بەخواستی کافکا، خستە خزمەتی کاروباری تایبەت بەماڵی جوولەکەکان و سەرقاڵی ئامادەکردنی کتێب بۆ منداڵی جوولەکان بوو. فلیسە لە ٢٥ی نوامبری ١٩١٧ بۆ دووەمین و دوایین جار لە کافکا جیا بووەوە و دوو ساڵ دواتر لەگەڵ بازرگانێکی دەوڵەمەندی خەڵکی بێرلین زەماوەندی کرد و ٤٣ ساڵ دوای جیابوونەوەی تەواو لەگەڵ کافکا لە وڵاتی ئەمریکا مرد.

دەبێ بگوترێ کە درێژەی پەیوەندی لە نێوان کافکا و فلیسە تا ڕادەیەك بەهۆی هەوڵی ژنێك بەنێوی ***گرتە بلوخ*** بوو. گرتە، ژنێکی ژیر و بەئەزموون بوو کە کافکا زیاتر وەکو ڕاوێژکارێکی شارەزا سەیری دەکرد هەتا خۆشەویستێك و لە بچووکترین بڕیارەکانیدا وەکو ڕێنوێنێك یارمەتیی لێ وەردەگرت و هەمیشە بەڕێزەوە و بەحاڵەتێکی فەرمی و دوور لە نزیکایەتی گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد.

کافکا لە ساڵی ١٩١٩ لەوپەڕی خەمۆکیدا و بۆ بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ باوکی و ڕەنگە لەبەر ئەوەی دەیویست نەخۆشییەکەی چاودێری بکرێ، پێویستی بەپەرستارێك بوو، هەر بۆیە ویستی لەگەڵ کچێك بەنێوی **ژوولی هوریزك** زەماوەند بکا. ژوولی کچی پینەچی و خزمەتکارێکی کەنیسە بوو و دژایەتیی باوکی کافکا لەگەڵ زەماوەندێکی ئەوتۆ حەتمی بوو و دواتر لەوپەڕی بێ هیوایی لە ژن هێنان، ژنێك بەنێوی ***میلنا یەزێنسکا پولاك*** کە ژنی یەکێك لە دۆستانی بوو بۆ ماوەیەکی کورت هاتە ژیانی ئەوەوە، میلنا کە توانایەکی تا ڕادەیەك دیاری لە ئەدەبیاتدا هەبوو، تەنیا ژنێکی جوولەکە بوو کە نزیکایەتی لەگەڵ کافکا دەکرد. ئەو لە کافکادا بەدوای ڕاستی و دروستییەکدا دەگەڕا کە لە مێردەکەیدا

نەیدەدۆزییەوە و دواتر کە پەیوەندیی نێوان میلنا و مێردەکەی بەرەو باشبوون چوو، کافکا بەهێواشی و وەکو نسێیەك لە ژیانی ئەوان دوور کەوتەوە. سەرەرای ئەمانە شوێنەواری میلنا تارادەیەك هەر دیار بوو و شوێن پێـکـەی لـە **کۆشك** دا- رۆمـانـێك کـە لـە کـورت مـاوە و هـەر لـەو سەردەمەدا نووسراو لە رۆڵی کەسایەتییەك بەنێوی فریدا خۆی نیشان دەدا.

بەڵام دوایین کەسێکی کە بۆ ماوەیەکی کورت هاتە نێو ژیانی کافکاوە و مەیلی ژیانی لەودا وەخەبەر هێنا، کچێکی گەنجی جوولەکە بەنێوی ***دوورا دیامانت*** بوو. ئەو توانیی ئەندێشەی زەماوەند بۆ دوایین جار بخاتە مێشکی کـافـکـاوە و ئـەگـەرچـی ئـەمـە لـەگـەڵ دژایـەتـیی بـاوکـی دوورا رووبـەڕوو بـووەوە، بـەڵام کـافـکـا بـۆ یـەکـەمـجـار لـە لای دوورا ژیـانـی هـاوبەشی ئەزموون کرد. لەو سەرەوە دوورا توانیبووی کەمێك پاشەکشە بـەپـووچـیـی قـووڵـی کـافـکـا بـکـا، رەنگبێ بـەیـەکێك لـە کـاریگـەرتـرین کەسایەتییەکانی ژیانی کافکا دابنرێ کە لە دوایین رۆژەکانی تەمەنی کافکا هێمنییەکی بێ وێنەی پێ بەخشی. بەڵام کافکا هیچ کات دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە ئەم هێمنییە بچێنێتە بەرهەمەکانی دواتری خۆیەوە.

بـەگشتـی کـەسایـەتـیـی کـافـکـا، بـەچـەشنێك بـوو کـە کـەمـتر کـەسێکـی بـەتـەواوی رەت دەکـردەوە، تـاقـمێکـی پـەسند دەکرد، چـەند کـەسێکـی زۆر خۆش دەویست، رێزی بۆ هەموو کەس دادەنا. بەم حاڵە زیاترین سەرنجی کافکا بەرەو رابردوو و نووسەرانێك بوو کە زۆربەیان هی بەرەیەك پێش خۆی بوون. چێژی لە بەسەرهات و ژیاننامەکانیان وەردەگرت و وەکو زۆربەی مرۆڤەکان نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ دیتران بەراورد نەکا. لەگەڵ زۆربەی ئەم نووسەرانە هەستی بەنزیکایەتی دەکرد و بەشێکیانی بەبرای هاویشتی خۆی دادەنا، بەم حاڵە وێدەچێ کەسێکی کە زیاتر لە هەموو کەس سەرنجی کافکای بۆ لای خۆی راکێشابێ فەیلەسوف و خواناسێکی مەسیحی خەڵکی دانیمارك بەنێوی ***سوورێن کییەرکگار*** بوو. ئەو کە لە

بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایك ببوو نەیتوانی تا کۆتایی تەمەن خۆی لە **(چارەنووس گەرا) فاتالیسم** ڕزگار بکا. هەر بەو جۆرەی کە هیچ کات نەیتوانی باوکی فەرامۆش بکا. **میخاییل کییەر کگار** (باوکی سوورێن)یش وەکو هێرمان کافکا لە هەلومەرجێکی دژوارەوە بەنیوە بەختەوەرییەك گەیشتبوو. بەڵام ئەمە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکە بوو.

ڕابواردنەکانی میخاییل لە گەنجیدا و گرینگتر لەویش کفرێك کە بەخودای کردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە تا دوایین ساتەکانی تەمەنی دوور و درێژی لە پەشۆکاوی و خەفەتدا بیّ. ئەم نائارامییە بەشێوەیەکی خەست کاریگەریی خستە سەر بچووکترین کەسی بنەماڵەکەی، واتە سوورێن.

لە هاوشێوەبوونی کافکا لەگەڵ کییەر کگاردا دەتوانین ئاماژە بەڕواڵەتی ئەوان بکەین و لەم ڕووەوە بارودۆخی فەیلەسووفی دانیمارکی زۆر کارەساتاوی تر بوو، شێواویی ڕواڵەت، پشتی چەماوە و بەتایبەتی لاوازیی لاقی، ئەوی خستبووە سەر زاری منداڵانی کۆپنهاگ، بەچەشنێك لە هەر ساتێکدا چاوەڕێی مەرگی خۆی بوو و لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا زیندوو بوونی خۆی پیّ سەیر بوو. ئەویش هەروەك کافکا لەوپەڕی خۆشەویستییەکەی نێوانی لەگەڵ دەزگیرانەکەی واتە **ڕۆگینە**، تێکدا و هەرچەند گرینگییەکی زۆری بۆ زەماوەند کردن وەکو مەسەلەیەکی پیرۆز دادەنا، بەڵام بۆ هەمیشە لە یەکەم بەشی سیّ قۆناغەکەی خۆیدا مایەوە.

فۆرمی ژیانی هەردووکیان ڕەمزاوی بوو و تەمەنی کورتیان تاڕادەیەك لە نەناسراویدا کۆتایی پیّ هات، بەم جیاوازییە کە عادەتی ڕەمزاوی بۆ کییەر کگار کە هەوڵی دەدا لە ژیانی شەخسیدا ببێتە عیسای مەسیح، کەمێك لەخۆباییانە بوو. ئەو پێی وابوو کە ئەم جۆرە ڕازە سپێردراوێکی خودایە و پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە هێمای بوونی بۆ ساڵانێکی زۆر دیتران بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا.

ئەم شێوە ڕازە لەگەڵ هێزێکی پێشگۆیی و ڕێژەیەك لە ڕستەی نەستەق کەسایەتییەکی شێوە پێغەمبەرانەی بەهەردووکیان بەخشیبوو. بەم

جیاوازییە کە کافکا پێی وابوو تواناکەی هی هێزێکی وێرانگەرە کە ئەهریمەن پێی بەخشیوە. ئەوە لە حاڵێکدایە، **کییەرکگار** کە بوونی سەرلەبەری پڕ بوو لە ئەشق بەخودا و مەسیح، بەشی هەرە زۆری هێزی خۆی لە پێناو بابەتی پێناسە نەبوونی ئیمان دانا کە بەرهەمەکەی خوڵقانی کتێبی ***ترس و لەرز*** بوو. ئەوان هەردووکیان دوو مرۆڤی خەمین بوون کە ئەگەر جارجار پێبکەنی بووایەن، پێیان سەیر دەبوو و ***مەرگی زانیاری و ترسی زانیاری*** ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەندێشەی ئەوانی پێك دەهێنا.

بەم حاڵە کافکا، بلیمەتی دانیمارکی، واتە سوورێن کییەر کێگاری، بەکەسێك دادەنا کە **وەکو دۆستێك پشتگریی لێ دەکا**. ئەو هەروەها سەرنجی زۆری بەرەو لای داستایۆفسکی، کلایست و بەتایبەتی فرانتس کریلپاتزێر، شانۆنامە نووس و شاعیری ئوتریشیی سەدەی نۆزدە، بەچەشنێ کە جاری وابوو هەوڵی دەدا ساتێك لە ژیانی ئەو زیندوو بکاتەوە. بۆ وێنە لە هەمان هۆتێلێکدا کە ئەو پێشتر لەوێ ببوو و چێشتی دەخوارد، نیشتەجێ بوو. بەم حاڵە ڕەنگە ناباکۆف، ڕەخنەگری ڕووسی هەڵەی نەکردبێ لەسەر ئەوەی کە کافکا زیاتر لە هەموو کەس لە ژێر کاریگەریی فلووبێر دابووە.

فلووبێر سەرلەبەری ژیانی لە هەوڵی ئەوە دابوو کە کتێبێك لە بارەی هیچ بنووسێ و کافکا ژیان و بەرهەمەکانی بەجۆرێکی دیار و تەواو بەئاکام گەیشتووی ئەم ئاواتەی نووسەری ***مادام بوواریبە***. فلووبێر گرینگییەکی زۆری بەنووسین دەدا کە لە بەرامبەر قەیرانەکاندا پارێزگاری لێ دەکرد. نزیك بەوەش کافکا خۆی بەبوونەوەرێکی بێ کەڵك دادەنا و پێی وابوو کە بێجگە لە بۆ کاری نووسین دەبێ بخرێتە زبڵدانەوە. سەرەڕای ئەمانە دەبێ ئەوە وەبەرچاو بگیرێت کە ئەو شتەی کافکای بەنووسەرانێکی وەك داستایۆفسکی، کلاسیت، کییەر کێگار و... نزیك دەکردەوە زیاتر شێوەی ژیان

و بەسەرهاتی ئەوان بوو نەك چوارچێوی ئەندێشەی ئەوان. خاڵی تر ئەوەی کە لە نێوان ئەوانەی کە بەبرای هاوپشتی دادەنان، تەنیا داستایۆفسکی زەماوەندی کردبوو. داستایۆفسکی و فلووبێر هەردووکیان فێیان لێ دەهات، کلایست نەخۆشی جەستەیی، ڕۆحی و خەمۆکیی لەگەڵ بوو و ئاکامی گلایلپارتسر خۆکوژی بوو.

کافکا هەرچەند جەستەیەکی لاوازی هەبوو، بەڵام کەسێکی دەسەڵاتخواز بوو و ڕەنگە ئەگەر زیندوو مابایە، ساڵانی دواتر دڕندەیی نازیسمی بەڕەوا دادەنا و ئەگەری ئەوەش هەبوو کە کەسایەتیی حاشاهەڵنەگر و ئیرادەی پتەوی هیتلێری ستایش دەکرد و بەگومانێکی زۆرەوە کافکا لەم بابەتەدا نەستکردانە لە ژێر کاریگەریی فەیلەسوفی مەزنی نهیلیستی خۆی فرێدریش بوو. سەرەڕای دەسەڵاتخواز و کاریگەرییەك لە بواری ئابسۆرد دەتوانین تەواوی بەرهەمەکانی کافکا بەدەرکەوتی ئەم ڕستە بەناوبانگەی نیچە بزانرێ: ***مەسەلە گرینگەکان لە مەسەلە ئاساییەکانن***.

ئەو هەروەها لە نێو فەیلەسووفاندا سەرنجی بەرەو لای پاسکاڵ بوو و تەنیا لەبەر نووسینی کورتە ڕۆمانی مەرگی ئیوان ئیلیچ، ڕێز بۆ تۆلستۆی دادەنێ. هەروەها هۆگری شانۆنامە نووسی مەزنی سەدەی نۆزدە، واتە ئەگوست ستریندبێرگ بوو کە بەخەستی ئینگمار بێرگمان فیلمسازی خاوەن شێوازی سویدیی هۆگری خۆی کردبوو. ئەم هۆگرییە قورسە لە هاوبەشیی خوێندنەکەیان لەگەڵ ستریندبێرگ و ئەگەری زۆری هاوسانیی هەردووکیانە لەوەی کە نەیاندەتوانی لەگەڵ ژنان پەیوەندی ساز بکەن کە دواتر بێرگمان ئەم کەم هێزییەی لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی هونەرمەندانە وێنا کرد.

ستریند بێرگ لە ڕۆچوون بۆ کەلێن و قوژبنەکانی بوونی مرۆڤ وەکو شەکسپییر و ئیبسێن توانایەکی زۆری بوو و کافکا لە هەوڵی ئەوە دابوو کە ستریند بێرگ ئەو وەکو منداڵێك لەسەر دەستی چەپی دادەنێ.

## کافکا، ئازار و نەخۆشی

*مرۆڤانێك هەن كە هەست بەئازار ناكەن*
*بەڵكو لەگەڵی دەژین.*
*بێرگمان*

ژیانی کافکا هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی لێك جیا نەبوو لەگەڵ ئازار، خەم و تەنیایی بوو. ئەم ئازارە لە لایەکەوە بەرهەمی زەینی نەخۆشی کافکا بوو و لە لایەکی ترەوە دەگەڕاوە سەر بارودۆخی جەستە و ڕواڵەتی ئەو. کافکا وەکو زۆربەی مرۆڤە بلیمەتەکان بە منداڵی کەسێکی سەربەرەوژێر بوو و کەوتبووە بەر لێدان و بێجگە لە شڵەژاویی دەروونی و لاوازیی بەردەوامی دەمار، تا ئووتی ساڵی ١٩١٧ هیچ نەخۆشییەکی مەرگاوی، هەڕەشەی لێ نەدەکرد.

چارەڕەشیی سەرەکیی کافکا ئەوە بوو کە باوەڕی بەدنیای ئەوپەڕی ئەو دنیایە بوو، دنیایەك كە بێجگە لە ژان و خەم شتێکی تر نەبوو و کافکا لە نەبوونی ناخۆشییەکان کە گەمارۆی دابوو ناهومێدانە بۆ دۆزینەوەی کەمێك ئەرخەیانی و دڵمەندی هەوڵی دەدا. کاریگەریی ئەم دنیایە لەسەر زەینی ئەو، بەچەشنێك بوو کە کافکای کردبووە بوونەوەرێکی مۆتەکە ئاسا، بوونەوەرێك بنسێیەکی لاواز و کەم خوێن کە بۆ خۆی زیاتر لە هەموو کەسێکی تر نەفرەتاوی تر بوو و شێتانە بیری لە ئاواتی وێران بوونی بەتەواوی دەکردەوە.

ئەو لەوە کە لە بەراورد لەگەڵ دیتران بوونەوەرێك سست، لاواز بوو، نەیدەتوانی خاوەن بڕیار بێ و هەڵبژاردنی هەبێ و باوەڕ بەخۆ بێ، ئازاری دەدی. ڕەنجێك کە لەبن نەهاتوو و بەرفراوان بوو؛ چونکە هەر لە سەرەتاوە لە دەروونی ئەودا گەشەی کردبوو و لە ڕاستیدا گرینگترین ڕەگەزێك بوو کە

ناسینی و وەسفی نووسەری چیکی، تا ڕادەیەکی زۆر هاسان کردبووەوە و دەڵێی کافکا بۆخۆی هەڵی بژاردبوو و بەچەشنێك دەتوانین بڵێین ئەم مەیلە نەخشانەیە بۆ ئازار و تەنیایی لەو بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە و دژوازی پێك هێنا بوو کە بەهاسانی نەدەکرا ئامازە بەخواست و هۆگری و باوەڕەکانی بکرێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە بەهیچ چەشنێ کافکا و بەرهەمەکانی ناکەونە نێو پۆلین بەندییەکی تایبەتەوە و لە بنەڕەتدا گەورەترین هۆی هەرمانی ئەو ئەوەیە کە کەوتووەتە ئەوپەڕی هەرچەشنە بابەت و چوارچێوەیەکەوە. لە لایەکی ترەوە هەرچەند زانیاری سات لەگەڵ سات لەسەر ژیانی کافکا هەیە، بەڵام دەڵێی کەسایەتیی ئەو لە ژێر توێیەك لە راز، نیهان بووە و هەمیشە بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە دەست پێی ڕاناگا.

کافکا بۆ خۆی پێی خۆش بوو کە بەنسێیەکی ببینن نەك بوونەوەرێك کە گۆشت و خوێن و ئێسکانی هەیە. ڕەنگ بێ هەر لەبەر ئەمەیە کە دوای تێگەییشتن لە خۆشییە وێرانگەرەکەی لە ساڵی١٩١٧ گۆرانێکی ئەوتۆ لە هەڵسوکەوت و ئاکاریدا بەرچاو ناکەوێ. دەڵێی کەسایەتی کافکا بەچێوەیەکی لە پێشدا داڕێژراو پێگەیووە و لە بنەڕەتدا **بوون بەشتێك** بۆ ئەو گاڵتە بوو و وێدەچوو کە نەدەسەلمێندرا. ئەو *لە نامەیەکدا بۆ فلیسە* دەنووسێ: ***مەسەلەکە ئەوەیە کە من لەگەڵ خۆم ئاشت نابمەوە، من قەت هیچ نییم و ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت ببم بەشتێك لە تۆڵەیدا چەندین مانگ هیچ دەمێنمەوە.***

سەرانسەر ژیانی کافکا چەند ڕووداوێکی سادە و ئاسایی گەماڕۆی داوە و هەر ئەم مەسەلە بچووکانە، وەها زەینی ئەویان سەرقاڵ کردبوو کە زۆر هەست بەکارەساتێکی گەورە وەك شەڕی یەکەمی جیهانی ناکا و لە بەرامبەریدا تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگ دەبێ. تەنانەت بڕیاری ئەو بۆ بەشداریکردنی لە شەڕدا زیاتر لەبەر مەسەلەی شەخسییە نەك هەستی نیشتیمانپەروەری و کۆمەڵایەتی.

کافکا لە شوێنی لە دایکبوونی، واتە پراگ هەر بەڕادەی شارەکانی تری ئەوروپا لە پراگ ڕای دەکرد. بەواتایەکی دیکە، دەتوانین ئەو بەنموونەیەکی بچووك لە **جوولەکەیەکی سەرگەردان** بزانین، هەر بەو جۆرەی کە لیوتار گوتویەتی: ***لە نێو خەڵکی چیکدا، ئالمانی بوو، لە نێو ئاڵمانییەکاندا جوولەکە و لە نێو جوولەکاندا بەتەواوی جوولەکە نەبوو.***

لە لایەکەوە ئەو نە فەیلەسووف بوو نە ریفۆڕمخوازی کۆمەڵایەتی کە بیەوێ پێش بەهەڵگیرسانی شەڕ بگرێ و یان بیەوێ پێش بەشەڕ بگرێ. چونکە وێدەچوو، بڵێسە هەڵگیرساوەکانی ناخی ئەو کەمتر لە بڵێسە وێرانگەرەکانی شەڕ نەبوو. لە ڕاستیدا کێشەگەلی ڕۆژانە، بەڵام گرینگن کە ئەو نە دەیتوانی لەوان ڕابکا و نە بەویستی خۆی دەیتوانی لێیان جیا بێتەوە. لە **نووسینەکان** دا نووسیویەتی: ***ئەگەر گوێ یان لێوێکم نەدەبوو، یان پەراسویەکم نەدەبوو یان سەرم وەری بوو نەیدەتوانی لەگەڵ ناتەواوی دەروونیم خۆی بەراورد بکا و هەڵبەت ئەم کەموکوڕییە بەهەمووی مەزنییەکەی بەچەشنێ نییە کە ببێتە هۆی چاوپۆشی کردنی کافکا لە کەموکورتییەکانی دنیای دەرەوی بێ.***

سەرەڕای ترسی لێڵیی کافکا لە بەرامبەر دنیای دەرەوە و شەرمێکی سامناکی کە بەش بە بەشی بوونی ئەوی پێکەوە پەیوەند دابوو و هەروەها مەیلی نەخۆشانەی ئەو بەتەنیایی و هێمنییەك وەکو مەرگ، لاوازیی جەستەی کافکا، ڕاستییەك بوو کە هیچ کات نەیتوانی بۆ ساتێك چاوپۆشی لێ بکا. ڕەنگە بتوانین هەر ئەم لاوازیی ڕواڵەتییە، بەگرینگترین هۆکار لە سەلماندنی لاوازی ئیرادەیی، بچووك دانانی خود و باوەڕ بەخۆ نەبوون دابنێین. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: ***جەستەی لە بەراورد بارودۆخێك کە هەیەتی لە ڕادەبەدەر درێژە و نەختە چەورییەکی بۆ بەرهەمهێنانی کەمێ گەرمای دڵخوازی بۆ ڕاگرتنی ئاگری ناخم نییە.***

لە نووسینەکانی دا باسی ئەو ڕۆژە خۆشانە دەکا کە لەبەر شاردنەوەی

جەستەی خۆی ناچار دەبێ تا ئێواران بچێ بۆ سەیری مەلەکردنی خەڵکی و ئەوەی کە: ***لە حەمامدا وەکو هەتیوێك بەزەییان پێمدا دێ.***

ئەو لەوەی کە هیچ سیمای نابێتە پیاوانە و لە بیست و هەشتساڵیدا وەکو هەژدە ساڵانێك دێتە بەرچاو و هەروەها لەو دەنگەی کە بەپێی بۆچوونی ماکس کەمێك لە کچانە دەچوو، ئازاری دەدی. هەمووی ئەمانە دەست بە دەستی یەکتر دەدەن تا لە کافکا، بوونەوەرێکی سست و کەمدوو و خەمۆك دروست بکەن. بوونەوەرێك کە لە هەر دەرفەتێك بۆ پەنابردنی بەتەنیایی حەتمیی خۆی کەڵك وەردەگرێ و جار لەگەڵ جار تەسلیمی کەلەبەری زیاتری نێوان خۆی و دیتران دەبێ. کەلەبەرێك کە لە ئاکامدا دەبێتە ***دیوارێك لە ڕێزێك کێو و یان تەنانەت دەبێتە گۆڕێك.***

کافکا هیچ کات نەیتوانی ئەم دیوارە بشکێنێ یان بچێتە ئەوبەری دیوارەوە. تەنیاییەکی خواستراو کە ترسی لە کیسدانی ژیانی کورتی کافکای دەکردە تراژیدییەك و ئەمەش بێگومان و تەنانەت زیاتر لە دژایەتییەکانی باوکی، گەورەترین لەمپەر بوو بۆ زەماوەند لەگەڵ ئەو. کارێ کە بەتەواوی پێی خۆش بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە خۆ بەشیاو بۆ ئەم کارە نەدەزانی و لەلایەکی ترەوە پێی وابوو کە ئەم کارە بەچەشنێك بەرەو ڕووخان و وێرانیی دەبا. هەر لێرەدایە بێ ئەوەی بۆ خۆی ویستبێتی بۆ چەند ساتێك دەکەوێتە نێو جەرگی ئیگزیستانسیالیستەکانەوە، مرۆڤێك بەئاگادار بوون لە کەموکووڕییەکان و نەبوونییەکانی خۆی، دەیەوێ بیانکاتە توانایی بۆ نووسین. لەوانە ئاگادار بوون لە نەخۆشییەك کە بۆ خۆی دەزانێ کە چارەسەر نابێ، بەڵام ئەمەش نەك بەکۆتایی بەڵکوو بەواتای دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و بوارێك لە سەرووی گشت بوارەکاندا دادەنێ. هەروەها ئەو هەم بەواتای هەبوون و هەم بەواتای ڕاستەقینە و هەست پێکراو لە وشەی مەرگ تێدەگا و بەتەعبیری ئیگزیستانسیالیستەکان: **مرۆڤێکە بەرەو مەرگ.**

بۆ خۆی پێی وایە کە ئەم حاڵەتە لە سەرەتادا چەشنێك لە خۆ بەنە

خۆشدانان بوو و دواتر نەخۆشیی ڕاستەقینە تووشم بوو. بەئاسانی دەتوانین دەسەڵاتی ئەو بابەتە، واتە مەرگ و نەبوون لە کارەکانیدا ببینین، هەر بەو چەشنەی کە دزەی کردبووە نێو ژیانی کافکاوە.

کافکا خۆی بەبوونەوەرێکی تەواو زیندوو دانەدەنا، بەڵکو پێی وابوو کە ئاوێتەی مەرگ بووە، هەر لەبەر ئەمە زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانە هەستی بەنامۆیی دەکرد کە بەتەواوی سەرزیندوو بوون و باوەڕیان بەژیان هەبوو، هەرچەند کە ئێرەیی پێدەبردن. لە یەکێك لەنامەکانیدا نووسیویەتی:

***من ناتوانم لەگەڵ خەڵك بژیم و بەتەواوی لەخزمانم بێزارم. نەك لەبەر ئەوەی ئەوان خزمی منن، نەك لەبەر ئەوەی خراپن و نەك لەبەر ئەوەش کە من بەباشیان نازانم، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەوان خەڵکانێکن کە من لە نزیکەوە لەگەڵیان دەژیم.***

ئەوەی کە ئەو وەکو زۆربەی نووسەران دیوارێکی پتەو لە دەوری خۆیدا هەڵدەچنێ سەیر نییە. ئەو شتەی کە بەتایبەت لەسەر کافکا گرینگە ئەوەیە کە ئەو هەرچەند مرۆڤی زۆر خۆشدەوێ ناچارە لەوان دوور بکەوێتەوە. پرۆمتەیەك کە شەرمەزارە لە نێو مرۆڤەکان و لە هەمان کاتدا دوور لەوان دەژی.

ئەگەرچی بەتوانایی خۆی لە بابەت نووسین و هەروەها ***شیاویی خۆی بۆ وەسفی هەڵدێردرانی مرۆڤەکان*** دەزانێ، بەڵام مەیل بەجیا بوونەوە لە دنیای دیتران، ڕەوتی هەست بەتوانایی خۆی نییە، بەڵکو ***چەشنێك ناچاری*** و وەخۆگرتنی ئەرکە *نەك دەسکەوت* و چێژێك. ئەو بەپێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندانی چاخی خۆی بەچاوی خێڵێکی گەمژە و بوونەوە*رانێکی* بەمێشکی *پڕ لە کا*، بەڵکو بەچاوی بوونەوەرانێکی ساغ و سەرزیندوو کە بەتەنیا نابێ سەرکۆنە بکرێن بەڵکو بۆ ستایش دەبن، سەیر

دەکا. لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ بێ باوەڕیی ئەو بەخۆی، کە ئاوێتەی ترسە، جێیەك بۆ نەفرەتکردنی لە دیتران ناهێڵێتەوە. هەروەها زیاد کردنی ئەو بابەتە ڕەنگە زۆر بێجێ نەبێ کە کافکا لەو نووسەرانەیە کە بۆ هەمیشە بەمنداڵی دەمێننەوەو تایبەتمەندیگەڵێك وەك بەستەزمانی، ترس و ئێرەیی بردن هیچ کات لێی دوور نابنەوە و لە زۆر شوێندا ئەولاتر دەڕوا و لە ڕواڵەتدا تووشی دژوازی دێت و ڕەنگە لەبەر ئەمەیە زۆر سەیرە کە مەیل بۆ هەرمانی، هیچ کات بەشێوەی شەخسی لەودا گەشە ناکا. بەڵکو بەپێچەوانە پێی خۆشە کە هەمیشە لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا بێ هۆگرییەکی ئەوتۆی بۆ بەجێ هێشتنی شوێنەوارێکی گەورە لە جیهان نییە. ئەو لە **نووسینەکان** دا نووسیویەتی: ***تەنیا شادیی من ئەوەیە کە هیچ کەس نازانێ لە کوێم و بریا بمتوانیبووایە هەر ئەمە تا هەتایە ڕابگرم،*** ڕەنگ بێ لە نێو لێکدانەوە جۆراوجۆرەکاندا، لەسەر ویستی کافکا لە بروودیی هاوڕێی، بۆ لەناوبردنی بەرهەمەکانی بتوانین ئەم تێگەیشتنە سادەیە جێگیر بکەین واتە مەیلی نەخۆشانە و نائاسایی بۆ بێ ناوی و **بێ بەرهەم بوون**.

بەواتایەکی تر، کارەسات هەر لە سەرەتاوە لە کافکادا خۆی گرتبوو. ئەو نەیویستبوو **ببێ** بەڵام ببوو، واتە بەبێ ئیختیار لە دایك ببوو و ئەندێشەی ئەو بۆ لەناوبردنی ئەم بوونە لە تەمەنی ٢٩ ساڵانیشدا بەئاکام نەگەیشتبوو، بەم حاڵە خۆکوژی وەکو دەرکەوتی ئیرادەی مەزن کە بۆ خۆی نەیبوو ستایشی دەکرد.

مەیلی خەست بەبێ ناوی و ***لەناوچوون*** بەشێوەیەکی وێرانگەر سەرلەبەری بوونی کافکای گەمارۆ دابوو و مۆتەکەیەکی لەودا دروست کردبوو کە لە گەرما ڕای دەکرد و لە ڕووناکاییدا گیانی دەدا. بەرەنجام ئەوەیە کە لە ڕاستگۆیی داوای کافکا لە بروود بۆ سووتاندنی تەواوی بەرهەمەکانی، هیچ گومانێك نییە و هەڵبەت بە مرۆڤێك کە لە درێژەیی

ژیانی، هەمیشە لە بەختەوەری ڕای دەکرد بەدوای ئازارێکی ڕەسەن و هەرمانەوە بێ ئاواتی لە ناوچوونی تەواو زۆر بەدوور و نامۆ نەبوو و بەسەرنجدان بەدەسەڵاتی هیتلێر و خواستی سڕینەوەی جوولەکان، ئەگەر ماکس بروود لەم بابەتە تایبەتە مەرجی دۆستایەتیی بەجێ هێنابووایە، ئەگەری زۆر بوو کافکا بە دوایین و قووڵترین ئاواتی دەگەیشت.

ئەم خواستە بۆ بێ ناوی و فەرامۆش بوونە، ڕاست بەواتای چوونە ئەوپەڕی بوارەکانی مرۆڤییە دەنا لە سروشتی هەموو کەسێك مەیل بۆ هەرمانی، بەشێوەیەکی تەواو دیار و بێ ئەملا و ئەولا هەیە و لە ڕاستیدا زۆرینەی کردەوەکانی مرۆڤ بەبێ بەرچاوگرتنی ئەوە واتای خۆی لە کیس دەدا و ئەم مەیلە لە کافکا لە ڕواڵەت، ئاکار، هۆگری و ئاواتەکانیدا لە چاو دیتران جیاوازە. ڕاست بەپێچەوانەوە، هەنگاو هەڵدێنێتەوە و ڕەنگە ئەوەش لە هەستی خۆ بەکەمزانیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئاماژە بەم خاڵە پێویستە کە هەست نزمیی کافکاش وەکو باقیی هەستەکانی تری دەبێ بەبابەتێکی **وجوودی** دابنرێ نەك دەروونزانی و کاتێ کافکا لە مەراسیمی زەماوەندی خۆشکیدا هەموو میوانەکان بەسەرتر لە خۆی دەزانێ، ئەمە نابێ تەنیا بەمەسەلەیەکی دەروونی دابنرێ بەڵکو دەبێ بەدیدی **ئیگزیستەنس** بخوێندرێتەوە. بەواتایەکی تر دەبێ بگوترێ کە کافکا شرۆڤە نەکراوە بەڵکو دوور بووەتەوە، چونکە ئەو لە خۆیدا گومانی هەیە و زیاتر لەسەر نسێ بوونی خۆی داکۆکی دەکا نەك وەکو سێبەر بوونی و هەر ئەم مەودایە ژێدەری تەواوی کەموکوڕییەکان و نەبوونییەکانی کافکا و بۆشاییەکی گەورەیە کە وێناچێ بەزەماوەندکردن، پێکهێنانی بنەماڵە، بوون بەباوك و تەنانەت بەنووسینی کتێبی گرینگ و نائاسایی پڕ ببێتەوە. لەبەر ئەمە کۆنتاکتی بەردەوامی کافکا لەگەڵ خۆی دەبێ لەوپەڕی دەروونناسییەوە کە زۆربەی کاتەکان ئەو بەچرووکی دادەنان، لێك بدرێتەوە. کافکا زۆر لەگەڵ خۆی تێکهەڵچوونی نییە، چونکە هەست ناکا کە

هەڵەیەك لە ئافرانی جیهانی یان خۆی ڕووی دابێ و یان ئەوەی كە شتەكان دەیانتوانی بەچەشنێكی تر بن. ئەگەرچی ئەمە بەواتای باشترین سیستم نییە، بەم حاڵە ڕەنگە بتوانین بیخەینە ڕێزی لایەنگرانی جەبر خوازەوە. ئەو لە دوایین نووسینەكانیدا ئاوا ئاماژە دەكا: ***ناتوانم هیچ كارێ بكەم مەگەر ئازار چێشتن. تەنیا ئاسوودەیی دەبێ ئەمە بێ، چ بتەوێ و چ نەتەوێ ڕوودەدا***.

لە دنیایەكدا كە هەموو شتێك بەئاكام گەیشتووە و شكڵی گرتووە و دیاری كراوە، هەرچەشنە ناڕەزایەتی و سەركێشی بێ مانایە و تەنیا كردەوەیەكی ڕاستەقینە هەیە و ئەویش سەرسووڕماو نەبوونە. ئەم دیدەی كافكا بەشێوەیەكی مانادار كاری كردۆتە سەر پاڵەوانی كتێبەكانیشی. بەڵام سەبری ئاوێتەی سەرسووڕماو نەبوونی كافكا، لە شیاو بوونی سەبری ئەیووب پێغەمبەری بەنی ئیسراییل بێ. گشت هەوڵەكانی ئەیووب ڕووەو ئەو خاڵەیە كە لە تاقیكاریی سەختی خودا دا سەربەرز بێ. ئەو بەم خاڵە دەزانێ كە هیچ بابەتێك نییە كە كۆتایی پێ نەیەت. بەڵام بێدەنگیی كافكا بێدەنگییەكی قووڵ و مانادار لە بەرامبەر دەسەڵاتێكی ڕەها كە نایەوێ دان بەبوونی بێنێ. لەبەر ئەمەیە كە لە بەراورد لەگەڵ ئەو، دەست لەسەر كەشی و ناڕازی بوون هەڵناگرێ و لە لایەكی ترەوە بۆ ساتێك ناپارێتەوە.

لەلایەكی ترەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین كە كافكا لە چەند ڕووەوە مەسیحێكە كە درەنگ هاتووە. ئەو وەكو عیسا منداڵێكی بێ تاوانە كە بەر لە ئەزموون كردنی قۆناغی  پیری و بێ ئەوەی لە نێو بنەماڵەیدا بژی، دوای خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ختیی تاقەت پڕووكێن لە وڵاتی نەفرەت لێكراوی پراگ دەڕوا. ئەویش وەكو هاوتاكەی خوازیاری ئازارێكی ڕەسەن و نەناسراو بوو و دەیویست لە مۆتەكەكانی مرۆڤدا بژی بەم جیاوازییە كە كافكا هیوایەكی بەئاسمان و ئازادیی تاهەتایی نەبوو، هەروەها هەر بەو

جۆرەی کە تا بەکۆتا نەیتوانی ئیمان بەمەسیحی ڕزگاری دەر بێنێ و پێی وابوو کە ئەو ڕۆژێك دوای دوایین ڕۆژ دێ، واتە ڕاست کاتێ کە ئیتر پێویستییەك بەهەبوونی ئەو نییە.

ئەو بەجێی خاج جیسمی بەکۆڵ دەکێشا. لەڕاستیدا مرۆڤی بێ زنجیر بۆ کافکا وێنا ناکرێ و لەبارەی خۆی پێی وایە کە: ئەمە ژیان نییە، کێشەیەکە کە لەودا مرۆڤ ئیتر بەردەوام کەندر ڕادەکێشێ، بەڵام هیچ کات ناتوانێ من بکێشێتە ناوەوە.

بەم حاڵە کافکا خۆی بەمرۆڤێکی چارەرەش دانەدەنا و هەوڵەکانی زیاتر بۆ پێزانین بەواتای بەختەوەری بوو، نەك تەنیا دۆزینەوەی ڕێیەك بۆ بەختەوەر بوون.

# زمان و ئەندێشەی کافکا

*ژیانی چرووکی من هێند سادە و ئارامە کە*
*تێیدا ڕستەکان حوکمی ڕووداویان هەیە*
*فلووبێر*

کافکا دووجار داوای لە ماکس بروودی هاوڕێی کرد کە نووسراوەکانی لە ناو ببا، لە پێشدا لە ناوبردنی بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی و دواتر لە ساڵی ١٩٢٤ داوای لێ کرد کە گشت بەرهەمەکانی کۆ بکاتەوە و دواتر لە ناویان ببا. ئەو لە ماوەی ژیانیدا هیچ کات نەیویست کە بەچاوی بوونەوەرێکی ڕاستەقینە سەیری بکرێ و ڕەنگە لەوەی کە وەکو جسمێکی سێ ڕەهەندی پانتایەکی داگیر کردبوو و بەشێك لە سروشتی بەفیڕۆ دەبرد هەستی بەتاوان دەکرد و ئەگەر دوای ساڵی ١٩١٣ بیری لە خۆکوژی نەکردەوە، نەك لەبەر خۆشەویستنی جیهان و مەیل بۆ ژیان بەڵکو تەنیا لەبەر ئەم شێوە بیرکردنەوە تا ڕادەیەك داهێنەرانەیە بوو کە نەیدەویست لە بەرامبەر **هیچ** دا ببەزێ. ئەو پێی وابوو کە خۆکوژی، واتە تەسلیم بوون بەهیچ و ژیانێکی پڕ لە مەینەت و داماڵدراو لە شادمانیی قبووڵ دەکرد. لە لایەکی ترەوە ژیان سەرەڕای هەموو بێ ڕێزییەکەی لەو سەرەوە کە بواری نووسینی دەرەخساند لە هەموو بارودۆخێکدا، لە مەرگ باشتر بوو.

سەرەڕای ئەمانە ناتوانرێ دنیای کافکا بەتەواوی بە نهیلیزمانە دابنرێ و ئەگەرچی لەم دنیایەدا، یاسا کەمترین ڕەنگی هەیە، بەڵام بەتەواوی بێ قاعیدە نییە، قاعیدە گەلێك -ئەگەرچی نادیار- دەسەڵاتی بەسەر جیهانەوە هەیە کە دەستی مرۆڤ پێی ڕاناگا. لەدنیایەکی ئەوتۆدا دیاری کردنی ڕاست و درۆی بابەتەکان، زۆر سادە نییە، چونکە شتێك

بەنێوی ئەمری واقیع کە بتوانێ بابەتەکانی پێ بخوێندرێتەوە بوونی نییە. لەم دنیایەدا هیچ شتێکی گرینگ بەدی ناکرێ و لە هەمان کاتدا ئارەزووی هەموو شتێك دەکرێ. کافکا لە شوێنێکدا نووسیویەتی: ***ژیان لەبەر دەسەڵاتی نایابی بۆ رازی کردن جێیەك بۆ ڕاست یان ناڕاست ناهێڵێتەوە. ڕاست یان ناڕاست لە ساتی ناهومێدانەی مەرگدا بێ مانایە.***

سەرانسەری ژیانی کافکا بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگێکە کە هەر لەسەرتاوە گەمارۆی دابوو و ئەمەش یەکێکە لە جیددیترین هەوێنەکانی بەرهەمەکانی کافکا. زۆرینەی پاڵەوانەکانی بەرهەمەکانی ئەو چارەنووسێکی جگە لە مردنیان نییە و جاری وایە قورسیی کارەساتەکە بەچەشنێکە کە مەرگ لە حوکمی چەشنێکە لە ڕزگاربوون و ناڕەزایەتییەك نیشان دەدا و ئەم کارەساتە بەپێچەوانەی چیرۆکە کلاسیکییەکان، نەك لە کۆتاییی چیرۆکەکە بەڵکو عادەتەن لە سەرەتادا ڕوودەدەن و دە درێژەدا پەرەدەستێنێ. بەم حاڵە ئەو نایەوێ دنیایەکی ***نۆستالۆژیك*** وەسف بکا و لە ڕاستیدا ئەم خەمەیە کە لە نێو بەرهەمەکانی کافکادا شاراوەن. بەرهەمەکانی ئەو لە هەمان کاتدا کە نیشاندەری کارەساتن، هەڵگری تەنزێکی نهێنی و قووڵن. تەنزێك کە لەگەڵ یەك یەکی بەرهەمەکانی ئەودا پەیوەندییەکی لە پسان نەهاتووی هەیە. هەر ئاوایە کە لە هەموو بەرهەمەکانی ئەودا، بەرهەمێکی گەشبینانە بەدی ناکرێ، بەم حاڵە بەپێچەوانەی نووسەرانێك وەك ئێدگار ئالێن پۆ، مەبەستی ئەو هەر تەنیا دنیایەکی سەرسامی نییە و دەبێ بگوترێ سامناکی بەسەر بەرهەمەکانی کافکاوە، لە ڕاستەقینە بوونی دنیای ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. بەچەشنێ کە خوێنەر ئەگەرچی لە خوێندنەوەی یەکەمدا تووشی سەرسووڕمان دەبێ، بەڵام ئەم سەرسووڕمانە لە خوێندنەوەکانی دواتردا هێدی هێدی، جێی خۆی دەدا بەترسێکی نائاشکرا و داخراو، چونکە تێدەگا کە ڕاستەقینەی دنیا لەوە زیاتر نییە کە تێی گەیشتووە.

هەر لەبەر ئەمەیە کە کافکا بەخوڵقێنەری دنیایەکی نوێ دانانرێ. ئەو بۆ ئەوەی کە خوێنەر هەمیشە لە سەرسووڕماویدا بهێڵێتەوە ناچێتە نێو **ڕیالیزمی جادوویی**. لە لایەکی ترەوە ئەگەرچی ئەو جاروبار لە ڕاستەقینەی ئاسایی ئەولاتر دەڕوا بەڵام هیچ کات بەتەواوی لە هەرێمی نەستکردا نوقم نابێ و قەڵەم ڕەها ناکا بەڵکو بۆ وەسفکردنی دیمەنەکانی چیرۆك –تەنانەت لەو شوێنە کە خەیاڵ زاڵە و ڕاستەقینە وەلادەنرێ– بەوەسواسێکی سەیرەوە وەسف دەکا.

مەبەستی کافکا تەنیا گێڕانەوەی هەمووی ئەو شتەیە کە لە زەینی ئەودا تێپەڕ دەبێ نەك دروستکردنی چیرۆکێکی سەرنجراکێش و بەردەنگ پەسند کە ڕووداوەکان بەرەو لووتکە ببا و لەو سەرەوە کە بۆ ئەو هەستی پسکێنەری خوێنەر زۆر گرینگ نییە نیازێك بۆ دروستکردنی ئاڵۆزی نابینێ. ڕووداوکان لە زەمینەیەکی بێ گرێ و ڕێکوپێکدا وەگەڕدەکەون و جاری وایە پێش گەیشتن بەدەرەنجام بەکۆتایی دەگەن و ئەمەش جووڵەیەکە بۆ دواوە و بەرەو نزمی. لەئاکامدا دەبێ بگوترێ کافکا زۆر پێشتر لە پێشڕەوانی سەدەی بیست، بەبێ هەست بەنیاز بە پەروەردەکردنی مورید، زۆر یەك لە ڕێساکانی چیرۆکی کلاسیك لە نووسینەکانی خۆیدا تێك دەشکێنێ و بەبێ ئەوەی واتا قوربانی بکا، تەنیا پەردە لەسەر ئەو ڕاستەقینانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێمەدا ڕوودەدەن لادەبا و لەو کاتەدا کە ئێمە بۆ یەکەمجار لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی ڕووت ڕووبەڕووین بێ باوەڕی سەرلەبەرمان دادەگرێ و دواتر دەترسێین بەڵام نەك ترس لە شتێکی هەست پێکراو کە بسڕدرێتەوە بەڵکو ترسێکی لێڵ کە وێدەچێ چارەسەر نەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە ئەو پرسانەی نێو دنیای کافکا ئەگەرچی دیار و هەست پێکراون بەڵام بۆ ئەوە نابن کە لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر بکرێ. ئەو وەکو بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕووکاری پرسەکان

ڕووبەڕوو نابێتەوە و بەچاوی دیاردەی کۆمەڵایەتی سەیریان ناکا کە بەلێکۆڵینەوە، نموونە وەرگرتن، ئامار و شتی لەم چەشنە بتوانرێ چارەسەر بکرێن. هەروەها لە بۆ چوونی دەروونزانانەی گشتی کە لەگەڵ ڕاستەقینە بەراورد ناکرێ دوور دەکەوێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەو بەفەیلەسووف و تەنانەت فەیلەسووف/ نووسەر وەکو ئونامۆنۆ و یان ژان پۆل سارتر دانانرێ، چونکە کەڵکەڵەی زیاتری ئەو ئەدەبیاتە و نوقم بوون تێیدا بەرێگەیەك بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر ژیان دادەنێ. ئەدەبیاتێك کە لەگەڵ گرینگترین و ڕیشەییترین پرسەکانی مرۆڤ گرێ دراوە و هەر ئەم چەشنە ئەدەبیاتەیە کە کافکا بانگەشەی بۆ دەکا و کە هیچ هۆگرییەکی بۆ نییە بەڵکو تەنیا فۆرمی لێ وەرگرتووە. لە ئاکامدا ڕەنگە بتوانرێ بگوترێ کە کافکا چوارچێوە شکێنەرترین نووسەری هاوچەرخە و لە بنەرەتدا باشترین و سادەترین شێوە بۆ گەیشتن بەکۆیەك و ئەندێشە سوودمەندەکان سەبارەت بەکافکا پێناسەیەکی نەرێنی لەوە. کافکا ئەگەرچی لە ڕیالیزم لادەدا، بەڵام سوریالیست نییە و ئەگەرچی لەگەڵ نەکراندا کێشەیەکی هەمیشەییی هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو نووسەرێکی ڕیالیستی جادووییە. بەهەمان ڕادە دانانی ئەو لە ژێر ناوی سەمبولیزم، زۆر ناڕەوا نییە، چونکە سەمبول لە مەودایەکی ئەگەرچی دوور، واتایەکی دیاریکراوی هەیە کە بەهەوڵ و ماندوو بوون دەست پێی ڕادەگا، ئەمە لە حاڵێکدایە کە کافکا بەرهەمەکانی لە بێ مانابییەکی ڕەهادا، دەخولقێنێ، چەشنێك سەمەرەیی، شێواویی واتایی کە زیاتر تایبەتمەندیی دنیای دوای کافکایە، بەشێوەیەکی پێشگۆیانە لە بەرهەمەکانی کافکادا ڕەنگی داوەتەوە.

دروست هەر لەبەرئەمەیە کە ئەو بەشوێندانەرترین نووسەر لەسەر شانۆی پوچی (Absurd theather)ی سەدەی بیست و بەرهەم گەلێکی وەکو دێوە بچووکی وەك ئادامۆڤ و بێکێت دادەنرێ. لە بەرهەمی ئەم نووسەرانە خەم جیهانیتر دەبێ و تەنزێکی نوێ بەشێوەیەکی دوگم بەسەر

هەموو بەرهەمێکی هونەری دادەکشێ و ڕەنگە تایبەتمەندیی سەرەکیی گشت ئەم بەرهەمانە لە ڕاکردن لە ئەقڵ و سڕینەوەی مەنتیق دابێ:

***پیاوێك کە لە چاوەڕوانیی گۆدۆی بێکێتدا هیچ کات نایەت و وتەبێژێك کە لە کورسییەکانی ئوژێن یۆنسکۆدا دێ، بەڵام کەڕ و لاڵە. هەروەها لە مانۆرە گەورە و بچووکەکانی ئادامۆڤدا، پیاوێك دەبیندرێ کە ئەندامەکانی جەستەی یەك لە دوای یەك لە کیس دەدا و قوربانی ئەو فرمانانەیە کە لە دەنگێکی نەناسیاودا بەو دەگەن.***

لە باقیی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەم لە بەرهەمەکانی کافکا و هەم لە بەرهەمی شانۆنامە نووسانی قوتابخانەی پووچیدا، دەبیندرێن، بێ شوێنی ئەم بەرهەمانەیە کە ژیل دۆلۆز بەبنچینەی هونەری مۆدێرنیان دادەنێ. دنیایەکی نادیار لەگەڵ زنجیری زەمینی و ئاسمانی کە لە دەرەوە و ناوەوە مرۆڤیان بەستووەتەوە و هەوڵە نزمەکانی مرۆڤ لە نێو گشت ئەم زنجیرە نادیارانە، بەڵام ڕاستەقینە بەشێکی دیکە لە نۆستالۆژیای هەمیشەییی بەرهەمەکانی کافکان.

لەبەرئەمەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکانی کافکا زیاتر بەدوای نەختە ئاسایشێکەوەن نەك ئازادی. چونکە بۆ ئەوان قەفەز حەتمییە و ناتوانی خۆی لێ لادەی. ئەوان وەکو پاڵەوانێ کتێبی "حریم"ی فەکنێر، بەدوای گردێگی ڕوو بەخۆرن کە تەنیا بۆ چەند چرکەساتێك لە هێمنی و گەرمای هەتاو چێژ وەربگرن. ئەوان مرۆڤ گەلێکی تەواو ئاساییـن کە بەدوای ڕاستەقینە و بابەتێکی ئاسمانییەوە نین، ئەم پرسانە تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش نایەنە زەینیانەوە. ئەو مرۆڤانەی کە لەوپەڕی سەرلێشێواوی، تەنیایی و داڕمان دان، لە سادەترین غەریزەکانی خۆیان چاوپۆشی ناکەن و لە ناهومێدیی تەواودا، هیوا گەلێك هەرچەند بچووك و چرکەساتی، ئەوان بەرەو پێش دەبا. مرۆڤ گەلێکی بچووك کە لە دنیایەکی زۆر بچووکدا، هیچ کات سنووری خواستە ئاساییەکانی

خۆیان نابەزێنن و بەخۆبەخت کردن و لە خۆبوردوویی و هەرچەشنە هەستێکی مرۆڤدۆستانە نامۆن. بوونەوەر گەلێك کە نەدەتوانن بە تەواوی ئاشق بن و نەدەتوانن بەتەواوی نەفرەت بکەن.

لە دنیایەکدا کە ڕەنگ و دەنگەکان واتای خۆیان نامێنێ و هەموو شتێك خۆڵەمێشی دەنوێنێ، و شتەکان بەشێوەی گونجاو لێك جیاواز نین هەموو شتێکی سادە دەتوانێ لە حوکمی تاوانێك بێ کە سزایەکی زۆر قورسی هەیە. لە ڕاستیدا لە نێوان قورسایی تاوان و ڕادەی سزا، پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە. بەچەشنێ کە دەتوانرێ بگوترێ ئەو تاوانانەی بەواتای سوننەتیی وشە، کەمتر لە تاوان دەچن، سزای زۆر قورستریان هەیە و پێویست ناکا کە تاوانبار بەپێچەوانەی قاعیدەکان بجووڵێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕێسا و چوارچێوەیەك لە گۆڕێدا نییە. لە وەها بارودۆخێکدا هیچ شتێك ناتوانێ سەیروسەمەرە بێ و هەرچەشنە هەوڵێك بۆ ڕاکردن و بەرگری کردن لە خود و هەرچەشنە سەرکەشی و دان پێدانانێك بێ مانایە. خودا وێنایەکە کە بێدەنگییەکەی سەرانسەری جیهانی داگرتووە و مرۆڤ زیاتر لە هەموو کاتێك پێویستی پێی هەیە، چونکە *زیاتر لە هەموو کاتێکی تر تەنیا و ناهومێدە و دەترسێ*. بێجگە لەوە بۆ خۆی بەتەنیایی ناتوانێ ئەم بێدەنگییە بشکێنێ. بەڵام بەتەنیایی و بێ هیوابوون لە دەسکەوت لە هەموو کاتدا شەرمەزارە و تاوانبارە و هەوڵی ئەو بۆ ڕاکردن لە ژێر قورسایی تاوان، کارێکی پووچ و کرچوکاڵ و گاڵتەجاڕییە.

بەم حاڵە ناهومێدیی کامڵیش قەت نییە و لەم ڕووەوە کە مرۆڤ شەرمەزاری نائارامیی ئەبەدییە، هەر بەو چەشنەی کە فەیلەسووفی دانیمارکی سوورێن کیێرکێ گار، پێی وایە کە هیوای ڕاستەقینە تەنیا کاتێ مرۆڤ ڕزگار دەکا کە هیوای زەمینی لە کیس چووبێ.

# کافکا وەکو نووسەر

*ئەمە کافکا بوو کە فێری کردم بە*
*چەشنێکی تریش دەکرێ بنووسین*
*مارکێز*

تەنیا گەشبینی لە ژیانی کافکا کە هیچ کات بەتەواوی پێی پووچ نەبوو، کتێب و نووسینەکانی بوون. کافکا نووسینی بەچەشنێك پەرستن دادەنا کە ئیمان و هێز و متمانەی پێدەدا. هیچ کات لە نووسین ماندوو نەدەبوو، چونکە بەویستی خۆی نەچوو بوو بۆ لای بەڵکو جەبر بەنووسین ئەوی لە هەلومەرجێك خستبوو کە بێ پسانەوە ڕێکوپێك و بەبێ سەرنجدان بەلایەنی جوانی ناسیی ڕواڵەتی دەینووسی.

کافکا لە دنیایەکی بێدەنگ و سارد، ڕسکا بوو و بەبێ سەرنجدان بەواتاکان و ئەندێشە مەزنەکان، سەبارەت بەدنیای خۆی و دەورووبەری خۆی دەینووسی، دنیایەکی بچووك هاوڕێ لەگەڵ پرسگەلێك کە لە یەکەم دیددا گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام بەتێڕوانینێکی قووڵ دەتوانین بەم گوتە دانسقانەی فەیلەسووفی ئالمانی فرێدریش نیچە بگەین کە: ***گەورەترین پرسەکان ساناترینن*** و هونەری کافکا لەوەدایە کە لەم بابەتە سادانەی، نۆستالۆژیای مرۆڤی داڕشتووە، نۆستالۆژیای ئینسانی کە سەرگەشتە و شکست خواردووە بەڵام ناهومێد نییە. تەنیا لەبەر ئەوە کە ناتوانێ ناهومێد بێ. ئەو تێمان دەگەیەنێ کە بەبێ بەراوردکردنی خودا لەگەڵ مرۆڤ لانیکەم بەشێوەی ڕاستەخۆ-ش تراژیدیا دەخوڵقێ و لەلایەکی دیکە، تراژیدیا دەتوانێ بەچەشنێ بێ کە بەردەنگ وە پێکەنین بخا.

کافکا دنیای بچووکی خۆی لە غیابی خودا و بەبێ سەرنجدان و جاری واشە بەگاڵتەکردن بەمەسیحی ڕزگاریدەر دادەرێژێ. بۆ داستایۆفسکی هەموو شتێك لە گرەوی پرسی حەیاتیی بوون یان نەبوونی خودا دایە. لەبەرئەمە و هەرچۆنێ بێ (جاری وایە بەشێوەی گفتوگۆیەکی سادە و جاری واشە بەکەمێك پێچوپەنا و شاراوەیی)، ئەم بابەتە لێك دەداتەوە. بەبۆچوونی کافکا، بەڵام ئەگەر دنیا بەشێوەیەك بێ کە لەودا هەموو شتێك بووری هەیە جیاوازییەکی وەهای نییە. لەم ڕووەوەیە کە شیوەنی نەبوونی خودا ناکا. تەنانەت وەکو ئیگزیستانسیل لیستانێك وەکو سارتر و کامۆ، نایەوێ خودا ڕەت بکاتەوە، بەڵکو بەهەڵوێستی بێدەنگی کە زۆر دڵڕەقانەترە، سەرنجی بابەتەکە دەدا. چونکە وێدەچێ بەپێی قاعیدەیەکی گشتی ڕەتکردنەوەی هەموو شتێك، بەچەشنێك قبووڵ کردنیەتی.

بەم حاڵە بەهاسانی ناتوانرێ ئەو لە ڕێزی ئەوانەی کە بیر لە بێ خودایی دەکەنەوە دابنرێ. ئەو ئەگەرچی دەزانێ کە لە هەمان کاتی بێ باوەڕی بەگەڕان بەدوای هێمنیدا گەڕان، کارێکی هیچ و پووچە، بەڵام کەللە ڕەقانە و بەشێوەیەك پێداگری دەکا و بێدەنگیی دڵڕەقانەی خۆی تا سەر درێژە پێدەدا.

بێ باوەڕیی کافکا لە سەرخان-دا نامێنێتەوە. ئەو بۆ ڕۆچوون بەقووڵاییەکاندا، بەرەو خەیاڵ دەڕوا، بەچەشنێ کە ڕەنگە بگوترێ بەرهەمەکانی ئەو زیاتر لە هەموو کەسێکی تر مۆتەکە لێدراون. لەو لایەی ترەوە کافکا، باوەڕی بەتیۆری دڵڕەقانەی **تێپەڕبوون لە مرۆڤ** نییە بەپێچەوانە جاری وایە تەنانەت بەتامەزرۆییەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام ئەم سەرچاوەیە تایبەتە بەتاکی مرۆڤی نەك کۆمەڵگا. لەلایەکی ترەوە ئەو نایەوێ لە مرۆڤ شاکاری سروشت دروست بکا، پاڵەوانێك کە لە بەرامبەر خودا سەرکەشی بکا و نەسازێ. مرۆڤ لە بەرهەمەکانی کافکادا، بەکەڵکەڵە بچووك و ئاساییەکانی خۆیەوە، مانای دەبێ نەك بەکاری نائاسایی. ئاواتە مەزنەکان و سەیرکردنی بابەتی پیرۆز

سروشتییه که بۆ بوونەوەرێکی حەبس بوو تووشی سەرقاڵبوون بەجووڵە غەریزی و شێواوەکان، باشترە تا بیرکردنەوە لە چەمکە مەزن و ئاسمانییەکان. لە ڕوانگەی کافکاوە وێناکردنی مرۆڤی بێ خودا (بریدیایێڤ)، نەتەنیا دەکرێ بەڵکو ئەگەری بەختەوەربوونی مرۆڤێکی ئەوتوش بەتەواوی پووچ نییە، هەرچەند کە ئەم بەختەوەرییە زۆر دەست پێ ڕانەگەییو بێ.

بەگشتی دەبێ بگوترێ کە کافکا چەمکە گشتی و سەڵتەکانی لە پەراوێز داناوە و لەسەر شتە سادەترەکان لێکۆڵینەوە دەکا، ئەویش کەمێك مەودا و شاراوەیی. ئەو بۆ خۆی دان بەم بابەتە واتە سەرلێشێواو هێنەریی بەرهەمەکانیدا دادەنێت، چونکە ئەگەرچی هیچ کات بەتەواوی لە دنیای ڕاستەقینە دانابڕێ، بەڵام بەرهەمەکانی وەها خەیاڵاوین کە بەدژواری دەتوانرێ بەواتایەکی دیاریکراو لەواندا بگەین.

بەواتایەکی تر، بایەخی بەرهەمەکانی کافکا زیاتر لە هەموو شتێك لەم خاڵە گرینگە، واتە شکاندنی سنووری نێوان ڕاستەقینە و خەیاڵدا دەبیندرێ، بەرهەمگەلێك کە ئەگەرچی دواتر لە فیلمەکانی سینەماکارانێکی وەك فێلینی، بونوێل و تارکۆفسکیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەبوو بەڵام لە نێو نووسەراندا کەسێك نەیتوانی زیاتر لە نووسەری چیرۆکی مەسخ هەنگاوبنێ. تەنانەت نووسەرانی قوتابخانەی ڕیالیزمی جادووییش هەرچەند بەپێی دان پێدانانی خۆیانی شوێنی شێوازی کافکایان لە سەرە لە ڕووی قووڵی و ڕاڤەکردنەوە لە پلەیەکی نزمتردان.

بێجگە لەوانە پێچوپەنا لە بەرهەمەکانی کافکادا بەئانقەست و هەستکردانە نییە، بەڵکو زاتەن وان و لە چیرۆك گەلێك مۆتەکە ئاسا لەگەڵ پاڵەوانی مۆتەکە لێدراو چاوەڕوانیی زیاتر ناکرێ. لەبەر ئەمەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەتادا لەگەڵ هەر کام لە بەرهەمەکانی کافکادا، شتێك بێجگە لە سەرگەشتەیی و سەرسووڕمان بەخوێنەر ناگا. سەرسووڕمانێك کە بەبۆچوونی کامۆ، نووسەری فەرانسەیی زیاتر لە

هەموو شتێك بەرهەمی سەرسووڕماو نەبوونی پاڵەوانەكانی كتێبەكانی ئەوە و لە هەر جار خوێندنەوەی بەرهەمەكانی كافكا، دەسكەوتی بەردەنگ، شتێكی نوێیە كە بەهاسانی پێناسە ناكرێ و نیشان نادرێ. شتێك وەكو ئیشراق و ئاواڵەیی كە ڕەنگە رازی هەرمانی كافكا زیاتر لە هەموو شتێك لەم خاڵەدا شاراوە بێ.

ژیان و كەسایەتیی كافكاش هەروەك بەرهەمەكانی نموونەی تەواوی *دەقی ئاواڵەن*. ئەو هاوڕێ لەگەڵ هاوبیری مەزنی خۆی نیچە لێوەشاوترین پەیام هێنەرانی نهیلیزمی سەردەمن. كافكا سیلە لە قورسترین فۆرمی نهیل (هیچ) دەگرێ و قووڵی دەكاتەوە و بەسەر مرۆڤی هاوچەرخی دادەڕووخێنی؛ چونكە بەچەشنێكی ڕۆحی و هەر لەسەرەتاوە لەگەڵی بەكێشە هاتووە نەك بەهۆی خوێندنەوە یان ئەزموونەوە یان لەبەر شكست بەهۆی هەلومەرجی ژیان پێی گەیشتبێ. بەبوێری دەتوانین، نهیلیزمی كافكا، بەرەسەن–ترین و قووڵترین سیمای نهیلیزمی هاوچەرخی دابنێین و هەر ئەم بابەتە، دەبێتە هۆی ئەوە كە ئەو داڕووخانی مرۆڤ باشتر لە هەموو كەس وەسف بكا. كافكا لانیكەم بەپێی خوێندنەكەی، شیاوترین تاكە بۆ وێناكردنی سەرگەردانیی مرۆڤی هاوچەرخ.

ئەو لەگەڵ پرس گەلێك وەكو ناعەوداڵەتی، بێ یاسایی و ناسەقامگیری، نەك وەكو كۆمەڵناسێك و یان وەك چاكسازێكی كۆمەڵایەتی بەڵكو تەنیا وەكو هاووڵاتییەك ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بەساناییەكی تەواوەوە وەسفی ڕووداوەكان دەكا و دەیانگێڕێتەوە.

ئەو شتەی كە بۆ كافكا زیاترین گرینگایەتیی هەیە، چەمكی بەرهەمەكانی ئەوە لەبەر ئەمە ڕەنگە هیچ كام لەبەرهەمەكانی كافكا ئەو جۆرە شیاوە نەچووەتە بەر سەرنجی فۆرمالیستەكان.

كافكا بەتەواوی ئاگاداری بوارەكانی زمان بوو و بەرۆچوون بەئاڵۆزترین لایەنەكانی زەینی مرۆڤ، بەكەڵك وەرگرتن لە سادەترین فۆرمی ئاخاڤتن دەست دەكا بەدروست كردنی ئاوێتەیەك لە ڕاستەقینە و

خەیاڵ. دەڵێی هێزێکی نادیار ئەو ناچار بەنووسین دەکا و بەشێوەیەك کە نووسینەکانی وەکو خودی ئەو، شێوەیەکی پەراوێزییان هەیە. دەڵێی بەشتێکەوە–ئەگەرچی لەرزۆکە و تێك دەشکێ– ئاویزانن، لەوێوە دیدی ئەو بەتێپەڕ بوون لە ڕەهەندە ڕواڵەتییەکان بەناخ و قووڵاییی شتەکاندا، ڕۆدەچێ، دەتوانێ دنیایەکی نەرم و لە هەمان کاتدا هەست پێکراو دروست بکا.

لە بەرهەمەکانی ئەودا هەمیشە شتگەلێك –ئەگەرچی لەرزۆك و نادیار– هەن کە دەست پێیان ڕادەگا، شتگەلێك کە مرۆڤ ناچار بەکڕنۆش و نزمی دەکەن و ئیزنی ناهومێدیی تەواو و لە ئاکامدا ئاسایشی لێ دەستێننەوە. بەم چەشنەیە هەرچەند چیرۆکەکانی کافکا تۆنێکی زەمینییان هەیە، بەڵام هەمیشە فرێدەدرێتە ئەوپەڕی ڕووداوەکانی چیرۆك و بەچەشنێك چوون بەرەو شتێکی ئاسمانی لەودا دروست دەبێ، هەست بەوە کە ڕەنگە بتوانرێ بەلادانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕەشایی و تاریکی بەڕووناکی بگەین. بەم پێیە هەوڵی پاڵەوانانی کافکا بەئاکام ناگا و جاری واشە وەك گاڵتە کردن وایە بەڵام ناتوانین بەتەواوی بە پووچیان دابنێین. ڕەنگە ئەو شتەی کە لە دنیای کافکادا گرینگ بێ، هەناشی هەوڵدانە نەك ئاکامی گەیشتن؛ چونکە مرۆڤ هەرچۆنێ بێ لە ناو کارەساتەکەدایە و شتێکی کە بە بەدەستهێنانی دەتوانین بەئاسایش بگەین، بوونی نییە و ئەگەریش هەبێ توانای گەیشتن بە لێواری شتێکی کەمێك بەبایەخ نییە.

دنیای کافکا بەتەواوی شەپۆلێکی بەرزو شێواوە، بەڵام ڕەنگە بتوانین لە دڵی ئەم قەیران و نائارامییانەدا بۆ ماوەیەکی کورتیش، بەهێمنی بگەین. هیواکان لە حوکمی ئەو تیشکانەن کە بێ درەوشانەوە دەکوژێنەوە، بێ ئەوەی شوێنیك ڕووناك بکەن و یان گەرمایی ببەخشن. هەر ئەم هیوا دوورانەن کە مرۆڤ لە سەرکەشی و دەستەوەستانی دادەنێ و ئەمەش ئەگەرچی دلڕەقانەیە، بەڵام ڕەنگە هەر بەو ڕادەیە خواستراویش بێ، چونکە لە ژیاندا هەمیشە کاتێ هەیە کە مرۆڤ بۆ لە ناو نەچوون زیاتر لە هەموو شتێك نیازی بەوە هەیە کە خۆی فریو بدا.

# ك . وەكو كافكا

چاو خشانێك بەسەر ژیان و بەرهەمەكانی كافكادا

عەزیم ئومێدی

زۆربەی چیرۆکەکانی نووسەری ئاڵمانی زمان *فرانتس کافکا* کە لە دایك بووی کۆماری چیك-ە، دوای مردنی بڵاو کرانەوەو نیشانەدەری بێگانەبوونی خەڵکی سەدەی بیستەمە.

کابووسەکانی کافکا کە دەربارەی نائینسانی بوون و ئاڵۆزیی پێکهاتەی ئیداری و کۆمەڵگای سەرمایەدارییە زۆر لایەنی هاوبەشی لەگەڵ بەرهەمەکانی جۆرج ئورۆێڵ وەکو ″١٩٨٤″ و ″قەڵای ئاژەڵاندا″هەیە.

نەخۆشی، نزم بوونی ئەقڵ و لاوازبوونی جەستەی لەو فاکتۆرە گرینگانەی بیوگرافیی کافکا-ن کە لە کورتە چیرۆکەکانی ئاین هانگرکونستلرۆ و مەسخدا، ڕەنگیان داوەتەوە. (گریگۆرسامسا، کاتێ لە بەیانییەکی زوودا لە خەو هەڵدەستێ، تێدەگا کە بووەتە مێژوویەکی گەورە).

فرانتس کافکا لە شاری پراگ-ی کۆماری چیك کە ئەو کات بەشێك بوو لە خاکی ئوتریش (نەمسا)، لە دایك بوو. باوکی *هێرمان کافکا* وشکە فرۆشیی هەبوو. دایکی واتە جوولی کافکا (لووی) لە بنەماڵەیەکی

ناسراوی ئاڵمانی زمان لە گەڕەکی جوولەکەنشینی پراگ، کەلتوورێکی ئالمانییان بوو. هێرمان، باوکی کافکا لە ماڵێدا تووڕە بوو و داخی بەسەر کوڕەکەیدا دەڕشت. کافکا هەروەها سێ خوشکی هەبوو کە هەموویان لە ئوردووگای نازییەکەندا کوژران. چیرۆکەکانی کافکا زۆر جاران باسی ناکۆکیی نێوان باب و کوڕ دەکەن یان دەربارەی کەسانێکە کە لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا بەرگری لە بێ تاوانان دەکەن.

کافکا لە وتاری *"نامەیەك بۆ باوك"* (١٩١٩) ئاوا نووسیویەتی: هەموو نووسینەکانی من سەبارەت بەئێوەیە. ئەوەی کە لە نێو نوسراوەکانمدایە هاوار و ناڵە بۆ ئەو شتانەیە کە نەمدەتوانی بەرامبەر بەتۆ بیانڵێم. ئەوان ماڵاواییەکی تاهەتایین لە تۆ.

کافکا لە نێو شەڕ و کێشەی بنەماڵەدا گەورەبوو و بەهۆی ئەندام بوونی لە کەمینەی جوولەکەی پراگ، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیی ئەزموون کرد. بۆ ئەو چوونەوە سەر ڕەچەڵەکی جوولەکەبوون، دژوازو دووجۆری بوو. ئەو لە نووسینەکانیدا دەڵێ: من چ هاوبەشییەکم لەگەڵ یۆنانییەکاندا هەیە؟ من تەنانەت بەدژواری خاڵی هاوبەش لەگەڵ خۆم دەبینم. دەبێ پەنا بۆ گۆشەیەك بەرم و لەوە رازی بم کە هەناسە هەڵدەکێشم.

کافکا لە قوتابخانەی سەرەتاییی نەتەوەییی ئالمان، خوێندی و قوتابخانەی نەتەوەیی زانستە مرۆڤییەکانی ئالمانی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٠١–دا چوو بۆ زانکۆی *فریدوناند کارلزو* خوێندنی لقی یاسای دەست پێکرد. لە ساڵی ١٩٠٦ دکتۆرای وەرگرت. لەو ماوەیەدا چووە نێو کۆڕی بیرمەندانەوە کە تێیدا *فرانتس ویرفل، ئۆسکاربووم، ماکس بروود* بەشدار بوون و کافکا لە ساڵی ١٩٠٢ –وەوە لەگەڵ ئەوان ئاشنا بوو.

ساڵی ١٩٠٤ دەستی بەنووسین کردوو بەڕۆژ لە دایرەدا ڕاپۆرتی سەبارەت بەڕووداوی پیشەکاری و سلامەتی دەنووسی و شەوانەش خەریکی نووسینی چیرۆکەکانی خۆی دەبوو. زمانی وشك و یاسامەندی

چیرۆکەکانی کافکا تا ڕادەیەك لە ژێر کاریگەریی کارەکەی لە (دایرە) دابوو و لە هەر چەشنە هەست و تەفسیرێکی ئەخلاقی خۆی دەبوارد. کافکا تا کاتی خانەنشینیی (لە ساڵی ١٩٠٧– وە تا ١٩٢٣) لە شەریکەی بیمە کاری کرد. لە سەرەتادا لە بەرێوەبەرایەتیی یەکێك لە شەریکەکانی بیمەی ئیتالیا لە پراگ بەرپرسایەتییەکی لە ئەستۆ بوو و دواتر لە دامەزراوەی بیمەی ڕووداوی کرێکاران لە پراگ، بوو بە بەڕێوەبەر. پلەی ئەو لەم شەریکەیەدا پایەخێکی بەرزی هەبوو و لە درێژەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەشێوەیەکی کاتی بەخشرا (لە چوون بۆ شەڕ).

کافکا لە درێژەی ژیانیدا لەگەڵ ژن و کچێکی زۆر دۆستایەتیی کرد و لەم پێوەندیانەشدا تووشی چەند شکستێك هات. لە ساڵی–دا ١٩١٢ لەگەڵ خاتوو *فلیس* بویرکە، بازرگانێکی ٢٤ ساڵەی خەڵکی برلین بوو ئاشنا بوو. کافکا پێی گوتبوو کە ژیان لە پەنای ئەو ژیانێکی ڕاهبانەیە لەگەڵ پیاوێکی بێ ئەخلاق، ماخولیایی، کەمدوو، ناڕازی و نەخۆش. پێوەندیی ئەوان ٥ ساڵی خایاند. دواتر فلیس چوو بۆ ئەمریکاو لە ساڵی ١٩٦٠دا مرد.

یەکەم قۆناغی داهێنانی کافکا، بەنووسینی کورتە چیرۆك وەکو *داوەری* و *دای ورواندلانگ* یان هەمان *"مەسخ"* دەستی پێکرد. لە چیرۆکی مەسخدا، گریگور سامسا، دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستێ تێدەگا کە لە ماوەی شەودا بووەتە حەشەرەیەکی گەورە. ئەو لەلایەن بنەماڵە بورژواکەی خۆیەوە، لە ژوورێکدا حەبس دەکرێ و باوکی ناوکی سێوێك لە گریگۆ هەڵدەکا، ئەم ناوکە سێوە دەڕزێ و دەبێتە هۆی مەرگی گریگۆر.

دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی نەیدەهێشت کافکا لە بواری ئافراندنی چیرۆك وەکو ڕۆماننووس یان کورتە چیرۆك نووسێك کار بکات. بەڵام ئەو بەدرێژایی ئەو ساڵانە درێژەی بەنووسینی نامەو نووسراوەکانی دا. لەو نووسینانەی کە لە ساڵی١٩١٠–وە کافکا دەستی کرد بەپاراستنیان، گریمانە ئەدەبییەکانی خۆی، خەون و ڕووداو و

ئەزموونەکانی ڕۆژانەیەتی. ئەو شانۆ و فیلمانەی کە ئەو چاوی لێ دەکردن، لە ژیانیدا دەوری گرینگیان هەبوو. ئەو دوای سەیرکردنی شانۆیەك بەزمانی عیبری (ئوروپایدیدێری کافەیەك) بەم جۆرە دەنووسێ: *هاودەردی و دڵسۆزیی ئێمە بۆ ئەکتەرانی ئەم شانۆیانە کە کەسانێکی باشن و هیچ دەسکەوتێکیشیان نابێ و تەنانەت ناوبانگ و داهاتوویەکی باشیان نییە، لە ڕاستیدا وەکو هاودەردی دڵسۆزی بۆ ئەو کەسانەیە* کە بۆ سەربەرزی و *خۆش نێوی هەوڵ* دەدەن. کافکا نووسینی کتێبی *دادگایی* کە دووهەم ڕۆمانی ئەوە لە ساڵی ١٩١٤–دا دەستی پێ کرد و هەروەها کورتە چیرۆکی *سترافکولونی* نووسی کە لەو بەرهەمە دەگمەنانەی ئەوە و لە درێژەی ژیانی کافکادا بڵاو بووەتەوە.

ڕۆمانی دادگاییی بەسەرهاتی هەوڵی ناهومێدانەی جۆزیف کێیە بۆ مانەوە لە نێو ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەدا کە لەسەر مێزی نانی بەیانیەوە دەست پێدەکا.

*کەسێك دەبێ بوختانی بەجۆزیف کێی کردبێ کە بەبێ هیچ تاوانێك گیراوە.* لە دادگاییدا جۆزیف کێی تاوانی خۆی ڕەت دەکاتەوە و لێکۆڵینەوەی بێ کۆتای سیستمی دادگا دەست پێدەکا. بەڵام ڕاستییەك دەرناکەوێ و جۆزیف کێی وەکو *سەگێك* دەمرێ. لە کورتە چیرۆکی *سترا فکولونی* دا، لە ڕاستەقینە وەکو ئامرازێك بۆ شکەنجە و ئازاردان کەڵك وەردەگیرێ. ماشێنێك کە بەنووسینی زاتی تاوان لەسەر جەستەی قوربانییەکانی دەیانباتە کوشتارگە.

کەسایەتییەکانی چیرۆکی کافکا تەنانەت پێش ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان تێپەڕن سزا دەدرێن یان هەڕەشەی سزادرانیان لێ دەکرێ. یەکێك لە کەسایەتییەکانی چیرۆکی دادگایی ئاوا دەدوێ:

ڕەنگە قبووڵی نەکەی کە ئەمە دادگاییەك بێ. تۆ ڕاست دەکەی، چونکە کاتێ دەبێتە دادگایی کردن کە من قبووڵی بکەم.

ئەم کتێبە بەم ڕستە بەناوبانگانە دەست پێ دەکا:

کەسێك دەبێ بوختانی بە k کردبێ کە ئەو لە بەیانییەکی خۆشدا، بەبێ هیچ تاوانێك گیرا. جۆزیف کێی دوای ئەم ڕووداوە تووشی کاریگەرییەکی بێ ڕەحمانەی قانوون دەبێ، ئەگەرچی لە چیرۆکەکەدا تەنیا یەك بەرێوەبەری یاسا نابینی. کافکا لەم تێمە چیرۆکییە، لە ڕۆمانی ناتەواوی خۆیدا، بەنێوی *کۆشك* کەڵکی وەرگرتووە. بەشی کۆتاییی چیرۆکی دادگایی هەروایە. دوو پیاو (کە بەپێی بۆ چوونی تاقمێك لە ڕەخنەگران سەمبولی تۆوی پیاون)

جۆزێف لەوێ دەبەن و چەقۆ لەسەر دڵی دەدەن و دەیکوژن، کافکا لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩١٧ نەخۆشیی زەردوویی دەگرێ و ١٠ مانگ لەگەڵ خوشکەکەی بەنێوی *ئاتلا* لە گوندی **زووئێرۆ** لە دەڤەری *بووهەمین* دەژین. لە ساڵی ١٩١٩ لەبەر نەخۆشیی ئەنفلۆئانزا لە نەخۆشخانە دەکەوێ. دوای ئەوە کافکا زیاتر لە ئاسایشگەی گوندەکاندا دەژیی.

کافکا دواتر ئاشقی *میلنا جێسنسکا* نووسەرێکی ٢٤ ساڵە دەبێ کە بەشێك لە چیرۆکەکانی ئەوی وەرگێڕابووەوە سەر زمانی چیك. دوای ئەوەی لە یەکتر جیا بوونەوە، میلنا وەکو ڕۆژنامە نووسێك کاری کرد و توانیی وەکو پاڵەوانی بەرگری ناو دەربکا. میلنا لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئوردووگای کاری زۆرەملی ئاڵمانییەکاندا مرد.

*مارگارێت بوبەرنیومەن* لە بەرهەمی *میلنای کافکادا* لە ژیانی ئەم خاتوونە دەدوێ. ڕەنگە ترس لە پێوەندیی جینسی لەگەڵ *میلنا* هۆی بەجێهێشتنی کافکا بووبێ. ئەو لە زستانی ١٩٢٠، ١٩٢١ وە ئیتر هیچ نامەیەکی بۆ میلنا نەنووسی.

دوای ئەوەی پێوەندیی ئەوان پچڕا کافکا دوایین ڕۆمانی خۆی بەنێوی کۆشك نووسی. لەم چیرۆکەدا بەڕێز k دێتە گوندەکە و بانگەشەی زەویناس بوون دەکا.

*کۆشکی هیل لە تاریکایی و مژدا ون دەبێ. تەنانەت trووسکەیەك نەبوو نیشانی بدا* کە کۆشکەکە *لەوێیە*.

بەڕێز k هەوڵدەدا بەنواندنی خۆی وەکو لێکوڵەرێکی ڕەسمی لەسەر کۆشك ڕێزێك بۆ خۆی بەدەست بێنێ. کۆشکەکە وەکو دیاردەیەکی سەیر سەمەرە دەسەڵاتی بەسەر گووندەکەوە بوو. k هەوڵدەدا چاوی بەکەلام سەروەری کۆشکەکە بکەوێ، یاریدەدەرانی، واتە **ئارتور** و *جێرمیا* هاوکاریی ناکەن. k دواتر ئاشقی *فریدا* کڵفەتی پێشووی کەلام دەبێت و *فریدا* کە تێدەگا k وەکو ئامرازێك کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەجێی دێڵێ.

کافکا لە ساڵی ١٩٢٢-دا خانەنشین دەکرێت، ساڵی دواتر لەگەڵ *بالکتیك دوورادیامنت*، ئاشنا دەبێت، کە ژنێکی ٢٠ ساڵە لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس بوو و هەروەها لە چێشتخانەی ئوردووگای گەشتوگوزاری کاری دەکرد.

نەخۆشییەکەی دەبێتە هۆی ئەوە کە واز لە لێپرسراوییە ئیدارییەکان بێنێ، بەڵام ئیتر هیچ بژیوێکی نەبوو و بنەماڵەکەشی لە پراگ-وە پارەیان بۆ دەنارد. کافکا کە عادەتی بوو نامەی دوور و درێژ بنووسێ و لەبەر ئەوەی نەیدەتوانێ پارەی پۆست کردنی نامەکان بدا، ناچار بوو هەرکارت پۆستاڵ بنێرێ.

سەلامەتیی کافکا بەرەو خراپی دەچوو. بۆیە ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ *دوورا* لە ئاسایشگایەك لە دەرەوەی ڤیەن نیشتەجێ بوو. بۆ زەماوەند کردن لەگەڵ *دوورا* نامەیەك بۆ باوکی دوورا دەنووسێ، بەڵام وەڵامی نا-ی پێ دەدرێتەوە. هەرچی بێ، دواتر دوورا وەکو ژنی فرانتس کافکا خۆی دەناسێنێ. دوورا دیامنت لە ئۆردوگای نازییەکان و سەردەمای حکوومەتی ستالین لە ڕووسیاو شەڕی دووەمی جیهانی ڕزگار دەبێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢-دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

کافکا شەش هەفتەی کۆتاییی تەمەنی خۆی لەم ئاسایشگایە تێپەڕ کردو لە ٣-ێی ژووئیەی ساڵی ١٩٢٤ بەنەخۆشیی زەردوویی مرد. ڕۆمانی ناتەواوی ئەو بەنێوی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٧-بڵاو کرایەوە.

کافکا هیچ کات سەردانی ئەمریکای نەکرد، بەڵام لە ڕوانگەی یەکێك لە کەسایەتییە چیرۆکییەکانی خۆیەوە ئاوا دەڵێ: (کارڵ ڕوسمان)ی تەمەن ١٧ ساڵان کاتێ وەکو کۆچەرێك دەچێتە بەندەری نیویۆرك، چاوی بەپەیکەرەی ئازادی دەکەوێ کە بەجێی مەشغەڵ شمشێرێکی بەدەستەوەیە.

کافکا وەکو جوولەکەیەك لە کۆمەڵگەی ئاڵمانی زمانەکانی پراگ، دوورە پەرێز کرابوو. بەڵام *ماکس برود-ی* هاوڕێی ژیاننامەنووسی، ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی کافکا لە بواری نووسەری، ئەنجام دا، هەر چۆنێك بێ، کافکا چەند چیرۆکێکی چاپ کرد. ئەو لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی کۆتاییی ژیانیدا توانیی بەشێك لە باشترین بەرهەمەکانی تەواو بکا. لەوانە ئاماژە بە*هانگر کونستلێر*، دەکرێ کە قارەمانی ئەم چیرۆکە لە پیشەی نائاسایی خۆی پشتی لێ دەکرێ تاکو بمرێ.

*جوزفین و سانگرین-یش* یەکێکی تر لەو چیرۆکانەیە کە کەسایەتییە سەرەکییەکەی مشکێکی گۆرانیبێژە.

کافکا پێش مردنی داوای کرد کە هەموو دەسنووسەکانی لە ناو بەرن، بەڵام *ماکس برود* ئەم ویستەی کافکای بەجێ نەهێنا و چیرۆکە ناتەواوەکانی *دادگایی، کۆشك، ئەمریکای* بڵاو کردەوە کە دەکەونە ڕیزی چیرۆکی کلاسیکی مۆدێرنەوە.

سەرچاوە:

www.mandegar.info

# دادگاییی کافکا لە دادگاییيەکی تردا

مەلکۆلم برادبوری

## ١

***دەبێ کەسێك بەدرۆ باسی ژۆزێف ك-یی کردبێ، چونکە لە بەیانییەکی خۆش و شادیهێنەردا بەبێ ئەوەی هەڵەیەك بکا بە دیل دەگیرێت.*** ئەم ڕستە سامناکە دەسپێکی *دادگایی*، دووەم ڕۆمان لە سێ ڕۆمانەکەی فرانتس کافکایە. کافکا، جوولەکەی لاوی ئالمانی زمان، خەڵکی پراگ بوو. ئەو لە ڕیزی گەورەترین نووسەرانی سەدەی بیستەمە. کافکا ڕۆمانی دادگاییی لە ئووتی ساڵی ١٩١٤، لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ کرد و تا ساڵی ١٩١٥ درێژەی کێشا. ئەو قۆناغ و سەردەمەی کافکای تێدا گەورە بوو، کاتێ بوو کە مەزنیی کولتووری ئالمانی و دنیای هەزار بەهەزار و کۆنیی ئیمپراتۆریی ئوتریش- مەجار، لەپەنای ئەودا هەڵدێردرا. کاتێ بوو کە ژیانی عاتیفی و تایبەتی و ئەویش تووشی قەیران هات و بەنەخۆشییی سیل کە ماوەی دە ساڵی خایاند، مەرگی نابەوەختی بۆ هێنا. دادگایی-ش وەکو زۆربەی ڕۆمانە مۆدیرنەکان، کتێبێك بوو کە لە دڵی دەورەیەك و لە دڵی نەخۆشییەکی تایبەتدا کە بەئاشکرایی هاورێی بوو لە دایك بوو.

کتێبی کافکا وەکو زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرنەکان، مێژوویەکی پڕ هەڵکشان و داکشانی بوو. لە ڕاستیدا مێژووەکەی ئاوێتەی تەنزێکی وەها تاڵ و ڕەش بووە کە جێی خۆیەتی نێوی مێژووی کافکایی لەسەر دابنێن. لە کاتی ژیانی کافکادا، هیچ کام لە سێ ڕۆمانەکەی چاپ نەکران و بڵاو نەبوونەوە. ئەو هیچ کات *دادگایی* تەواو یان ڕێکوپێك نەکرد. کافکا دادگاییی لە دەرەوەی هەڵچوونێکی قووڵی ڕۆحیدا نووسیبوو. ئەو وەکو ئەوەی کە لە بەرامبەر ڕووداوەکانی ژیانی خۆی و باوکی و هەروەها کچێك کە دەیویست بیخوازێ بێدەنگ مابووەوە، ئاواتەخواز بوو لە بەرامبەر داهاتووشدا بێدەنگ بمێنێتەوە. لە دوای شەڕدا، کافکا دەسنووسی کتێبەکەی دا بەهاوڕێیەکی لە مێژینەی خۆی بەنێوی ***ماکس بروود***. کافکا و بروود پێکەوە لە زانکۆی ئاڵمان لە پراگ دا دەرسیان خوێند بوو و هاوکاتیش دەورەی سەربازییان تەواو کردبوو و هەروەها هەر پێکەوە هاتبوونە نێو جەرگەی چالاکیی ئەدەبیی پراگەوە.

کافکا لە ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی سیل ماڵاوایی لە ژیان کرد. ئەو نەخۆشییەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ کز و لاواز و تەنیای کردبوو، ئیشتیای ژنهێنانی لێ بڕیبوو. ئێش و بڕك و ژانی ئەو نەخۆشییە ئەوی لە کونجی ژوورێکدا ترینجاندبوو. کافکا ڕاست لە پێش مردنیدا و بەم جۆرە دوایین فەرمانی بەبروود دا: ***هەر شتێکی کە لێم بەجێ دەمێنێ... بێ ئەوەی بخوێندرێتەوە، تا دوایین لاپەڕە دەبێ بسووتێندرێ***. تەنانەت دەیویست ئەو کتێبانەش لە ناو بچن کە سەردەمایەك بۆی گرینگ بوون و پێشتر بڵاو کرابوونەوە. بۆ ئێمە جێی شانازییە کە بروود بەباشی لەگەڵ ئەو بەشە لە خوو و ڕەوشتی کافکا کە خۆی دەکوشت و دەبڕی و سەرکۆنە دەکرد، ئاشنا بوو. دەبووایە نزیك بەتەواوی ئەو شتانەی کە کافکا چاپی کردوون لەبەر دەست نەبووایەن. بروود لە پێشەکییەکدا لەسەر کتێبەکە دەنووسێ ***هەرچەند فەرمانێکی***

***ڕوون و ئاشكرا بەمن دراوە، بەڵام من خۆم لەم كارە پڕكێشەیە دەبوێرم.*** ئەو دەسنووسەكەی كافكای ڕێكوپێك كرد (ئێستاش بەشێك لە خەڵكی لەگەڵ ئەم شێوە ڕێكوپێك كردنەی بروود دژایەتی دەكەن) و دادگایی لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئاڵمان چاپ كرا.

بەڵام دادگایی، كتێبەكە تازە دەستی پێكرد. لە ڕاستیدا بێجگە لە چیرۆكە تاڵەكەی ئەو شتەی دادگایی ئاوا نزیك و ئاوێتەی ئەزموونی ناهومێدانەی دنیای مۆدیرن دەكا، مێژووی ڕەشی كتێبەكەیە. ئەو ئاواتەی كافكا كە دەیویست كتێبەكەی هەڵوەشێنێ و بەسووتاوی ببینێ، وەكو پێشگۆییەكی مەرگاوی وەدی دێ و هەمان حكوومەتی سامناك لە بارەیەوە نووسیبووی، كتێبەكە بەهەڵە دادەنێ. لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیسم بەرهەمەكانی ئەو جوولەكە ئاڵمانی زمانە، لە پێشدا لە كتێب فرۆشییەكانی جوولەكەكان و دواتر لە هەموو شوێنێ دەسووتێندرێ و لەناو دەچێ. بەرهەمەكانی تری كافكا كە بروود دەیوست بڵاویان بكاتەوە تەنیا لە پراگ، ئەو شوێنەی كە كافكا لەوێ لە دایك دەبێ و هەر لەوێ دەمرێ چاپ دەكرێن. لە سەرەتای دەسپێكردنی شەڕی دووەمی جیهانی پراگ لە بەرامبەر ئاڵماندا شكست دێنێ و دواتر ڕووسیا داگیری دەكا تا ببێتە یەكێك لە دەوڵەتە كۆمۆنیستەكان. كەچی ئێستاش دەبینین لە شارەكەی كافكا وەكو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، چاوپۆشی لە بەرهەمەكانی دەكرێ، ئەویش لەبەر بۆچوونێكی نامۆیە كە ڕاستەوخۆ لە خەیاڵی خودی كافكاوە ڕێچكە دەبەستێ. ئێمە ناتوانین بەشێوەیەكی ڕاستەخۆ نێو بۆ كافكا دیاری بكەین، چونكە ئەو نووسەرێكی قەدەغە كراوە. بەم حاڵەش نێوبانگی نێونەتەوەیی كافكا بەرەبەرە پەرە دەستێنێ. ئافراندنە خەیاڵییەكانی ئەو بەچەشنێ لە ژیانی واقیعیی ڕۆژانە و ئاسایی دەچێ كە زۆرینەی خەڵكی چیك، ئەوانەی وا بەرهەمەكانی ئەویان لە بیر ماوە، نێوی ژیانی كافكایی لەسەر

ئافراندنەکانی ئەو دادەنێن. هەڵبەت کافکا بۆخۆشی باسی ئەو خەیاڵانە دەکا کە تایبەت بەخۆیەتی.

دادگایی لە ساڵی ١٩٣٧ بەوەرگێڕانی سەرکەوتووانەی **ویلا و ئێدڤین مویر** لە ئینگلستان بڵاو بووەوە. ئەو دنیایەی کە کافکا خوڵقاندبووی زیاتر لە جاران لە دنیای خەیاڵی دەچوو. ئەو بوو بەنووسەری قۆناغی نوێی تاریکی. شێوە سورپیالیستی و خەیاڵە نامۆکانی کافکا لەسەر بەرەیەك لە نووسەران کاریگەریی نیشان دا کە لە بەرامبەر خۆیاندا دنیایەکی نوێی شەڕ و دامودەزگای نەگریسی دەوڵەتە سەرەڕۆ مۆدێرنەکانیان دەدیت.

شەڕ قۆناغێك لە سامناکیی نوێ و گومانی لەگەڵ خۆی هێنا. پاش ساڵی ١٩٤٥ هەموو کەس بەکوورەکانی ئینسان سووتاندنی زانی. لەو کوورانەدا نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکە ئەوروپای ناوەندی لەنێو دیوی گاز و بەندیخانەی یەخسیرەکانی شەڕدا کوژران. زۆربەی کوژراوەکان لە کۆمەڵگای جوولەکەی پراگ بوون، لە خەڵکێك کە فرانتس کافکا لە نێویاندا گەورە ببوو.

سێ خوشك و دوو ژنی تر کە زۆر خۆشەویستی کافکا بوون و هەروەها باقیی ئەندامانی بنەماڵەکەی کە لێیان دوور کەوتبووەوە، لە ڕیزی قوربانیاندا بوون. دوای ئەوەی ڕووسەکان دەستیان بەسەر شاردا گرت، دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی هاتە سەر کار. پراگ کە بەشاری بورجە زێڕینەکان، شاری زێڕینگەران، شاری پیشەکاری و کولتووری ڕەنگاوڕەنگ و هەروەها بەیەکێك لە جوانترین شارەکانی ئەوروپای ناوەندی ناسرا بوو، کپ و خامۆش کرا و سامناکی بەسەردا زاڵ بوو. ئەو شارەی کە نووسەرەکانی بەپەرێز بوون و کافکایان لە بیر بردەوە. ئەگەرچی زۆربەی ڕەخنەگرە مارکسیستەکان بەگومانێکی باشەوە لەسەر کافکایان نووسی، بەڵام دەنگی ئەویان بەنەخۆش و لەرزۆك دادەنا. بەم حاڵەش تەنانەت لە ئەوروپای ناڤین بێدەنگی لە ئاست کافکا درێژەی بوو. کەچی لەباتیی شوێنەکانی

تری ئەو نووسەرێك بوو كە خەیاڵی مۆدێرنی بەچەشنێ داگیر كردبوو كە ڕەنگە هیچ كام لە نووسەرانی سەدەی بیستەم نەیان توانیبێ كارێكی ئەوتۆ بكەن.

لە ڕاستیدا دیمەنی كافكا دیمەنی ئینسان بوون و بەلاڵێدراویی نووسەری مۆدێرنە لە بەرامبەر هێز و دڵەخورپە كە تایبەتە بەسەردەمی ئێمە، ***بێگومان مەنتیق قەت تێك ناڕووخێ، بەڵام ناشتوانێ گوشار بخاتە سەر مرۆڤێك كە دەیەوێ بژی.*** ئەمە وتەی كافكایە لە كۆتاییی دادگاییدا. لێرەدا مەنتیق نیشاندەری هێز، مێژوو و شتگەلی باوەڕپێكراو و لە كتێبەكەدا ئەو شتەی كە خۆڕاگری دەكا مەنتیقە نەك ژۆزێف ك. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەو شتەی كە كافكای بەخۆیەوە سەرقاڵ كردووە، هەروەكو ئەم وشانەی كە بۆخۆی دەینووسی، ئەمە بوو كە ئایا كافكا دەیویست لە دنیای دەوروبەری خۆیدا بژی: بۆ خۆی زۆرجاران دەیگوت كە نەخۆشیی ڕیخۆڵەی ئەو ناسێنەری كەسایەتی و تێگەیشتنی ئەوە لە شكست. بەڵام بڕیار وابوو كە كافكا لەگەڵ وشەكانیدا بژی و لە ڕاستیدا زۆر گەورەتر لە وشەیەك بێ كە لە قەڵەمی ئەو دەتكێ. ڕواڵەتی ئەو هەروەكو ڕوانگەكەیەتی لە كتێبەكانیدا و زۆربەی ئەو شتانەی كە لە بارەی ئەو نووسراون، ئەویان كردووەتە سیمبولێك. ئەمەش ڕوخساری كەسێكی كز و لاواز، پەشۆكاو و ڕەنگ بزركاوە و پێمان دەڵێ كە هیچ كات هیچ كوێ نەبووەتە ماڵی ئەو و دایمەش ئەویان بەژیان شەرمەزار كردووە. ئەو دیمەنە ڕاستەوخۆ ئەو بەدنیای دوای شەڕەوە گری دەدا.

***دەبلیو. ئیچ. ئادێن*** لە شیعرێكی سەرنجڕاكێشدا ئەم قۆناغەی نێو ناوە **سەردەمای پەشۆكاوی**. سەردەمای دنیای دوای شەڕی دووەمی جیهانی، دوای بۆمبای ناوكی و كوورەكانی ئینسان سووتاندن و سەردەمای دوای حكوومەتی تۆتالیتێر و هێزی جەماوەر.

كافكا كە لە سەردەمای پەشۆكاویی خۆیدا دەژیا، بەڕوونی ئەم ڕاستییە

لە بارەی تێگەیشتنی ئێمە لە قوربانی بوون، تەوژمی ستەم و شاربەدەریی دەروونی دەسەلمێنێ. ئێستا کافکا خۆڕاگری دەکا و شتێك زیاتر لە کافکایە.

ڕستەی سەرەتای دادگایی بەهۆی نوێخوازیی کافکا، یەکێك لە بەناوبانگترین سەرەتاکانی دەسپێکی ئەدەبیات بوو و ئێستاش زایەڵەکەی لە نێو ئەزموونی قۆناغی ئەمرۆدا بەگویمان دەگا. ڕوون و ئاشکرایە ئەو هۆیانەی کە یەکەم هێڵی ڕۆمانە زیندووەکان زیندوو ڕادەگرێ لە هۆگەلی باو و ئاسایی نین: واتە لەوە ناچێ کە تەنز و نامۆیی دوور لە ڕاستی بن. وشەکانی دەسپێکی دادگایی، جوانی وەبیر ناهێننەوە بەڵکو وەبیرهێنەرەوەی ترس و سامناکی–ن تەنزەکەشی (لە بەیانییەکی شادیهێنەردا) سەرسامییە. هەروەها نامۆیی، ڕووداوێکی شێتانەیە کە تەواو سروشتی دەنوێنێ. لە ڕاستیدا ئەم ڕستەیە و ئەم قۆناغە وەکو هەموو شتێکی تر لە بەرهەمەکانی کافکادا ئەم توانایەی هەیە کە ڕاست بێ و لە هەمان کاتیشدا نامۆ بنوێنێ. ئەمە تەنیا باسێکی سادەی ئەم هەلومەرجەیە، بەڵام ڕواڵەتی هەلومەرجێك کە هیچ پێشینەیەکی نییە و زۆر بەئێمەوە نزیکە، هەروەکو هەلومەرجێکی میتافیزیکی و لە هەمان کاتدا کۆمەڵایەتی و دەمارناسی و سیاسییە. هەر بەو شێوەیەی کە ماکس بروود گوتوویەتی ئەمە توانای کافکا بوو کە ناڕاستی بەڕاستی نیشان دەدا. بەڵام ئەم ڕستەیە دەسپێکی مەحکووم بوونێکە چونکە لێرەدا ژۆزێف ك. تاوانبار کراوە. ئەو و هەروەها هەموو کەس بەژیان و مەرگ مەحکووم کراون. لێرەدا ژیان بەواتای دادگایی بوونە.

بێجگە لەوە هەر بەو شێوەیەی جۆرج *ئیشتاینێر* گوتوویەتی، ڕەنگە ئەم چەند ڕستەیە، بەرچاوترین کاتی تێگەیشتن و پێشگۆیانەترین خەیاڵ لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم بن. ئەم ڕستانە لە بەرهەمەکانی کافکادا وەکو خاڵەکانی تر لە ناکاو پەشۆکاوییەکی لە ڕادەبەدەر، بەسەر ژیاندا

دەسەپێنن. نێوی ژۆزێف ك. بەکورتی نووسراوە و ئەم چەشنە نووسینەش لە بەرهەمەکانی کافکادا باوە. بەڵام هەر ئەم بەکورتی نووسینە لە پڕدا کەسایەتیی ژۆزیف ك. بچووك دەکاتەوە و دەڵێی ئەو دەبێتە دۆسییە یان بەڵگەنامەیەکی دادگایی. لە ڕۆمانەکانی دیکەی کافکادا، واتە *کۆشك*، نێوی پاڵەوانی سەرگەردان و قوربانی، تەنانەت لەمەش کورتتر دەبێتەوە و بەپیتی سادەی ك. دەنووسرێت لە بەیانی ڕۆژێکی جواندا ژۆزیف ك. ***بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ***، بەدیل دەگیرێت. ئەم حوکمە لە پڕدا عەداڵەت دەکاتە ناعەداڵەتی و شێوازی کافکا بەتەواوی نیشان دەدا. تا ساتێکی تر ئێمە بەمە سەرسووڕماو دەبین کە ئەوە چ تاوانێکە ژۆزیف ك. کردوویەتی و بۆچی ئەو دەیەوێ تاڕادەیەك تاوانەکان وەئەستۆ بگرێ. دەڵێی هەمووومان بەشتێك تاوانبار کراوین. بێجگە لەوە ئەو لە حکوومەتێکی مۆدێرن و قۆناغێکی مۆدێرندا دەژی. ئەم قۆناغە مۆدێرنە بەشێك لە بارودۆخی دەروونیی پاڵەوانی کافکایە کە لە عادەتی دەماری و خودی مەحکووم کەری نووسەردا بەشداری دەکا.هەروەها ئەوەی وا باسمان کرد بەشێکە لە هەلومەرجی سیاسیی مۆدێرن– چونکە تەقەیەکی کە لەو بەیانییەدا لە دەرکەی ماڵی ك.وە دێ دەنگێکە کە ئەو و ئێمە بۆ دنیای پڕ مەترسیی مێژوو و سەردەم بانگ دەکا.

تی دەبلیۆ ئادۆرنۆ، ڕەخنەگری ئاڵمانی دەنووسێ: ***ژۆزێف ك. کە کافکا ئەوی دەبردە ژێر ڕکێفی نووسینی خۆی، بۆ هەمیشە تووشی نائارامی و شڵەژاوی و دڵەڕاوکێ هاتووە***. زۆر سەیرە کە وا دانراوە کافکا– بەلەونێك کەنارکەوتووترین، لە ڕاستیدا بورژواترین نووسەری مۆدێرنە تەواوی دەوری تێدا گێڕاوە بە یەکێك لە بەتواناترین و سەرسامکەرترین نووسەرانی مودێرن دانراوە. ئۆدێن دەڵێ:

***ئەگەر کەسێك بیەوێ نێوی نووسەرێك بێنێ کە بەسەردەمی ئێمە نزیك بێ، وەکو ئەوە پەیوەندییەی کە دانتە، شکسپییەر و گووتە لەگەڵ سەردەمی***

***خۆیان بوویانە، کافکا یەکەم نێوە کە دێتە زەینەوە***. دەبێ ئەمەش بگوترێ کە ئەو وەکو ئاڵۆزترینی ناوداران درەوشانەوەی ڕۆحی مۆدێرنە.

دەبێ بەڕوونی بگوترێ کە کافکا بۆ خۆی باوەڕێکی وای بەبنەما و چۆنییەتیی پێشگۆییی مێژوویی خۆی نەبووە و سیاسەتیشی زۆر پێ خۆش نەبووە. بۆ نموونە زیاتری ئەو شتانەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەو دوور بوو. ئەو نووسەرێك بوو کە خۆی بەشێوەیەکی عاتیفی و ڕووناکبیرانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دادەنا. بشێوییەکی کە ئەو باسی لێ دەکرد بارودۆخی دەروونی بوون. نهێلیزمێك کە وا دیار بوو دەیویست بیناسێنێ، شتێك بوو کە بۆ خۆی متمانەی پێ نەدەکرد. لە بارەی دنیایەکدا دەینووسی کە هی ئێمە نەبوو، بەڵکوو دنیایەك لە میراتی تێك ڕووخاوی جوولەکەکان و لە سیستمی کۆن و هەڵدێردراوی ئەورووپا بوو. ئەو وەکو داستایۆفسکی یان لە ڕاستیدا وەکو زۆربەی نووسەرانی بەرەی خۆی –ڕۆبێرت موزیلی ئوتریشی کە مرۆڤی بێ کەسایەتیی خوڵقاند، نووسەرێکی خەڵکی **تریستە** بەنێوی ئیتالۆ ئیزویۆو کە ***دان بەتاوان هێنانی زینۆی*** نووسی و یان ***تووماس مان***، خوڵقێنەری ***مەرگ لە ڤێنیز***– لە بارەی زێدەڕۆیی و شوناسی دۆڕاو، نەخۆشی و لێك هەڵوەشاوەیی نووسی و لەسەر زۆربەی ڕووناکبیرانی دەورەی پێشەکاری و بۆرژوازی شوێنی دانا.

بەم حاڵە بڕیار وابوو کە ئەم جوولەکە نەخۆش و گۆشەگیر و نامۆیەی خەڵکی پراگ، زیاتر لە هەموو نووسەرێکی تر خەیاڵاتی مۆدیرن وەلەرزین بخا و تێکی بڕووخێنێ. هیچ کەسێکی تر وەکو کافکا نەیتوانیوە ئەو مەترسی و بەڵایەی کە ئێمە لە سەردەم و دڵی خۆماندا هەستی پێدەکەین، یەکدەست و کامڵ بکا.

وەکو جۆرج ئیشتاینێر دەڵێ کافکا بەئەدەبیترین واتای خۆی پێغەمبەر و پێشگۆ بوو:

**ئەو هەقیقەتەی کە بتوانێ گرێکان لە بارەی کافکا بکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو خاوەنی پێشگۆییەکی سامناک بوو و ترس و خۆفی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەدی. دادگایی، نموونەی کلاسیکیی حکوومەت ترس نیشان دەدا. وێنەکێشی سادیسمی شاراوە نەخۆشیی هیسترییە کە دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان بەجەستەی ژیانی تایبەتی و جینسی خەڵکی دادەکەن. لەو کاتەوە کە کافکا ڕوو لە نووسین کردووە شەوانە لە دەرکەی زۆر کەس دراوە و ئەو کەسانەی کە نێویان هاتووە تا وەك سەگ بمرن، زۆرن. کافکا فۆرمی ئێستای کارەساتی مرۆڤ خوازیی ڕۆژاوایی، پێشگۆیی کردووە کە نیچە و کییەر کگۆر وەکو تاریکاییەکی گوماناوی لە ئاسۆدا دیتبوویان.**

ئیشتاینێر ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەمە هەقیقەتێکی تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە دەتوانین لە نێو سەدان زماندا، قۆناغی شێواوی و قوربانیکراوی مرۆڤی مۆدێرن بەخووورەوشتی کافکایی وەسف بکەین.

دادگایی بەدیل گیرانی ژۆزیف ك. دەست پێ دەکا و بە لە داردرانی ئەو تەواو دەبێ.

لە کاتی مەرگدا لە نزیك ئەو، دەلاقەی ماڵێك دەکرێتەوە و لەوێدا قەڵافەتێکی خەیاڵاوی ڕادەوەستێ و هەردووك دەستی درێژ دەکا. **ئەو کێ بوو؟ دۆستێك؟ مرۆڤێکی چاك؟ ئەو کەسەی کە هاوخەم بوو؟ ئەو کەسەی کە دەیویست یارمەتیی بدا؟ ئەو بەتەنیا بوو؟ یان ئەوەی کە هەمووی ئەوانە لەوێ بوون؟ کێ یارمەتیی دەدا؟ ئایا بەقازانجی ئەو بەڵگە دۆزراوەتەوە تا بتوانن دیسان چاوی پێدا بخشێننەوە؟ هەڵبەت دەبێ هەبێ.**

دوایین شتێك کە ژۆزیف ك. جیا لە قاتڵەکانی خۆی دەیبینێ، قەڵافەتی مرۆڤێکە کە دەیڕوانی. مرۆڤێك کە دەیتوانی ئاسوودەیی و هێمنییەك بێ بۆ

حوكم دراو. دوايين وشه گەلێك كه ئەو دەیڵێ ئەوەیه **وەكو سەگ**! كافكا ئەوەش دەڵێ:

**ئەم وتەیە وەها بوو دەتگووت مانای شەرمێك نیشان دەدا كه دوای ئەو بەجێ دەمێنێ.**

ئەو شتەی كافكای كردە هەرمان ئەوە بوو: مەحكووم بوونێكی گەورە و قوربانی كردن، شەرمی دەروونی و هیوایەكی شاراوە بەمرۆڤێكی باش، كەسێك كه هاوخەمی دەكا.

ئەگەر دەسپێكی دادگایی دەمانترسێنێ، ئاكامەكەشی بەنێوان ئەم سەردەمەدا بەگوێی ئێمە دەگا. كافكا وەكو كێشه خوازترین و لە هەمان كاتیشدا مۆدێرنترین نووسەری سەدەی بیستەم دەناسێنێ.

## ٢

**دادگایی لە بەیانیی ڕۆژێکی خۆشدا** و لە جێگا و بانی ژۆزیف ك. وە دەست پێدەکا. سێهەمین ساڵی لە دایکبوونی ئەو کاتەیە کە دەزانێ جیهان گۆڕاوە. بەڵام هیچ شتێك وەکو جاران ئاسایی نییە. ناشتاکەی وەکو ڕۆژانی پێشوو حازر نییە (قەت شتی وا ڕووی نەدابوو). دوو پۆلیس چوونە ژووری تاکوو پێی بڵێن هاتوون بیگرن، ئەگەر چی ئەوان هۆی ئەم کارە نازانن. دراوسێکانی بەرامبەر، چاوی لێ دەکەن، ڕەنگە ئەوان ئەو کەسانە بن کە لەسەر ئەو ڕاپۆرتی درۆیان داوە. پۆلیسێك لە دیوەکەی تر لێی دەپرسێتەوە و ئەو ناتوانێ بۆی شی بکاتەوە کە کێ تاوانباری کردووە یان تاوانەکەی چییە؟ بەدیل گیرانەکەی بەر بەژیانی ئاساییی ئەو وەکو کارمەندێکی بانك ناگرێ. ژۆزێف ك. بیر دەکاتەوە کە بەم شێوەیە گیرانەکەشی زۆر خراپ نییە و پێویست ناکا کە کەسێك لەم بارەیەوە شتێکی پێ بڵێ. بەڵام پۆلیسەکە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەمە **ئەرکی سەر شانم بوو**. سێ کەس لە هاوکارەکانی بەهۆگەلێك لەوێن تاکو لەتاکسییەکدا بەرەو بانك هاوڕێی بکەن، کەچی وێدەچوو کە ژۆزیف ك. هەوڵ دەدا بزانێ کە چ ڕووی داوە. هەمووی ئەو شتانەی ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتووە ئەوەیە کە خەڵکی باسی ئەویان کردووە و لە دەرەوە هەڵی دەسەنگێنن. ڕوون و ئاشکرایە کە زیندوو بوون واتە بەتاوانێکی نەزانراو تاوانبار بکرێی. **ئەگەر کەسێکی تر لە من دەڕوانێ دەبێ منیش لە نزیکەوە لە خۆم بڕوانم**. ئەگەر کەسێك ئاگای لە من نییە دەبێ من بەسەرنجێکی زیاترەوە بڕوانمە خۆم. فرانتس کافکا لە دەفتەری بیرەوەرییە سەیر و سەمەرەکانیدا ئەم ڕستانەی نووسی کە بۆ چەندین ساڵ ڕایگرتوو و بوو بەباشترین کلیل بۆ هەڵگرتنی قفڵی دەرگای خووورەوشتی ئەو وەکو مرۆڤ و نووسەرێك.

**ئێمـه زۆرجـاران دەپـرسـین: کـێ لـه بـارەی ئێمـەوە درۆی کردووە؟ کـێ توانیویـەتی ئـەم جۆرە قسانـە بکا؟** ئـەم خـەیـاڵـەی ژۆزێف ك. کـە خـۆی دەڕوانـێ و لـە خـۆی دەپـرسێتـەوە هـەمـان ڕۆحی کـافـکـایـە. چـونکـە ئـەو شتانەی کە کافکا نووسینی- سێ ڕۆمان کە هیچ کات نەیدەویست چاپ بکرێن، چیرۆکەکان، ژمارەیەك لەو نوسراوانەی کە بۆ چاپ هەڵیبژاردن، بـیـرەوەریـیـە سەیـر و سەمـەرەکـانـی و ئـەو نـامـانـەی کـە بـۆ بـرروودی نووسیبوون و گرینگتر لە هەمووان، ئەو، نووسینی نامەکانی بۆ فلیس بائێر کچێکی خەڵکی بەرلین کە دووجاری نیشانە کرد و بەڵام هیچ کات نەیهێنا- بەتەواوی مۆری دیاریکراو و جیاوازیی خەڵکیان پێوەیە کە لێك دەچن و هەموویان هی خەیاڵاتی کەسێکی کز و لاواز و گۆشەگیر و شوومـە. خـەیـاڵێك کە بـەچـەشنێکی نـامـۆ خـۆی ڕووت دەکـاتـەوە و هـیـچ چەکێکی پێ نییە. ئەو سەردەمایەك نووسیی: **باڵزاك گۆچانێکی پێ بوو کە ئـەفسانـەیـەکی لـەسەر هـەڵکـەندرا بـوو: مـن هـەمـوو کۆسپێك لـەبـەر یـەك دەردێنم، ئەفسانەی من ئاوا دەڵێ: هەموو کۆسپێك لەبەریەکم دەردێنێ**.

کافکا بەگەوهەرێك لە خۆ شاربەدەری، دەنووسێ کە تاکوو ئێستا هیچ نووسەرێك ئاوای نەنووسیوە. کەسایەتیی کافکا وەکو مرۆڤ و نووسەر، لە تاوان و شاربەدەریی دەروونی ئەودا ڕەگی داکوتاوە و دەڵێی بۆ بێ ئەوان هەست بەبوونی خۆی نەدەکرد. بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی کافکا دەبێ ئەو هەستە نامۆ و لە هەمان کاتدا ڕووناك کەرەوەیە بناسین و ئەو شتەی کە پێکی هێناوە ببینین.

کافکا لە سێی ژووئییە ١٨٨٣ زایینی لە پراگ لە دایك بوو. منداڵێکی تیشکەڵە و لاواز بوو و تەنیا کوڕی بنەماڵەی جوولەکەی ئالمانی زمان بوو. باوکی کافکا کە پیاوێکی ساغ و بەهێز بوو لە گوند دەژیا، ئەو بەهەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆرەوە توانی ببێتە بازرگانێکی سەرکەوتوو. دایکی لە ڕەگەزێکی تر بوو کە زیاتر لە ڕۆحی جوانی ناسانە پاراو دەبوو

و فرانتس خۆی بەنزیك بەو دەزانی. کێشەی باوك و کوڕ بۆ هەموو شتێك ڕاستییەکی گرینگ لە بوون و ژیانی کافکا دابوو، **"لەم دوایانەدا، ئێوە لێتان پرسیم کە بۆچی لە ئێوە دەترسم"**. ئەمە نامەی ناسراو یان بەجۆرێك نەناسراوی کافکایە، **نامە بۆ باوك** کە ئاوا دەست پێدەکا. بۆ ئەو کەسەی کە دەبووایە ئەم نامەیەی بۆ چووبانە، هیچ کات نەچوو. ئەم نامەیە مێژوویەکی گرینگ لە سەرەتای ژیان و ئاکاری ئەوە، ڕەنگە ئەمە عاتیفیترین بەسەرهاتێك بێ کە ئێمە لەم نووسەرەمان هەیە. ئەم نامەیە چیرۆکی سەرهەڵدانەکانی ئەوە– سەرهەڵدان دژی بنەماڵە و باوەڕی بنەماڵە، دژی ژیانی بازرگانانە، دژی میراتی جوولەکەکان لە کوشتاری بەکۆمەڵ– هەروەها لەو نامەیەدا گەورە بوونی کەسایەتییەکی پەشۆکاو نیشان دەدا. **ئێوە هۆگری شتێك بوون کە من لەودا متمانە بەنەفسی خۆمم لە کیس دا و بەجێگەی ئەو هەست بەتاوانێکی لە ڕادەبەدەر گەشەی کرد.**

دژی باوك بوون لەگەڵ ڕۆحی بەرهەمەکانی کافکا پەیوەندیی هەیە. ئەم پەیوەندییە کە بۆ کافکا مەترسی هێنەر بوو، ئەوی لە بنەمای پەیوەندییەکی مەرگاوی و خراپ لە نێوان مرۆڤ و خودا، مرۆڤ و یاسا و هەورەها ئەوانەی وا جوولەکەن و ئەوانەی کە جوولەکە نین، تێگەیاند. ئەو لە ژیانیدا بەم ئاکامە گەیشت کە هێزێکی باوکانە دەیخاتە ژێر چاودێری و تەواوی ئاکار و کرداری سەرکوت دەکا. تەنانەت نەخۆشییەکەشی لە بەرامبەر سڵامەتیی باوکی بەتاوان دادەنرا. کافکا دەڵێ باوکی ئەوی بەجۆرێك بارهێناوە کە متمانە بەکەس نەکا، **بۆ ئێوە سەیرە کە ئەم بێ باوەڕییە، کە لە هیچ کوێ بۆ من وەکو، منداڵێك قبووڵ نەکرا، لە من دابوو بەبێ باوەڕیی بەخۆم و بوو بەدڵەڕاوکەیەکەی هەمیشەیی لە بەرامبەر هەموو شتێکدا و هیچ پێویستی بەخۆڕاگرییەکی تایبەتی نەبوو (ڕاستییەکی ئەوە بوو کە ئێوە بۆیە خۆڕاگریتان کرد چونکە بەهێز و توانا بوون و بێجگە لەوە لە ڕاستیدا ڕەنگە هەوێنێکی لە شێوە دەوڵەمەندی تێدا بووبێ) چوونکە من لە هەموو**

**شوێنێکدا تەنیا خەڵکێکم دەدی کە زۆر باش و لەوپەڕی هومێدا بوون بۆ هەڵسووڕان**. ئەو بەتایبەت کاتێکی سامناك وەبیر خۆی دێنێتەوە. ئەو کاتەی منداڵ بوو لە شەودا داوای ئاوی کرد و باوکی ئەوی بردە بەر هەیوان و بەتەنیا بەجێی هێشت. **تەنانەت چەندین ساڵ دوای ئەوە من لەم خەیاڵە سامناکە ئازارم دەدی کە پیاوی گەورە، ئەوپەری هێز، دێت و بەبێ هیچ هۆیەك لەو شەوەدا لە جێگا و بان هەڵم دەستێنێ و دەمباتە بەر هەیوان و ئاوا من بۆ ئەو هیچ نەبووم.**

لەنێوان باوك و کوڕدا کێشەیەك ساز بوو هەر بەو جۆرەی کە کافکا دەیزانی شتێکی جیاواز و تاك نەبوو، ئەو باوکەی کە پیشەی بازرگان بوو قەتیش نەخۆش نەکەوتبوو و ئەو کوڕەی کە کز و لاواز بوو کە لە هەرێمی رۆحانیی هاوینە هەوارەکان دوور کەوتبووەوە و هاتبووە نێو دنیای ماددی شارەکان. ئەو گرفتە لە ئارەزووەکانی کافکا وەکو نووسەرێك وە دیارکەوت کە بۆخۆی سەرکەشییەك بوو دژی باوکێك کە ئەم چەشنە شتانەی بەبچووك دادەنا. رێیەك بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە ئاواتی باوکی بوون بۆ کوڕەکەی –ئەندامی وەفاداری بنەماڵە، بازرگان، هاوسەری جوولەکەیەکی ئیماندار– کافکا دەیگوت: **بەرهەمەکانی دووکەوتنەوەیەکی هەمیشەیی و ئاگادارانەیە لە تۆ**. لە خۆوە نەبوو کە کافکا تایبەت بەجیهانی ئۆتریش– مەجار بوو. دنیایەك کە زیگمۆندی فرۆید گەورە کرد، فرۆید لە ڤیەن شارستانیتر دەژیا و کافکا لە پراگ پایتەختێکی بچووکتر . بەم حاڵە ئەمە دروست هەر ئەو شتە نەبوو کە کافکا لە خۆیدا دەدی. ئەو بۆشاییەك بوو. بەدی هاتوویەکی بێ بایەخ، کوڕی شکست خواردووی باوکێکی پادشایی. ئەو شتەی کە ئەو خەریك بوو وەکو فرۆید بیدۆزێتەوە، هێزێك بوو کە لە زۆرداریخوازی و سەرکوتی دەماری خۆی بەرگری دەکا کە وادیار بوو ئەمەیان لە مرۆڤی جیهانی مۆدێرن و بۆرژوازی دەویست.

له ماوەی خوێندن له قوتابخانەی دواناوەندیدا و هەروەها خوێندن له زانكۆ ئالمانی زمانی شار، ئەو جێیەی كه له پێشدا كیمیای لێ خوێند و دواتر هۆگری ئەدەبیات و فەلسەفه بوو، شەڕ هەر بەردەوام بوو. له زانكۆ بوو كه چاوی بەماكس بروود كەوت و هەر لەوێ له ساڵی ١٩٠٦ دكتۆرای له بەشی یاسا وەرگرت. ئەم كاره بەیارمەتیی باوكی سەرەتایەك بوو بۆ ژیانی ئیداری له بەشی دەوڵەتی، له شوێنێكدا كه هەموو كات ئیش كردنی جوولەكەكان ببووه كێشەیەك. كافكا كەم تا كورتێك هیچ بایەخێكی بۆ دنیای یاسایی دانەدەنا. بەم حاڵه وەكو بروود له بایەخەكانی ئیشێكی دەوڵـەتـی ئـاگـادار بـوو. لـەو شوێنـەی كـه لـه سەعـات ٢ی دوانـیـوەڕۆوە دەرفـەتـی دەبوو تـا بـتـوانـێ چـاوی بـەبروود و كـۆمـەڵـگـای ئـەدەبـیـی شار بـكـەوێ و بـەرنـامـەكـەی وەكـو نـووسـەرێك دابـرێژێ. بـەجـۆرێك وەكـو سكرتێرێك له دەزگای بیمەی ڕووداوی شوێنی كار دەستی بەئیش كرد و خەریكی لێكۆڵینەوە له قوربانیانی ڕووداوی كارخانه بوو. بەكورتی ئەو بۆ خۆی بوو به بەشێك له هەزار بەهەزاری دەزگای ئیداریی ڕۆژەكانی كـۆتـاییی ئیمپراتۆریی ئوتریش– مەجار و ئیداره گەورەكان، دنیای ئیداری له ئەركەكانی ڕۆژانەی ژۆزێف ك. كه دایمه له ئاسەوارەكانی كافكادا خۆی دەنوێنێ، خۆی دەردەخا.

بـەم جـۆره ئـەگـەر بـەرهـەمـەكـانـی كـافـكـا هـەموو كـات ئـەویـان وەكو قوربانییەك نیشان دابێ، ئەو قوربانییه ئاگادارەیه كه چاودێریی خەڵك دەكا. كافكا وەكو دیكێنز، مۆلویل، گۆگۆل، تۆلۆستۆی و داستایۆفسكی كه له نووسەرەكانی سەدەی نۆزدەن و بەرهەمەكانی لەگەڵ ئەوان گرێ دەدرێ، دنیای یاسای دەناسی و له ناخەوە دامودەزگای ئیداریی ئەزموون كردبوو. ئەو كه بەڕێوەبەر و نێوەڕۆكی ئەم چوارچێوەیه له دنیای یاسا و زنجیرەی پلەكانی ڕۆحانی و بەڕێوەبردنەكان، وە پشتگوێ خستن و ناشیاو بوون، ئاگادار بوو. هەروەها ئەو ئاكارانه له بەرهەمەكانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

بـێجـگـە لـەوە بـەبـاشی لـە هـەلـومـەرجـی تـرس هـێنـەری ئـیش و ژیـانـی پرۆلتاریای شاری ئاگادار بوو. هەڵبەت ئەو ئاگادار بوونە نەتەنیا بەبۆنەی ئـیش کـردنـی لـەو دامـەزراوەیـە بـەڵـکـوو لـەبـەر ئـەو ئـەزمـوونـەیـە کـە دوانیوەڕۆیان لە کارخانەی باوکی ئیشی دەکرد، بەم هەموو ماندوو بوونە لەبەر ئەوەیە کە دەرفەتێکی بێ و پارەیەکی باش وە چنگ بێنێ تاکوو ببێتە نووسەر، لە هەمان کاتدا نووسین دەرباز بوون لەو ئەرکە ڕۆژانەیە بوو کە ئەوی لە خۆیدا دەتواندنەوە. لە ڕاستیدا نووسین ناساندنی ڕقی نێوان خۆی و دنیای دەرەوە بوو. بەڵام کافکا هەوڵی دەدا لە دنیای دەرەوەوە بڕوانێتە خۆی. بۆیە بەخوڵقاندنی جیاوازیی دەروونی، کەسایەتییەکی پڕ لە تانەی خۆی خوڵقاند. ئەو ئیدی بەتەواوی **من** نەبوو بەڵکو **ك.** بوو.

لە بەرهەمەکانی کافکادا خۆشاربەدەرکردنێکی ئاشکرا لەگەڵ بوونی ئەو وەکو نووسەرێکی ئاڵمانی زمان لە پراگ، زیاتر خۆی نیشان دەدا. شارێك کـە زۆر جـاران ڕاسـتـەخـۆ نـاوی نـابـات بـەڵـکـوو بـەنـاخـی بەرهەمەکانیدا ڕۆدەچێ. پراگ کە جارجارێك نێوی **دوبلینی ڕۆژهەڵاتی** لەسەر دادەنرێ، دروست لە ناوەندی ئەورووپا دایە و یەکێکە لە جوانترین و کۆنەترین شارەکانی ئەورووپا ناڤین و **شاری منارە زێڕینەکان**، پایتەختی ڕووناکبیران و لە هەمان کاتدا شارستانییە. مێژووی فەرهەنگی ئەو شارە لە نێوان میراتی ئالمانی و هێرشی سیاسیی ئوتریش– مەجار و هەروەها لە نێوی ڕۆحی ئورووپای ڕۆژاوا و ناسیونالیزم–ی چیك دا دابەشکرا بوو. شارێکـی سەدەی ناڤین و ناوەندی گرینگی جوولەکان بوو کە هێشتا ڕۆحی زێڕینگەرە کۆنەکان، فەرهەنگی گشتیی دێهاتەکان و کوورەی ئـینسان سووتـانـدن لـەوێ هـەست پـێ دەکرا. لەوێدا فەرهەنگەکان پێ دەگەیشتن و بەش دەکران. پراگ چوار ڕەگەزی لێ بوو، ڕەگەزی ئالمانی، ڕەگەزی چیك، جوولەکە و ئوتریشی (نەمسایی). ڕێژەی جوولەکە ٢٥٠٠٠ کەس بوو و لە نێوان ئالمانی زمان و چیك زمانەکاندا بەش دەکران و

ئالمانی زمانەکان بچووکترین کۆمەڵ بوو و کافکا یەکێك لەوان بوو.

لە بیرەوەرییەکانی کافکادا، سەیر نییە کە یەکەم نووسراوەکانی، بەئەدەبیاتی کەمینەکان تەرخان دەکرێ. دیسان جێی سەرسوورمان نییە کە نووسەرانێك وەکو ڕیلکێ و فرانتس وێرفێل بەرەو شوێنێکی تر دڕۆن و زیاتر لە هەموو شوێنێك بۆ بێرلین و ڤیەن کە لە نێوان ئەو دوو شارەدا پراگ بەسەر ژیانی ڕووناکبیریدا دەسەڵاتداریی دەکرد. کافکا لە ماوەی شەڕدا گوتی: **"هەموو کات ئەم ئازارە سەرەکییەم لەگەڵ بوو. چ دەبوو لە ساڵی ١٩١٢ ئەو سەردەمەی کە هەموو شتێکم بەدەستەوە بوو، بەزەینێکی ڕوون و ئاشکرا کە هێشتا یەکگرتوویی دەستەمۆ بوونی هێزی زیندووەکان ئەویان هەڵنەلووشی بوو، ڕۆیشتبووایەم!"** کافکا بەشێوەیەکی نائاسایی چوو بۆ بێرلین، ئەو شوێنەی کە پێی خۆش بوو. دواتر چوو بۆ ویەن، ئەو شوێنەی کە کەمتر پێی خۆش بوو. بەڵام لە بنەڕەتدا وەکو خەڵکی پراگ ماوە. ئەو نووسیویەتی: **پراگ ئیزنی ڕۆیشتنت پێ نادا... ئەم دایکە بیچکۆلانەیە چنگی خۆی پێوەیە**. پراگ بوو بەشارێکی خەیاڵی کە کافکا لە هەزار بەهەزاری شەقامەکانیدا هەنگاوی هەڵدێناوە. شارێك کە کۆشکێکی گەورەی بەسەردا زاڵ بوو. شاری ڕووبار، شاری دەربەندی گەورە، کەنیسە، دامودەزگای حکوومەتی، بازاڕی ئاژەڵ کە کافکا بەلای دادەڕۆیشت و دەچوو بۆ قوتابخانە. یەکێك لە یەکەم بەرهەمەکانی ئەو **گێڕانەوەیە شەڕێکە** کە زۆر جێی سەرنجە و باسی ئەم پیاسەکردنە دەکا. ئەو دەپرسێ: **تۆ هەوڵ دەدەی کە پێم وابێ من لە ڕاست ناچم و لێرە لەسەر پێیانەڕێی سەوزی بێهوودەیی ڕاوەستاوم؟ تۆ، ئاسمان، بەڕاستی ماوەیەکی دوور و درێژە کە هەقیقەت هەیە و لە بارەی تۆوە، ڕینگ پلاستو، تۆ هیچ کات هەقیقەت نەبووە... و من تەنیا کەسێکم کە دەترسێ.**

نووسراوەکانی کافکا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئاواتەکانی خۆی لە دەرەوەی لارنیتسبێرگ-ی پراگ ناساند: **من تێ گەیشتووم کە گرینگترین و**

**بەتامترین ئاوات، وە دەستهێنانی ڕوانگەیەکە لە ژیان** و (لە بەرهەمەکانندا ئەوە بەخەڵك بسەلمێنی کە ئەم کارە لەگەڵ ئەو ئاواتە گرێدراوە) **کە لە ژیاندا، هێشتا هەڵکشان و داکشانێکی پڕنێومرۆکی خۆی هەیە، بێجگە لە هیچ شتێکی تر نییە، بێجگە لە خەونێك، گومانێکی ڕەش و لێڵ چیتر نییە. ڕەنگە ئاواتێکی جوان دەبوو کە ئەگەر من بەدروستی ئەوم هەڵسەنگاندبووایە.** کافکا بەم ئاواتە جوانە گەیشت. بەرهەمەکانی ئەو بەپێز، و لە هەمان کاتدا خەیاڵاوی، واتە هیچ. نووسراوەکانی ئەو شاهیدێکی ئاشکرایە لەسەر پوخت و پاراویی ژیانی دەرەوەی خۆی و شاربەدەریی دەروونی و جیایی کە ئەو هەستی پێدەکا، هەر بەو شێوەیەی کە لەم ئاستەدا دادگاییی نووسیوە، **چارەنووسی من وەکو نووسەرێك چارەنووسێکی زۆر ساکارە. توانای من بۆ وێناکردنی ژیانی دەروونیی من هەموو بابەتەکانی تر وەلا دەنێ. ژیانم بەشێویەکی مەرگاوی کەوتووەتە بەر توێژینەوە. بەڵام هیچ کات شتێکی تر ڕازیم ناکا و ناتوانم متمانە بەو هێزە بکەم کە بۆ ئەم وێناکردنە کەڵکی لێوەردەگرم.** ئەو ژیانە دەروونی و خەیاڵاوییە، ئەو هێزەی کە ناتوانرێ متمانەی پێ بکرێ، هەر ئەوەیە کە لە پراگی شارستانیدا کافکای گەنج و نەخۆشی کرد بەنووسەرێکی دیار.

## ٣

هەر بەو شێوەیەی کە دیتمان، شاربەدەریی، مەرجی هەمیشەیی بەرهەمی مۆدێرنە و بەشی هەرە گەورەی ئەم سەرهەڵدانە، دژی هونەری ئاشنا، خۆجێیی و بەرتەسکە. بەڵام هیچ نووسەرێکی مۆدێرن بەقەد کافکا، بەلاڵێدراویی خۆی بەکۆڵ نەکێشاوە و یان ئەو ئازارەی ئا بەم جۆرە نەکردۆتە دەروونی و ناوەندی بەرهەمەکانی. هەر لە سەرەتاوە کافکا دەفتەرێکی بیرەوەریی هەبوو کە لەودا زۆر شتی دەنووسی– ئەو چیرۆکانەی کە دەیبیست، ئەو درەوشانەوانەی کە لە ژیانیدا دەیدیت، ئەو چیرۆکانەی کە بۆ خۆی دەینووسین– بێجگە لە هەمووی ئەوانە، دەفتەری بیرەوەرییەکانی کافکا نیشاندەری هەستی پەشۆکاوی، شاربەدەریی دەروونی و بەخراپ دانانی نێوی خۆی بوو . ئەو نووسیویەتی: **... ئەگەر من لێوی سەرەوەم، گوێچکەم یان قامکێکم نەدەبوو، ئەگەر سەرم پەڵەی کەچەڵی پێوە دەبوو و دەموچاوم هەڵماسیبووایە، هیچ کامیان نەدەگەیشتنە پوختی و پاراویی دەروونی من.** ئەمانە بیرەوەریی کەسێکی ئاڵۆزە کە دایمە لە خەیاڵ دایە و ئەزموونە پڕ مەترسییەکانی ، یاخیبوون و تاوانبارکردنی خۆی وەکو ئوستوورەیەکی بەهەڕەشە و گوڕەشە لە شەودا، دێتە بەرچاوی. لەم جیهانەدا تەنانەت لە خەو هەستان لە سەرەتای خەوتنەوە، وەکو وە خەبەرهاتنی ژۆزێف ك. لە سەرەتای دەسپێکی دادگایی و گریگۆر سامساما لە ڕستەی سەرەتای مەسخدا، سامناك و پڕترس و خۆفە. چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکا: **یەکشەممە، نۆزدەی ژووئیە، خەوت لێ دەکەوێ، وەخەبەر دێی، خەوت لێ دەکەوێ، وە خەبەر دێی، ژیانێکی سامناك.**

ئەم نووسراوانە بیرەوەریی خوێنەرێکی برسیین، زیاتر لە هەموو شتێك برسیی ئەو بەشە لە بەرهەمی بیرمەندانە کە لە بارەی پەشۆکاویی

مۆدێرنەوە، نووسراون و کافکا بەم چەشنە نزیکایەتی لەگەڵ دەکرد. کافکا لە دەسپێکێکی تایبەتدا دەنووسێ: ئێستا شتێکم لە داستایۆفسکی خوێندەوە کە ناکامییەکەی خۆمی وەبیر هێنامەوە. تەنانەت ئەو کەوانانەی کە بۆ گێڕانەوەی وتەکان دانراون، بەشێوەی ڕوون و ئاشکرا نیشاندەری ئەوەن کە نەتەنیا ناکامی ئاماژە بەهەقیقەتێکی تایبەتی دەکا، بەڵکوو چاودێریی قوناغێکی ئەدەبیشە. داستایۆفسکی ڕەنگە وەکو یەکەم نووسەری مۆدێرن، سەرچاوەی ڕوونی خەیاڵاتی خۆی بوو. کافکا و پاڵەوانەکانی کە کەسایەتیی ئەوتۆیان نەبوو، میرات گرانی پیاوی ژێر زەمینی داستایۆفسکی-ن. کافکا شانازی بەنووسەرانی مەزنی وەك گۆگۆل، تۆلستۆی و سترینگ بێرگەوە دەکرد. چونکە لەواندا وێنەی مرۆڤێکی بێ کەڵکی دۆزییەوە، مرۆڤێکی شەرمەزار بەشاربەدەریی دەروونی کە خولقاوی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستکردی مۆدێرن بوو. ئەو لە فەیلەسووفە مۆدێرنەکانی خۆشەویستی خۆی بەتایبەت نیییە و کیێر کگۆردا، هەستەکانی خۆی دۆزییەوە. هەر بۆیە دوای خوێندنەوەی چەند شتێك لە کیێر کگۆر، ئیگزیستانسیالیستی دانیمارکی، دەڵێ: بەو جۆرەی کە چاوەڕوانیم دەکرد گرفتی ئەو هەرچەند لەگەڵ من جیاوازیی بنەڕەتی هەبوو بەڵام زۆر لە من دەچێ. لانیکەم ئەو لە دنیایەکدا دەژی کە لە دنیای من دەچێ. ئەو وەکو دۆستێکی باش پشتگریم دەکا.

ئەگەرچی ئەم نووسراوانە بیرەوەریی نووسەرێکە، نووسەرێك کە دەتوانێ بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەنێو بەندیخانەی دنیای ژنان و ئازار چێشتووی خۆی، داگیرمان بکا. ئەو نووسەرێکە کە دایمە باسی دڵپیسی و خەمناکی و خۆتاوانبار کردن و هەستی تاوانباری وەکو بارودۆخێکی ئافراندن دەکا. ئەو کاتەی زۆر نائومێدە و بەسەختی هەست بەتاوانباری دەکا و لە نائومێدیدا دەژی، نووسین باشترین ڕێگایە. ئەو وەکو نووسەرێکی شەوانە باسی خۆی دەکا. کەسێك کە بەرهەمەکانی لە کاتێکدا لە دایك دەبێ کە ئێمە ناتوانین بەهۆی ترس بخەوین.

**تـامـەزرۆیـیـەکـی گـەورەم بـۆ دەرهـاویشتـنـی پـەشۆکـاویـم هـەیـە. ئـەم پەشۆکاوییە لە ناخی بوونمدا تژی بوو. دەمەوێ ئەم پەشۆکاوییە بەناخی کاغەزدا بکەم یان بەشێوەیەك بینووسمەوە تا بتوانێ ئەو شتەی لە ناخی مندا هەڵکەندراوە لەسەر کاغەزە بکێشرێتەوە.**

چیرۆکەکان زۆرن و ئەو دەیاننوسێتەوە. زۆرجاران کەسایەتییەکانی ناو ئەم چیرۆکانە، زۆر لەو دەچن. ئەو کەسایەتییانەی کە شیاوی نێوی ك.ن ئەوان لەو دنیای خەیاڵی و فریودان کە نووسەریان گەمارۆ داوە، **هەموو شتێك گومانە: بنەماڵە، ئیدارە، دۆست، شەقام، ژن، هەر هەموویان گومانن. دوور و نزیك دەبنەوە. بەڵام ڕوونترین هەقیقەت ئەوەیە کە من سەر لە دیواری بەندیخانەیەك دەکوتم کە دەرگا و دەلاقەی پێوە نییە.**

سەرچـاوەی نـووسیـن لـە کـوێیـە؟ کـافـکـا بـۆ مـاکس بـروودی نـووسی: **نووسین خەڵاتێکی لەبەر دڵان و سەرسووڕهێنەرە، بەڵام خەڵاتی چ شتێك؟ دوێ شەو وەڵامێکی ڕوون وەکوو وانەی ناوی –بەرکار– بۆ قوتابییان هـاتـە زەینـمـەوە. نووسین خەڵاتی خزمەت بەشەیتانە.** لـە بـارەی کـافـکـا ڕاستیان گوتووە کە هەر شتێکی ئەو دەینووسێ بەتامەزرۆیی کەسێکی ئایینی دەینووسێ، بەڵام ئەو شتەی کە ئەو بەدوایدا دەگەڕا **نەبوون** بوو. ئـەو نـووسیـویـەتـی: **مـن نوێنـەری بـەشە نیـگـاتیـڤـەکـانی سەردەمی خۆمم.** ئاگادارین کە بەشەکانی ڕوو بەئاوابوونی ئایینی مەسیحی–ش هەر بەو شێوەیەی کە نوێنەری کیێەر کگۆرن، ڕێنوێنیی ئەو ناکەن. یان هەوڵ نادا شاڵی نوێژی جوولەکەکان بەدەست بێنێ. بەمجۆرە بە وتەی خۆی، ئەو هەوڵ دەدا تا شاری ئاواتی خۆی بخولقێنێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەوە وەبیر دێنێتەوە **ئەو شتەی کە لە ناخی ئێمە دایە، بەشە نیگاتیڤەکەیە و زۆر دەمێکە کە بەشە ڕاستەکەی بەئاکام گەیاندووە.** بەپێی وتەی بروود و ڕەخنـەگران، کـافـکـا لـە بـنـەڕەتدا نووسەرێکی ئـاییـنی بوو کە بۆ ئەو شاربەدەریی بە واتای دوورکەوتنە لە دنیای ئاسمانی بوو. زۆر جاران

زۆر زیاتر لەو واتایە، باسی کافکایان کردووە کە ئەم جۆرە باسکردنە بووەتە ناسێنەری هێزی ئەو وەکوو خاوەن خەیاڵێکی مۆدێرن. بەڵام کافکا وەکوو زۆربەی نووسەرە مۆدێرنە گەورەکانی جوولەکە، بۆ وێنە بابێل، سینگێر، بێلوڤ، ئاموسی ئوز، لە تێڕوانینی ئایینی دوور نییە و لە هەمان کاتدا باسی بۆچوونی نەبوونی دەکا. لە هەموو شوێنێك مۆرکی میتافیزیکی لە بەرهەمەکانی دەدەن، هەرچەند دنیای ئاسمانی بەشێوەیەکی سامناك دەست پێڕانەگەیشتووە وەکوو دادگایەکی دوور، باوکێکی ون یان خۆبوێر یان هێزێکی دوور و دەسەڵاتدار.

بەڵام بەم جۆرە دنیا نائاسایی و پساو لە ژیانە و لە پڕدا نامۆ دەبێ. دنیایەك کە فەزای جێ متمانەی ئاشنا دەکاتە **گۆرستانێکی ڕووتی ژێر زەمینی**– ئەو شتەی کە لە چیرۆکی مەسخدا نێوێکی شیاوی هەیە، ڕوودەدا. کورتە چیرۆکەکانی کافکا لە جوانترین چیرۆکەکانی سەدەن و هەرکامیان بە لەونێك ئەم هەستی نامۆیی و بێگانە بوونە، لە خۆیاندا نیشان دەدەن. لە مەسخدا پیاوێك وەخەبەر دێ تا بزانێ بووەتە قالۆنچەیەکی گەورە و دەبێ لە چنگی ڕزگار بن. لە چیرۆکی **یاسای سزادانـدا**، ئەفسەرێك ماشێنێکی سامناك دەخاتە بەرچاو کە لەسەر جەستەی هەر بەندییەك بەشێوەیەکی ژاناوی تاوانەکەی دەنووسێ و دواتر ئەو بەندییە دەبێتە قوربانی ماشێنەکە. قەشمەرێك لە کۆبوونەوەی ئاکادیمدا چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و **هونەرمەندێکی برسی** کە بە تاقەت هێنان لە ڕۆڵی برسیدا ناوبانگی دەرکردووە، دەڵێ کە لە خواردن بێزارە و دژایەتیی لەگەڵ دەکا. لێرەدا ئەوەی ڕاستی بێ برسێتییە و ناڕاست خواردنێکە کە ناوەناوە لە شانۆدا بۆ زیندوومان دەیدنێ. لە ڕۆمانەکانی ئەودا کەسێك دەچێتە ئەمریکای خەیاڵی کە کافکا هیچ کات نەیدیتبوو (ڕۆمانی ئەمریکا)، کەسێکی تر هەوڵ دەدا تا لە دەسەڵاتی سەیری کۆشکێك بگا کە بڕیارە دەسەڵاتداری ژیانی ئەو بێ (ڕۆمانی کۆشك).

ژۆزێف ك. لە دادگاییدا دەکەوێتە ژێر دەستی دەزگای قانوونی کە لێی تێ ناگا، بەڵام لە ئاکامدا ڕاستییەکەی پێ دەسەلمێندرێ.

کافکا هەر لە پێشترەوە خۆی بۆ نووسەر بوون ئامادە دەکرد و نووسراوەکانی لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەبووەوە. ئەو دایمە داکۆکی لەوە دەکرد کە نووسراوەکانی بێ بایەخن. تا ساڵی ١٩١٣ هیچ کام لە کتێبەکانی بڵاو نەکرابوونەوە، لە ساڵی ١٩١٣، کتێبی **ئەندێشەکانی** بڵاو کردەوە کە لەبنەڕەتدا کۆی بیرەوەرییەکانی لە ٩٩ لاپەڕەی گەورە دابوو. لەو قۆناغەدا دەتگوت، هێزی ئافراندنی، بەرەهابوونێکی نوێ گەیشتووە، هۆکاری ئەمەش، ڕەنگە هۆی عاتیفی بێ. چوونکە لە ساڵی ١٩١٢دا لە ماڵی ماکس بروود چاوی بەفلیسە بایێر کەوت، کچێکی گەنجی بێرلینی، کە کافکا بەشێك لە ئاڵۆزترین هەست و جێ سەرنجترین نامەکانی خۆی بۆ ئەو دەنووسی. لە ساڵی ١٩١٣ ئەو کاتەی کە ئەم پەیوەندییە لەوپەڕی خۆی دابوو، کافکا مەسخ و بەشێك لە ڕۆمانی ئەمریکای نووسی، تەنانەت نووسراوەکانی ئەو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا لە هێز و بوێرییەکی تازە و ئافرێنەرانەوە سەرچاوە دەگرن. بێگومان ئەم نزیکایەتییە لەسەر ئافراندنی دادگاییدا کاریگەری بوو.

لە ڕاستیدا ئەو نامانەی کە بۆ فلیس نووسراون پڕن لە تاوانبارکردنی خۆی کە زۆر تایبەتن. ئەم نامانە نووسراوەی ڕۆژانەن لە بیانوو، دڵەڕاوکێی جەستەیی و دانپێدانانی جیددییە بەکەم هێزیی جینسی و ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکا کە هەستی قووڵی لە بەرامبەر مرۆڤەکان ئاوێتەی ترس و بێ سەرنجییە. هەر لە سەرەتاوە بەوە دەزانین کە ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی لەناوچوونی خۆی و هەر بەو چەشنەی کە کافکا بەپەشۆکاوی لەگەڵ بەشە ئاشناکانی ژیان ڕوو بەڕوو دەبێتەوە –لەوانە عێشق، نیشانە کردن، ژن گوێستنەوە، بوون بەباوك و بەشکردنی ژوورەکانی ماڵی لەگەڵ ئەوانی تر– کاتێ پێشنیاری ژیانی هاوبەش بەفلیسە دەکا، چەند هۆ دێنێتەوە گۆڕێ کە بۆچی دەیەوێ ژن بێنێ یان

بۆچی دژی ئەم کارەیە، بەڵام ئەم هۆیانە دژ بەیەکن، **نەتوانین لە بەتەنیا ژیان**، یەکێك لەو هۆیانە بوو کە دەبووایە ژنی هێنابووایە. **من دەبێ تا ڕادەیەکی زۆر بەتەنیابم، گشت بەرهەمەکانم هی تەنیایین** و ئەم وتەیە یەکێك لەو هۆیانەیە کە بووەتە کۆسپ لەسەر ڕێگای ژن هێنانی. نیشانە کردنی فلیسە ناکۆکیی کافکای لەگەڵ باوکی زیندوو کردەوە. سەرجەم بیرۆکەی ژن هێنان، بنەماڵە و منداڵ، بوو بەهەڕەشەیەکی هەمیشەیی بۆ نووسەر بوونی ئەو و پەیامی ئەو نیشاندانێکی بێ کۆتاییە و لە ڕێی تەنیاییەوە دەست پێی ڕادەگا.

لە تەواوی بەرهەمەکانی کافکادا ئەشقێکی بەهێز هاوڕێ لەگەڵ تاوانێکی هەوەسیی ئازاردەر، بەرچاو دەکەوێ. لە دادگاییدا ژۆزێف ك. هیوادارە کە ببێتە ژنێکی دڵسۆز بۆ ئەو، بەڵام دەڵێی ئەو کارە هەوەسییەی کە بێ ترس ئەنجامی دەدا بەشێکە لە تاوان و هۆی لەناوچوونی خودی ئەو. کافکا جاروبار لەگەڵ ژنە هەرزەکان دەستی تێکەڵ دەکرد و تەنانەت باس لە کوڕێکی زۆڵ دەکرا. وادیار بوو کە ئەو نزیکایەتی لەگەڵ هەمووی ئەو ژنانە دەکرد کە پێیان خۆش بوو و ئەم خاڵە لە بارەی دۆست و هاوڕێی فلیسەشەوە هەر وایە. کافکا دایمودەرهەم وەکو بۆ فلیسە نامەی بۆ کچێك بەنێوی گێرتە بلووش دەنووسی و هەوەسی خۆی وەها بەو نیشان دەدا کە دواتر ڕوون دەبێتەوە گێرتە بۆ کافکا سەرنجراکێشتر بوو. ئەم کارە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی کێشەیەکی گەورە لەگەڵ ئەو ژنانەی کە نزیکایەتیی لەگەڵ دەکردن. کافکا چوو بۆ بێرلین تا چاوی بەفلیسە بکەوێ و بۆ ماوەی چەند حەوتوو نیشانەی کرد. دواتر دوای ئەوەی کە گێرتە نێوەڕۆکی بەشێك لەو نامانەی ئاشکرا کرد کە بۆی نووسرابوو، نیشانەکراویی فلیسە و لە دادگایەکی بنەماڵەیی لە هۆتێلێکی شاری بێرلیندا لە فەزایەکی تەنزاوی بۆ کافکا دەسگیرانێتییەکەی لەگەڵ فلیسە هەڵوەشاوە. کافکا لەم دادگایەدا بێدەنگ بوو، بەڵام پەیوەندییەکەیان هەر بەردەوام بوو و بۆ جارێکی تر فلیسە نیشانە کراوە.

ئەم پەیوەندییە یەکێك لە ڕووداوە گرینگەکانی هاوینی ١٩١٤ بوو. ڕووداوەکەی تریش دەسپێکی شەڕ بوو. **دووەمی ئووت، ئاڵمان دژی ڕووسیە شەڕی هەڵگیرساندەوە -مەلێ لە نیوەڕۆدا.** کافکا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاوا دەنووسێ و دوای ماوەیەکی تر **من لە بەرامبەر ئەو کەسانەی شەڕ دەکەن یان ئەو کەسانەی کە شێتانە، ئاواتێکی شەیتانییان بۆ دەخوازم، هیچ هەستێکم نییە بێجگە لە هەستی سووك کردن، دوو دڵی، ڕق و نەفرەت.** ڕاپەڕینی وڵات پەروەرانەش هەیە. **لێرەکانە من بەنیگای شەڕخوازانەی خۆم ڕاوەستاوم**، لە هەمان کاتیشدا باسی چارەنووسی خۆی وەکو نووسەرێك دەکا. **هەستێك بۆ کێشانەوەی ئەو ژیانە دەروونییەی کە لە خەیاڵ دەچێ** هەڵبەت ئەگەرچی ژیانی شێوا بوو. هەر لە مانگی ئووتدا بوو کە بەهەڵوەشاندنەوەی نیشانەکراویی فلیسە و ڕاگەیاندنی شەڕ، دەستی بەنووسینی دادگایی کرد. گومان لەوە دانییە کە لەو ساڵەدا دوو ڕووداوی گرینگ لە ژیانی کافکادا بوونە هۆی کاریگەرییەکی بەرفراوان بۆ بەدیهێنانی ئەم کتێبە -یەکیان تایبەت بەخۆی بوو واتە هەڵوەشاندنەوەی نیشانە کردن، هەوڵدان بۆ چوونە ناو جیهان، ئەوی دیکەیان دەسپێکی شەڕ کە مێژوویی بوو- بەچەشنێ کە ئەم دوو ڕووداوە لە خەیاڵیدا ئاوێتەی یەکتری ببوون. لە سیپتەمبری ١٩١٤دا نووسیویەتی: **وامدەزانی بۆ جارێکی تر تەنیا دوو لاپەڕە، خەم و خەفەتی من بۆ شکستی نەمسایییەکان و نیگەرانیی من بۆ داهاتوو... نووسینم دەوەستێنێ. بەڵام وای لێ نەهات. ئەمە تەنیا چەشنێ بێ سەرنجییە کە دایمە دەگەڕێتەوە و دەبێ دیسان بۆ هەمیشە وەلا بنرێ. کاتێ نانووسم دەرفەتێکی باشم بۆ خەم خواردن هەیە. شەڕ بیرۆکەگەلێك لە مندا دەورووژێنێ کە لە نیگەرانییەکانی کۆنی (فلیسە بیێر) دەچێ.**

ئەم دوو نسێیە کە بەمانای ئاشکرای جیا بوونەوە و شکستە لە دادگاکانی دنیا، لەسەر شانی کتێبەکەم قورسایی دەکەن. لە ڕاستیدا ئیلیاس کانێتی لە

ماناکردنەوەیەکی سەیر و پڕ هەراوهوریا لە بارەی دادگاییدا دەڵێ کە بەسەرهاتی فلیسە نێوەڕۆکی سەرەکیی کتێبەکەیە، نیشانەکردن هەمان بەدیل گیرانی سەرەتای کتێبەکەیە و دادگا وەکو بەڕێوەبەری حوکم لە کۆتاییی ڕۆمانەکە دێتە بەرچاو. کانێتی زۆر شتی ورد و شاراوەی ئەم نیشانەکردنە نامۆبارەکە بەڕووداوەکانی کتێبەکە پەیوەند دەداتەوە و بەشێك لەو پەیوەندییە بەجێیە. کافکا ئاوا باسی دادگای بەناوبانگ دەکا: **ئەگەر لە قوژبنێك منیان بەزنجیرێك دەبەستەوە و ئەگەر پۆلیسیان لە بەرامبەرم دادەنا و دەیانهێشت بەئاسانی چاویان لێ بکەم، لەوە خراپتر نەدەبوو و ئەمەش بۆ من هەمان نیشانە کردن بوو.** کافکا بۆ خۆی لەسەر ئەم باوەڕیە کە ئازار و ژانی ئەو ساڵە یارمەتیی خوڵقاندنی کتێبەکەی دەکرد، بەڵام هیچ کام لە خاڵانە ناتوانن ئەوپەڕی هێزی ڕۆمانەکە شی بکەنەوە و باسی ئەو شێوەیە بکەن کە چۆن شکستە تایبەتییەکان، خەم و هەست بەتاوانی جینسی، دەبێتە کتێب و خەیاڵی ڕەمزاوی و خوازەیەیی مەزن.

نـامـۆیـی لـە ″دادگـایـیدا″ ئـەو ڕاسـتـییـەیـە کـە زۆرجـار لـە بـیرمـان نـابـێ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تا چەند سەرسووڕهێنەرن. ژۆزێف ك. ئاگادار دەکەن کە بەدیل دەگیرێ، بەڵام ئەو ئەرکی خۆی لە بانکدا تەواو دەکا و دواتر دەگەڕێتەوە ئاپارتمانەکەی. وادیارە هەموو شتێك ئاسایی بووەتەوە بەڵام ژۆزێف ك. بەدوای کرێنشینەکەی خۆی فرائولین بورستنێر تاکوو ژوورەکەی دەچێ، هەر ئەو شوێنەی کە پۆلیس قسەی لەگەڵ کردووە و لە ڕاستیدا **دیوەکە** پیس بووە. ئەو هەوڵ دەدا لەگەڵ کچەکە ئاشقێنی بکا، دواتر لە پڕدا خەوی لێ دەکەوێ، بەڵام لە پێش خەوتندا بۆ ماوەیەك بیر لە ئاکاری خۆی دەکاتەوە. لێی ڕازییە، بەڵام پێی سەیرە کە بۆچی لەوە ڕازیـتـر نـیـیـە. دوای ئـەوە ئـاگـاداری دەکـەنـەوە، لـەبـەر تـاوانـەکـەی لـێی دەپرسنەوە، لێپرسینەوە لە ڕۆژانی یەکشەممانەیە تا کۆسپ نەخاتە بەردەم کاری ڕۆژانەی، ئەو دیوی دادگایی کردنەکەی کە لە ماڵێکی گەورە لە شەقامێکدایە نادۆزێتەوە. وتەی یەکێك لە پارێزەران وەبیر دێنێتەوە کە **پـەیـوەنـدیـیـەك لـە نێوان تـاوان و یـاسادا هـەیـە. لـە ڕاستیدا بـەهـۆی ئـەم پەیوەندییە ژووری دادگایی کردنەکەی دەدۆزێتەوە و دەبێ لەسەر پلیکانی تایبەت بێ کە ك. هەڵی بژارد.**

ئەو خانووە شوێنی دانیشتنی منداڵ و نەخۆشە. ئەو شوێنەی کە لەوێ لە ژنێکی جلشۆر لە بارەی **ڕاسپێردراوێك بەنێوی لانس** دەپرسێ. ژنەکە بەرەو دیوی دادگایی کردن کە زۆر قەرەباڵغە ڕێنوێنی دەکا و دەرکەی لەسەر دادەخا. ك. لە بەرامبەر دیوی قەرەباڵغدا بەرگری لە خۆی دەکا. ئەو دەڵێ دەبێ کاتێ دادگاییکە بەڕێوە بچێ کە ئەو بەدادگاکە بزانێ. ك.

لـە هـەڵـچـوون و تـووڕەبـوونـی خـۆی چـێژ وەردەگرێ و لـەوە دەدوێ کە بەتەواوی لە ڕووداوەکە دوور بووە. لە ڕاستیدا ئەو هەوڵ دەدا ببێتە پاڵەوانی

ئـەو کـەسانـەی تـاوانـبـارن. ئـەو بـەئـاشکرایـی دەڵـێ کـە **ئـەم کـارە دامودەزگایەکی گەورەی لە پشتە.** ئەو گاڵتە بەکرێکاری گەندەڵ و قازی و تەنانەت بە بەرپرسانی سەرەوەی دادگاش دەکا. ئەرکی ئەم دامودەزگایە ئەوەیە کە **بێ تاوان تاوانبار بکرێ و وتووێژی بێ مانا و زۆرجار بێ کەڵک و دژیـان لـەگـەڵ بـکرێ. ئـەمـەش وەکو گرفتـەکـەی من ڕاستیـیـەکی حاشا هەڵنەگرە.** لە ڕاستیدا زۆرجار وێدەچێ کە ئەو تاقمە بەرپرسانی دادگا بن. هەرچەند بۆ جارێکتر ك. بانگ ناکرێ بۆ دادگا بەڵام ك. یەکشەممەی داهاتوو دێتەوە و پێ دەزانێ کە دادگاییەك لە گۆڕێدا نییە. ژنە جلشۆرەکە، کە لە لایەن دادگاوە نێردراوە خۆی نیشان دەدا. ئێستا ك. وا دەزانێ کە ڕەنگە بتوانێ ژنەکە فریو بدا و لە دادگای دوور بخاتەوە. بەڵام قوتابییەکی پێ پان تا دیوی قازی بەدوای ژنەکە دەکەوێ. ژوورەکانی پێ نیشان دەدا، سەری لە گێژەوە دێ. تێ دەگا کە زۆربەی پیاوان پێیان وایە کە تاوانێك دژ بەژنان هەیە. ئێستا ئەو وردە وردە تێ دەگا کە ئەویش تێکەڵ بەدنیای تاوانباران بووە.

لـەمـەوبـەدوا شەڕی ك. بـۆ ئـەوەی لـە دنـیـای ئـێمـە دوور بـکـەوێتـەوە (پارێزەران هەر لە سەرەتاوە لە ك. دەپرسن بۆچی نایەوێ لە پلە و ئاستی خۆی بگا و ببێتە کەسی ئەوان) و هەروەها دوورەپەرێزی و هەر شتێك لە ژیانی ئەو دەبێتە بەشێك لە دادگا و دادگاییی ئەو وا دیارە پەیوەندییەکی لـەگـەڵ خـانـمـی بـورستـنـێر و هـەروەهـا ژیـانـی نـێو بـانك کـەوتـبـێتـە ژێر کـاریـگـەریـی. شەوێکیـان دەنگی شیوەن و هـاوار لـە پشت دەرگـایـەکـەوە دەبیستێ، پێی وابوو ئەو جێیە عەمبارە. دوو پۆلیس ئەویان بەدیل گرتبوو، بەڵام پیاوێکی تر قەمچیی لێ دەدا. شەوی دواتریش هەر ئاوابوو. ئەو فەرمان دەدا کە دەرکەی عەمبار بکەنەوە. ئاشکرا دەبێ ئەو چاوەڕوان نییە کـارمـەنـدانـی بـانك دوو پـۆلـیس و شکـەنـجـەگرەکـەیـان بـنـاسن. دەڵێی لە خـەیـاڵـێکدایـە و جـارجـارێك لـە ڕاستـی دوور دەکـەوێتـەوە. بـەم حـاڵـەش شێوەکانی خەون- ڕاستی جار لەگەڵ جار بەرین دەبێتەوە و مەودای نێوان

ئاشنا و نامۆ کەمتر دەبێتەوە. ئەم خاڵە بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرسوورهێنەری دادگایی و بەرهەمەکانی دیکەی کافکا، کە ئێمە بەرەو دنیایەکی تر ڕێنوێنی دەکا و ناتوانین ڕاستەوخۆ لە نێوان بیری زەینی پاڵەوان یان نووسەرەکەی کە دەڵێ **دنیایەکی سامناکم لە زەین دایە**ش هەر ئاوایە.

بەشی دووەمی دادگایی لە بنەڕەتدا ڕووبەڕوو بوونەوەی ک. لەگەڵ چەند کەسایەتییەکە دەڵێی دنیای دادگاکان بەباشی دەناسن و دەتوانن کاروبارەکانی بۆ ئەو شی بکەنەوە. ئێستا ک. دژی دادگایی خۆی لە دنیای ئاڵۆز و مۆدیرنی تاوانی گەورە و سزادا ڕادەوەستێ. ک. دەبەنە لای پارێزەرێکی پیر و پەککەوتە، بەشێوەیەکی نامۆ، شتێك لە بارەی تاوانەکەی دەزانێ و پێی دەڵێن کە خەرجی دادگایی بۆ تاوانبار و پارێزەرەکەی قورسە و ئەوان ناتوانن بیدەن. ک. ئەو کاتەی دەست بەگۆنای **لێنی** دا (پەرستاری بێ شەرمی پارێزەر) دێنێ، خۆی ڕیسوا دەکا و پێی دەڵێن کە زۆربەی تاوانبارەکان لە بارەی جینسییەوە سەرنجڕاکێشن: **ئەمەی کە پێش هاتووە شیاوی سەرنجە و یاسایەکی سروشتییە**. لێرەدا نە هەست بەتاوان دەکرێ و نەسزایەك لە گۆڕێدایە. چونکە هەموویان تاوانبار نین و هەموویان سزا نادرێن. لێرەکانە **تەنیا تاوانێك دەخرێتە ئەستۆی ئەوان، تا بەشێوەیەك سەرنجڕاکێشی ئەوان نیشان بدرێ**. ک. لە لێنی نزیك دەبێتەوە و پێی دەڵێ کە دەبێ تاوانەکەی خۆی وە ئەستۆ بگرێ. ئەو بیر دەکاتەوە، دەڵێ **من ژنەکان وەکو ئەو کەسانەی کە یاریدەم دەدەن لە خزمەتی خۆمیان دادەنێم.** هەر بەو شێوەیەی کە ک. خۆی لە نێو دنیای ئاڵۆزی هەوەس و یاسا و ئاییندا دەبینێتەوە، لەو دیمەنەدا پەشۆکاویی جینسیی ڕۆمانەکە، دەچێتە ئەوپەڕی خۆی و لە حاڵێکدا کە ک. لێنی ماچ دەکا، دیمەنێکی قازی دێتە زەینەوە و بەم شێوەیە ئەو لێنی بەجێی دۆستەکەی پێشووی خۆی دادەنێ کە کەمتر ڕەمزاوییە. لێنی دەڵێ **ئێستاکە تۆ هی منی** هەر دەڵێی بەم وتەیە لەسەر چۆنیەتی تاوانی جینسی تاوانی ئەو داکۆکی دەکا.

بێجگە لەوە، ک. بەدوای وێنەکێشێك بەنێوی تیتۆرێللیدا دەگەڕێ کە وێنەی قـازیـیـەکـانـی دادگـا دەکێشێتـەوە. لـێرەدا بـۆ جـارێکـی تـر نـەڕەوگـورەی هـەوەساوی دێتـە گوێ، چونکە ک. دەبێ بەپلیکانی خانوویەکیشدا سەر بکەوێ کە چەند کیژێکی مێرمندالْ گەمارۆیان داوە –ئەوان مندالْن، بەڵام هەوەس دەورووژێنن– تا ژوورەکە دەکەون. تیتۆرێللی پێی دەڵێ کە ئەو کچانەش تایبەت بەدادگا–ن. نیگەرانیی عەدالەت و یاسا لە هەموو شوێنێك و تەنانەت لە وێنەکانی تیتۆرێللی–شدا هەیە. تیتۆرێللی وتەی ک. بۆ بێ تاوانییەکەی بەڕاست دەزانێ و پێی دەڵێ کە لەوێ ڕزگاری دەکا و لێی دەپرسێ کە چ جۆرە پاکانەیەکی دەوێ، پاکانەی هەمیشەیی، پاکانەی ڕواڵەتی، پاکانەی دەستنیشان نەکراو، بەڵام کەسێك لە بارەی پاکانەی هەمیشەیی هیچی نەبیستووە. پاکانەی ڕواڵەتی واتە ئەوەی کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕواڵەتی ئازاد دەبێ و وادیارە کە بۆ جارێکی دیکە بەدیل دەگیرێت. لابردنی تاوان واتە ئەوەی کە ئیزن نەدەین دادگایی کردن هەر لە سەرەتادا کۆتایی پێ بێ. هەر دووك ڕێگا کە شێوەگەلێکی سادە و ساکارن بۆ دواخستنی دادگایی. ئەو کاتەی ک. دەڵێ ئەم دوو ڕێیە کۆسپێکن بۆ پاکانەیەکی ڕاست، تیتۆرێللی دەڵێ کە ک. بەتەواوی لە باسەکە حاڵی بووە. لـە حـاڵێکدا کـە ئـەو ستـۆدیـۆ بـەجـێ دێڵـێ، ک. بـۆ جـارێکـی تـر خـۆی لـە ئیدارەکانی دادگای یاسایی دەبینێتەوە –چونکە هەموو شتێك لایەنێکی دیکەیە لە دادگا.

هەر بەو جۆرەی کە ک. دەرك بەدیمەنە بەرچاوەکانی کتێبەکە دەکا، نە تەنیا لە جیهان بەڵکوو لە دنیای ئایینیشدا ڕاستە. داوای لێ دەکەن تا بچێتە کەنیسە. ئەم کارەش دەبێ بەئاشکرایی بێ. پێش ئەوەی بچێت، لێنی تەلەیفۆنی بۆ دەکا و دەڵێ **ئەوان زۆر خراپ هەڵت دەسووڕێنن**. ئەو لە کەنیسەی گەورەدا، کتێبی گەشتیاری بەدەستەوەیە و سەرگەردانە. کاتێ دەیـەوێ لـە کـەنـیسە بـێتـە دەرێ، قـەشەیـەك بـەنـێو هـەرای لـێ دەکـا. ئـەو بـەئـارامـی نـزیك دەبـێتـەوە وبـە–ك. دەڵـێ کـە ئـەو قـەشەی زیـنـدانـە و لـە

تاوانەکەی ک ئاگادارە. کار لەوە خراپتر دەبێ، **تۆ لە ڕادەبەدەر وە دوای یارمەتییەکی کە لە دەرەوە پێت بکرێ، بەتایبەت یارمەتیی ژنان**. دوای ئەوەی ک داوا لە قەشە دەکا تا لە میحراب بێتە خوارێ قەشە شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە– کاتی گرینگ لە ڕۆمانەکەدا. لە ڕاستیدا کافکا ئەم چیرۆکەی بەجیا هەڵبژارد و نێوی **لە بەرامبەر یاسای** لەسەر دانا و لە ساڵی **١٩١٦ دا** چاپی کرد. بێگومان ئەم چیرۆکە ناوەندی ئوستوورەی کتێبەکەیە و بۆ ژۆزێف ک. و خوێنەر نزیکترین ڕێگای دۆزینەوەیە. چیرۆکەکە چۆنیەتی داخراویی یاسایەك کە دەسەڵاتی بەسەرماناوەیە و هەروەها واتایەکی بێ ڕەخنەمان نیشان دەدا. هەر ئەم چیرۆکە تایبەتە بەسوننەتی ئوستوورەییی جوولەکان و دەتوانرێ لە ڕووی واتای قوربانیکردنی ژیانی لەگەڵ **کتێبی ئەیوب** هەڵسەنگێندرێ.

چیرۆکەکەی قەشە باسی کەسێك دەکا کە لە پشت دەرکەی یاسادا چاوەڕوانە. بەڵام دەرکەوان ئیزنی پێ نادا بچێتە ژوورێ. ئەو تەواوی تەمەنی چاوەڕوان دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا لە پارێزەرەکە دەپرسێ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بەدوای یاسادا دەگەڕێن، بۆچی هیچ کەسێکی تر بێجگە لەو بۆ ئیزن وەرگرتنی هاتوچۆ و چوونە ژوورێ، ڕوو لێرە ناکا. دەرکەوان دەڵێ کە ئەم دەرکەیە تەنیا و تەنیا بۆ ئەوە، ئێستا دەرگاکە پێوە دەدا. ک. ڕەخنەی هەیە کە دەرکەوان پیاوەکەی فریو داوە. قەشە بەکەڵك وەرگرتن لە گاڵتەیەك لە ڕاڤەیەکی ئایینی، بەچەند شێوە چیرۆکەکە ڕاڤە دەکا. چیرۆکەکە ئەوەمان پێ دەڵێ کە **تێگەیشتنی دروست لە حاڵەتێك لەگەڵ خراپ حاڵی بوون لە هەمان حاڵەت هیچ دژایەتییەکیان پێکەوە نییە**. چیرۆکەکە ئاماژە دەکا کە پیاوەکە بۆ هەر جێیەکی بیەوێ دەتوانێ بڕوا و تەنیا دەرکەی یاسا لەسەر ئەو داخراوە. چیرۆکەکە ئاماژە دەکا کە دەرکە داخستن ئەرکی دەرکەوان نییە. یان ئەوەی کە دەیەوێ پیاوەکە لە دوایین کاتەکانی ژیانیدا ناهومێدی بکا و لە ڕاستیدا ڕەنگە دەرکەوان نەتوانێ دەرکاکە دابخا. پێویست نییە کە پیاوی چاوەڕوان ڕاستیی وتەکانی

دەرکەوان قبووڵ بکا: **پێویست نییە کە شتێك وەکو ڕاستییەك وەربگیرێ، مرۆڤ دەبێ تەنیا ئەو شتە وەکو پێویستییەك وەربگرێ.** ئەم وێنەیە وێنەی تـوێژینـەوەی ژیـان بـۆ دۆزینـەوەی واتـا و وێنـەی چـیرۆکـی ك. یـە و هـەرچـەشنـە دەربـازبـوونێك لـە تـاوان یـان هـەرچـەشنـە پـاکـانـەیـەك ڕەت دەکاتەوە. هەر بەو شێوەیەی کە قەشە دەڵێ ئەویش خزمەتکاری دادگایە، چـونکـە ئـایـین و یـاسا ئـاوێتـەی یـەکـتـری بـوون. دادگـایـەکی کـە ئـەو نوێنەرایەتیی دەکا لە کاتی هاتنت قبووڵت دەکا و تەنیا ئەو کاتەی کە دەڕۆی بەرت دەدا. ناتوانی ڕەخنەی تێدا بگری و وەکو بوون هەمیشە هەیە، واتاکەی دەگۆڕدرێ و وەکو چیرۆکی کافکا چەند ڕەهەندییە.

ئێستا چاوەڕوانیی درێژخایەنی ژۆزیف ك. لە بەرامبەر یاسادا دەبێتە تەواو بوونێکی زۆرەملی. شەوێك بەر لە سی و یەکەمین ساڵی لە دایك بوونی، دوو پیاو دێنە بەر دەرگاکەی. ئەو چاوەڕوانە، دەڵێی چاوەڕوانی هاتنی میوانە. کەس لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە ناڕوانێ. خانمی بۆرستنێر دێت و ڕێی پێ نیشان دەدا. ئەو هەوڵ دەدا ئەمەی لە زەیندا بێ کە دەبێ بیر و هۆشی خۆی ئارام و تا دوایین کات بەجیاوازی دابنێ. ك. ئەوەی وەبیر دێنێتەوە کە: **ئایا دوای ڕۆیشتنم خەڵکی باسی من دەکەن، ئاوا باسم دەکەن کە دەمەویست لە سەرەتای بەسەرهاتەکەوە تەواوی بکەم و لە کاتی تەواو کردنیدا دەمەویست بۆ جارێکی دیکە دەست بە بەسەرهاتەکە بکەمەوە**. ك. بەشەقام گەلێکدا دەبەن کە پڕن لەو پۆلیسانەی بۆ کێشە هاتوون. بەرەو شوێنێکی دەبەن کە دوو پیاوی لێیە و وەکو ئەکتەرە پەککەوتەکان دێنە بەرچاو. جلوبەرگی لەبەر دادەکەنن و ك. قەدیان دەکا، وادیارە بڕیارە بۆ جارێکی دیکە لەبەریان بکاتەوە **دەمودەست نا، بەڵام ڕەنگە لەبەریان بکاتەوە**. ئەوان چەقۆیەك بەگیانیدا دەخشێنن و ك. دەزانێ کە بڕیارە بۆ خۆی چەقۆکەیان لێ وەربگرێ و لەسینگی خۆی بدا.

**ئەو نەیدەتوانی وەکو ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە، تەواو هەڵسوکەوت بکا، نەیدەتوانی پۆلیسەکان لە ئەرکەکانیان دوور بخاتەوە. بەرپرسایەتیی ئەم دوایین شکستە بەئەستۆی ئەوە، شکستێك کە بڕستی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکە لێ دەبڕێ**. ئەو ماڵەکان دەبینێ و ئەو خەڵکانەی کە لە کەنار دەلاقەی ماڵەکانیانەوە ڕاوەستاون و ڕاوەستان درێژی کردووە. پێی سەیرە کە قازی دیار نییە. ئەو قەت قازیی نەدی. ئەو دەستی کردبووەوە. ئەو کارەی کە لێنی لەگەڵ دەستی کردبووی، **ئەو لە سەگێك**

**دەچوو**. ئەو کاتەی ئەو پیاوانە خەنجەر لەسەر دڵی دەدەن، ئەمە دەڵێ: **وادیارە مەبەستی شەرمێك کە لە دوای ئەوەوە بەجێ دەمێنێ**.

**دادگایی**، ئەو وێنەیەیە کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایە و لەودا عیشق، هونەر و ئایین لە بەرامبەر هێز و توانا مەرگ و یاسادا ڕاوەستاون. کتێبەکە وەکو وێنەیەکی ڕەشی یاسا کە قەشە هەوڵ دەدا بۆ ژۆزێف ك.یی ڕوون بکاتەوە، دەروەستی ڕاڤەگەلێکە چونکە بەشێك لە بەشێکی تر گوماناویتر دەنوێنێ. ئێمە دەبینین لە توێژینەوەی ك. دا جۆرێك کۆمیدیای سەرسام شاردراوەتەوە. لە کتێبەکەدا تامەزرۆیییەك بۆ مرۆڤخوازی، بیر و هۆش و تێگەیشتنێکی تاقەت پڕووکێن لە کاری بێهوودەی ئەو لە بەرامبەر هێزگەلێك کە بەسەر ژیاندا زاڵن، لە ئارا دایە. ژۆزێف ك. لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ قەشەدا، خۆی لە بەدواداچوونی مەبەستەکانی چیرۆکەکە ماندوو دەبینێ، **ئەو بیر و ئەندێشانەی کە هەڵگری ئەو بوون، نامۆ بوون و لەگەڵ شت گەلێك هەڵسوکەوتیان دەکرد کە هەستیان پێ نەدەکرا، بەڵام بۆ باس لە نێوان نێردراوانی دادگا باشتر بوو تا بۆ خودی ئەو چیرۆکی سادە و ساکار مەبەستی ڕوونی خۆی ون کردبوو...** .

دادگایی لە سوننەتی نووسینی ئەوپەڕخوازیدا، چیرۆکیکی سادە دەخولقێنێ و لە هەمان کاتدا کەرەسەو پێداویستییەکی بێ پایان بۆ ڕاڤەیەکی جادوویی پێك دێنێ. بۆ ئێمە کە بیرەوەرییەکانی دادگا لە ماوەی وەرزەکانی نووسینی کتێبەکەدا دەخوێنینەوە، دژوار نییە کە بزانین چۆن چیرۆکەکە لەگەڵ ناکۆکیی زەینیی خۆی پەیوەند دەدرێ. ئەو زەینەی کە لەگەڵ واتاگەلێك وەکو تاوان، خەونی ڕەش، دووبارە خوێندنەوەی ئینجیل بەکێشە دێ و هەروەها لەگەڵ خەیاڵاتی نامۆ و دەستەمۆنەکراو (باشترین شوێن بۆ خەنجەر لێدان، نێوان گەروو و چەنەیە) بەشەڕ دێ، لە هەمان کاتدا زەینی ئەو کە بۆ زانیاری و ئیختیار بەدنیای مەزنترین خەیاڵی ئوستوورەیەك دەگا و دادگایی بەرهەمی ئەم دنیایەیە.

وا دەزانرێ کە کافکا یەکێك لەو نووسەرە مۆدێرنانەیە کە لە چاو کەسانی تر کەمتر تووشی گرفتمان دەکا. بەرهەمەکانی ئەو درکەیی "کنایی"ن بەڵام دەبێ بگوترێ کە وەکو کۆنراد یان توماس مان تەنزی ژیرانەی نییە. ئەو خاوەنی فۆرمی ئاڵۆز و ئیختیاریی جۆیس یان پروست نییە. وەکو کێوی جادوو فرە باسی ناهێنێتە گۆڕێ یان وەکو پروست بە هەوڵدانی ئاڵۆزی ئیختیار ناگا. هیچ شتێك بێجگە لە بوون درێژەی نابێ. کافکا سەرقاڵی کارێك دەبێ کە خەیاڵی و بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ناڕاستە، بەم حاڵەش زۆر لە ڕاست دەچێ، بەم هۆیە وا دیارە کە بەرهەمەکانی ئەو هەموو میتۆدەکانی ڕاڤەیەك تێکەڵ دەکەن یان ئەوەی کە وەکو تەمسیل لە کەنیسە ڕاڤەگەلێکی نوێ دێنیتە گۆڕێ. کافکا بۆ ماکس بروود لە بنەڕەتدا نووسەرێکی ئایینی بوو **کە لە تەواوی بەرهەمەکانیدا لە باڵاترین پێوانەی ئایینی کەڵك وەردەگرێ** (ئەگەرچی هیچ کات لە کردەوەشدا وای نەگوت). کافکا دوای شەڕ بۆ نووسەرە ئیگزیستانسیالیستەکانی فەرانسە، وەکو کامۆ و سارتر کە بەرهەمەکانی ئەویان زیندوو کردەوە، نووسەرێکی فەلسەفی بەهەوێنێکی نهیلیزمانە بوو (کامۆ لە ئوستوورەی سیزایۆفدا باسێکی سەرکەوتووی لە بارەی ئەودا نووسی). ئەو لەلای ڕەخنەگرە مارکسیستەکان، نووسەرێك بوو کە خەریکی جیاوازی و بێگانە بوونی سیستمی پیشەکاریی مۆدێرن دەبوو، بۆ ڕەخنەگرانی دژە مارکسیست، نووسەرێکی گەورەی مرۆڤخواز بوو کە دژی حکومەتی تۆتالیتێر ڕاپەری. دادگایی سەرنجی ڕاڤەی فرۆیدیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەشێوەیەکی ژیرانە ئەویان وەکو ڕۆمانێکی دژی قارەمانی مۆدێرن داناوە، چونکە لە کێشە و شەڕێکی بێ کۆتا لەگەڵ یاسا کە هیچ کات ناتوانرێ لەوە زیاتر لێی حاڵی بێ، هیچ کەسایەتییەکی نییە و هەمیشە دەیەوێ بێ تاوانیی خۆی بسەلمێنێ.

لێرەدا ئەو شتەی کە ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە لە ڕاستیدا کافکا بەشێکی زۆر لە مێژوویەکی ڕەشی گێڕاوەتەوە کە لە دوای مەرگی ئەو لە دنیادا سەر

هەڵدەدا. بەم حاڵەش لە ڕوانگەی یەکەمدا چیرۆکەکانی ئەو سیاسی نین. خەیاڵە ئالۆزەکانی ئەو لە ناخەوە هەڵدەقوڵن، لە تێگەیشتنێکی قووڵ لەهێزە سەیر و سەمەرەکان کە دەسەلاتداری دنیان، هەڵدەقوڵن. لە ڕۆحێکی دەروونی داسەپاو سەرچاوە دەگرن کە بەباشی لە درۆکان ئاگاداری ترپەی بەیانیان، بینەرانی واق وڕماو، یاسای هەزار بەهەزار بڕیار لەسەر دراو، نێردراوانی، بێ دەروەست، بەڵگە نامەی ناتەواوی دادگاکان، بێ کۆتا بوونی دادگایی، چاوەڕوانی لە بەرامبەر ئەو دەرکانەی هیچ کات ناکرێنەوە. ئەمانە پەشۆ کاویی میتافیزیکیی زەینێکی پەرێشانە. خەیالاتی ئەو زەینەیە کە چاودێری جیهانە، ئەو دنیایەی لەودا بڕیارە بێ سەرەوبەرەکان و بەرپرسە ونەکان ببنە جێگری پاکییەکی باش. ئەمە ڕاستییەکی سامناکە، هەمووی ئەوانە دەبێ کارکردە مێژووییەکانی مۆدێرن بێ–ڕاستییەکی سامناک کە گشت سووکایەتییەکان و بێ ئیختیارییەکی خەیالاوی لە بەرامبەر هێزە ڕەمزاوییەکان، پەیوەندییەکی نامۆ لە نێوان سزادەر و سزادراوان، هەمووی ئەوانە دەبێ دەمار ناسیی ناوەکی و شاراوەی سیاسیی سەردەمی ئێمە بێ کە کافکا دەتوانێ تەنیا بەژیری تێیان گەیشتبێ.

بەم حاڵە کافکا مۆدێرنترینی نووسەرە مۆدێرنەکانە و لە زۆربەی لایەنەکاندا ئەو کەسە لاوازە کە خۆی بچووکتر لە ک. دەدی، بەرزترین نسێی هەیە. ئەو وێنەیەکی تاریك و بێگانە و میراتگری داستایۆفسکییە کە لە تاریکاییەکی خەست و زانراو و هەڵدێردراو دایە. ئێمە دەتوانین بەتەواوی ئەو بۆ شەڕ بخوازین– بەم حاڵە زۆر بەدەگمەن دەتوانرێ نووسەرێکی سەرکەوتوو لە سەردەمی شەڕ و پاش شەڕدا ببینینەوە کە بەشێوەیەك شوێنی لێ هەڵنەگرتبێ. دوای شەڕ هەر بەو شێوەیەی کامۆ و باقیی شوکرانەبژێرانی ئەو تێگەیشتن، شێوازەکانی ئەو لەوان دەچوو. دەڵێن کامۆ هەر بەشێوەی کافکا، وەکو مرۆڤێکی مەحکووم دەینووسی. پاڵەوانەکانی ساموئیێل بێکت کە باسیان لەسەر کراوە بەنێوی کورت کراوە یان بێ نێو،

قەرزداری کافکان. هەروەها قەرزداری تێگەینی ئەو لە تەنیاییی جادووییی نووسەرن کە بەدنیای وشەکان شەرمەزار کراوە و لەسەر ڕەنج و ئازارێکی ون دەنووسێ. ئەمانەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە ببینێ خەڵکی بەرهەمەکانی ئەویان کۆ کردووەتەوە و بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕۆمانی **جوولەکە-ئەمریکایی** خوڵقاو نووسەرانێك دەستیان کرد بەنووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانانە کە خۆیان وەکو ***بەجێماوی*** دنیایەك دادەنا کە بەشێوەیەکی ڕەمزاوی لە کوورەکانی ئینسان سووتاندن لە ناو چووبوو. ئەو دنیایە، تێگەیینی ئەوانە لە شاربەدەریی و مێژووی ئازاردەر و هەروەها ئاگاداریی ئەوان لەو شێوەیەیە کە دنیای میتافیزیکی دەشارێتەوە. ئەم ڕۆمانەش (جوولەکە- ئەمریکا) لە ژێر کاریگەریی کافکا دابوو. نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بەتایبەت کەسانێك وەکو میلان کۆندێرا کە لە شاربەدەرەکانی پراگ، کە شاری کافکایە لە پەیوەندییەکی خەیاڵی لەگەڵ نووسەرێك ئازاری چێشتووە کە نەبوونی بوونە و نوێنەرایەتیی دڵسۆزیی هونەر لە سەردەمی سیاسەتەکانی لەسەر شانە.

لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە کافکا زیاتر لە هەموو نووسەرە مۆدێرنەکان و جارجارێکیش بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەچاکە نێوی هاتووە. بۆ وێنە لە ڕۆمانی ئاژەڵی کێوی، "فلیپ ڕووت"دا کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە بەنێوی دەیڤید کۆپێش دەبێتەوە ئاژەڵێکی کێویی سادە- گۆڕانێکی کە دوورە لە ڕاستی، کە بەشە سەرەکییەکەی خۆی بە بەئاشکرایی قەرزداری چیرۆکی کەپۆی گۆگۆل و زیاتر لە هەمووان مەسخی کافکایە. چونکە لەوێدا گرێگۆر سامسا، لە ماوەی شەودا دەبێتە مێشوولەیەکی گەورە- کۆپێش لانیکەم خۆی ئاسوودە دەکاتەوە. ئەو وەپێش کەسایەتیی کافکایی دەکەوێ و دەپرسێ: **نووسەری گەورەتر کێیە، ئەو کەسەی دیمەنی گۆڕانێکی سەرسووڕهێنەر دەکێشێتەوە یان ئەو کەسەی قەڵافەتی خۆی دەگۆڕێ؟** کۆپێش بەچیرۆکی ***مامۆستای وەسوەسە*** لە ساڵی ١٩٧٧ دا

دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەو دەوری مامۆستایەکی جوولەکەی ئەدەبیات دەگێڕێ کە لەگەڵ باوك و میراتی جوولەکە بەکێشە دێ. بێجگە لەوەش، وانە بەکافکا دەڵێتەوە و لە تایبەتمەندیی دنیای ئاشقانەی کافکادا شتێك لە دڵەڕاوکێی پڕ کێشەی خۆی بەهەوەس دەدۆزێتەوە. دەچێ بۆ پراگ و گڵکۆی کافکا دەبینێ تا بەسەرسووڕماوییەوە تێ بگا کە ئەو لە نێوان دایك و باوکیدا خەوتووە. ئەگەرچی کافکا نووسەرێکی قەدەغەکراوە، بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە دەبینێ کە کافکا وەبیر دێننەوە و کەسێك ئەو پێشنیارەی پێ دەکا کە بیباتە ئەو سەرتاشخانەیەی کە کافکا دەچوو. کۆپێش لە خەیاڵێکی سەیروسەمەرەدا و لە ئامێزی عیشقی خۆیدا، گفتوگۆ لەگەڵ پیرەژنێك دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمای گەنجی، کڵفەتی کافکا بووە –مەترسە کافکا. کۆپێش بەشێوەیەکی سەیر لەبەر کافکا دەپارێتەوە کە یەکیان تایبەتە. لە گۆڕستانی جوولەکاندا وردەبەرد دەخاتە سەر گۆڕی کافکا و پێی وایە کە لەنێو ئەم هەموو گۆڕەدا تەنیا پارێزگاری لە قەبری کافکا دەکەن و دەنووسێ :

***دەڵێی تەنیا پیاوێکی بێ ژنی بێ منداڵ دەتوانێ بنەماڵەیەکی زیندوو لە خۆی بەجێ بێڵێ. چ جێیەکی تر باشتر لە گۆڕی کافکا بۆ تەنزی لە دایك بوونی مرۆڤ هەیە؟***

## فرانتس کافکا

ئەوان
بە
تێپەڕک
ردنی
شەو و
ڕۆژ لە
نێو
لاپەڕە
ی
کۆی
یاساکا
نی
خۆیان
دا،
وایان
لێدێ
کە
چەمک
ی
دروسـ
تی
پەیوە

**ندیی**
**ئینسا**
**نی ون**
**بکەن و**
**لەبیری**
**ببەنەو**
**ە**

(دادگایی، بەشی ٧)

هزری حقووقی لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمدا زۆر بەکەمی بایەخی پێ دراوە. هەڵبەت ئەمەش بێجگە لە چەند بابەتی تایبەت وەکو نووسینەکانی کافکا و برێشت. هەرکیان بەتایبەتی کافکا لە برەوپێدانی ئەدەبیاتی نائومێدانە کە لە دەوروبەری شەڕی دووەمی جیهانیدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردبوو کاریگەرییان بووە. دەبێ نووسەرانی بەناوبانگی دیکەش وەکو ئالدۆس هاکسێلی، جۆرج ئۆرڤیل، سامۆیل بێکێت یان ئۆژێن یونسکۆ، بخەینە ئەم ڕیزەوە.

کافکا وەکو هەموو نووسەران لە ژێر کاریگەریی دەوروبەری خۆی (شاری پراگ و بنەماڵەی جوولەکەی- و سەردەمای خۆی- بەر لە شەڕی جیهانی ١٩١٨-١٩١٤ و سەرەتای نێوان دوو شەڕی جیهانی) دابووە.

پراگ لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئوتریش -مەجار و لە چێکۆسلاڤاکیی نێوان دوو شەڕدا، بەتوندی بووە بەمەیدانی بەربەرەکانێ و دوژمنایەتی نێوان چێك و ئاتمان کە هەمووان لە ئاکامەکەی لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانیدا ئاگادارن. پراگ ڕووبەڕووی هەستی شاراوەی دژە جوولەکەش بووەتەوە کە هەڵبەت لەگەڵ لایەنی توندوتیژانەی ئەم دژایەتییانە کە لە ڕوسییەی تیزاری و ئاڵمانی نازی

دەبیندرا بەراورد نەدەکرا. کافکا هاووڵاتییەکی ئیمپراتۆریی ئۆتریشی–مەجاری بوو، بەزمان و کولتووری ئاڵمانییەوە. پەیوەندیی زۆر نالەباری کافکا لەگەڵ باوك و بنەماڵەکەی، تووشی نەخۆشییەکی دەرونی دەکات کە سەرلەبەری ژیانی دادەگرێ و لە ئاکامدا لە ناوی دەبات. بەڵام ئەم نەخۆشییە دەمارییە دەبێتە هۆی خوڵقانی بەرهەمگەلێك کە ناوبانگ بەکافکا دەبەخشێ. ئەم ناوبانگە زۆر دوای مردنی کافکا بەتایبەتی دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەدەست دێت و ئەو دەخاتە نێو خەرمانەیەك لە پیرۆز بوون. بەناوبانگترین بەرهەمی ئەو کە تێیدا ئەندێشەی ماف بە بەهێزترین شێوە دەرکەوتووە و لەم نووسینەدا تەنیا باسی ئەو بەرهەمە دەکرێ *دادگایییە*.

***دادگایی*** سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی شاعیرانە نووسراوە، کتێبێکی قورس و نائەقڵانییە کە خوێندنەوەکەی شەکەتیی زۆر دێنێ. ئێمە عادەتمان بەوە کردووە کە پێمان وابێ ڕێزگرتن لە یاسا و بوونی سیستمێکی دادوەریی بیر گەش و چاکساز، دەبێتە هۆی شادمانی و بەختەوەریی کۆمەڵگا. *دادگایی* پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدات: ئەو کۆمەڵگا زەبەلاحەی کە جۆزێف ك. تێك دەشکێنێ لە ژێر دەسەڵاتی کافکا دایە، بەڵام یاسایەك کە بەڕادەی شاراوەبوونی بووەتە دەسەڵاتی هەمەلایەنە و هیچ کەس لە مانا و چەمکی ئەو یاسایە تێ ناگات. ئەم کۆمەڵگایە هەروەها بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی عەداڵەت دایە، بەڵام عەداڵەتێکی نەناسراو و پێشبینی نەکراو، بەدەسەڵات، پۆلیسی، بێ ناو و نیشان، لە بن نەهاتوو و پەرێشان. مافێکی نەناسراو و عەداڵەتێکی دڵڕەق و پڕنهێنی، ماف و عەداڵەتێکی لێڵ.

ئەمە وەسفی کۆمەڵگایەك نییە کە ئەو تێیدا ژیاوە. واتە شیکردنەوەی ماف و عەداڵەتی کۆمەڵگای ئۆتریشی –مەجاری نییە. ئەمە ڕەخنە لە سیستمێکی قانوونیی تایبەتی–ش نییە، ئەمە چەمکێکی رووت

(ئـابسـتـراكت)ە، خـوازەیـەكە كە لـە خـەیـاڵـەوە سەرچـاوەی گرتـووە. دواتـر –دوای شەڕی دووەمـی جـیـهـانـی، كـاتـێ كتێبـەكە نـاوبـانگی دەركـرد– تێگەیشتن دادگایی پێشگۆییەكی پێغەمبەرانەیە كە بیچم گرتنی سیستمی دادوەری، پۆلیسی و فكری ڕادەگەیەنێ و وەكو سیستمە گشتخوازەكانی نـازیسم، كۆمۆنیزم و بـاقیی سیستمە گشتخوزاكانی هـاوچەرخیـان لێ دێ. وەكو ئەو سیستمەی كە *مائۆ* لە چین، *پۆل پوت* لە كامبۆج و باقیی گشتـخـوازەكـان لـە گـۆشە و كـەنـاری دنـیـا پێكـیـان هـێنـاوە. وێنـەیـەكی كاریكاتێرانەی سامناك لە دنیای حقووقی: یاسا، دادگا، دادوەر، پارێزەر، دادگایی، پۆلیس، حوكمی تاوانباری و بەڕێوەچوونی حوكم..

## ١ - یاسا

یاسا نـانـاسرێ. جۆزێف ك. بەدوای نـاسینی یاساوەیە، چونكە بەپێی ئەو یـاسایـە بـەدوایـەوەن. قـەشەی زیندان بـەزمـانـی تـەمسیل– كـە مـۆتـەكـەی لـەگـەڵـە– بـۆی شی دەكاتەوە كە یاسا نـانـاسرێ.

نیگابـانێك لەبەر دەركە نیگابـانی دەدا، ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوێكی گوندی دێتە لای و داوای لێ دەكا ئیزنی پێ بدا بچێتە نێو یاساوە، بەڵام نیگابـانەكە پێی دەڵێ كە ئا لەم كاتەدا، ناتوانێ ئیزنی چوونە ژوورێی پێ بدا. پیاوەكە بیر دەكاتەوە و دواتر لێی دەپرسێ كە بەم پێیە و لە كاتێكی تردا دەتوانێ بچێتە ژوورەوە؟ نیگابـانەكە دەڵێ، دەتوانێ، بـەڵام ئێستـاكە نـا. نیگابـانـەكە بەپەنایدا تێپەر دەبێ و پیاوەكە دادێتەوە و لە كەلێنی دەرگاكەوە چاوێك لە ژوورەوە دەكات. نیگابان بەدیتنی ئەو كارە پێ دەكەنێ و دەڵێ:

***ئـەگـەر ئـەونـدە تـامـەزرۆی هـەوڵ بـدە مـن لـەسەر ڕێ لابـەی و بچییە ژوورەوە. بەڵام دەتۆ بڵێ گەرچی من هێزم هەیە بەڵام دوایین نیگابان نیم و لەبەر دەركەی هەموو هۆڵێك نیگابانێك دەبینی كە بەرە بەرە هێزیان زیـاتـر دەبـێ، دوای سێهـەم نـیـگـابـان تـەنـانـەت منیش نـاتـوانـم سەیری سیمایان بكەم.***

پیاوی گوندی بیری لەم دژوارییانە نەکردبووەوە، پێی وابوو کە دەبێ یاسا بۆ هەموو کەس و هەمیشە لەبەر دەست بێ. بەڵام ئێستا بەسەرنجدانی بە نیگابان، باڵتۆ خورییەکەی، لووتی قوت و ڕیشی ڕەشی درێژی ئەو، بڕیار دەدا تا کاتی ئیزندان بۆ ژوورەوە چاوەڕوان بێت، چەندین ساڵ چاوەڕوان دەبێت.

پیر دەبێ و ڕەنگی مردووی لێ دەنیشێ، دیسان لە نیگابانەکە دەپرسێ، نیگابان وەڵام دەداتەوە:

*دیسان دەتەوێ* ***چی بزانی، تۆ لە زانین تێر نابی. پیاوی گوندی دەڵێ: ئەگەر هەموو دەیانەوێ یاسا بناسن چۆنە تا بەئێستا بێجگە لە من هیچ کەس نەهاتووە ئیزنی چوونە ژوورێت لێ بخوازێ؟*** نیگابانەکە دەبینێ کە پیاوی لادێیی خەریکە دەمرێ، بۆ ئەوەی دەنگی بەگوێیی مردووی بگەیەنێ لە بن گوێچکەی دەنەڕێنێ: ***هیچ کەسێك بێجگە لە تۆ نەیتوانیوە بێتە ئێرە. چونکە ئەم دەرکەیە تەنیا بۆ تۆ دروست کراوە. ئێستاکە من دەڕۆم و دەرگاکە پێوە دەدەم.***

## ٢- دادگا

ئەو بینایەی کە تێیدا دادگایی ئەنجام دەدرێ. بەهیچ چەشنێ لە شوێنی عەداڵەت کە ئێمە پێی شارەزاین، ناچێ. شوێنێکی پیس، لە ژێر شیروانی بینایەکی کۆنی تایبەت بەخەڵکی ئاسایی کە تێیدا خەڵکی هەژار جینگڵ دەدەن، دەزگای عەداڵەت، ماف، یاسا و پیاوانی یاسا نەتەنیا بەتەواوی جێ متمانە نین بەڵکوو نیشاندەری چرووکی و ڕووخانی مرۆڤ و بەلاڵیدراوی و سووك کران- دواێن پیسی، بێ ئەخلاقی و نەخۆشی- مۆتەکەیەکی بەتەواو مانان.

جۆزێف ك. پێی وابوو کە ماڵ (دادگا)یەکە کە لە ڕووی ئەو نیشانانەی کە هێشتا وێنەیەکی نەهاتبووە زەینییەوە یان لە ڕووی هاتوچۆی بەردەرکاکانییەوە دەناسێتەوە. بەڵام لەسەر کۆڵانی سێن-ژوول کە

دەبـووایـە بـیـنـاکـە لـەوێ بووایـە مـاوەیـەك ڕاوەسـتـا، لـە هـەردووك سـەری کـۆڵانـەکـە، بـێـجـگـە لـە ڕیـزێك خـانـووی بـەرزی خـۆڵـەمێشی کـە لـە یـەك دەچـوون، ئـەو بینـایـانـەی کـە لـە سـەربـازخـانـە دەچـوون و ژوورەکـانـیـان بەخـەڵکـانی هـەژار بەکـرێ دەدرا، شتێکی تر بـەدی نـەدەکرا. لـەو بـەیـانییـەی یـەکشـەممـەدا، بـەر زۆربـەی پـەنـجـەرەکـان خـەڵکـی لـێ بـوو. پـیـاوانـێك بـەکراسی بێقـۆڵـەوە خـۆیـان دەنـوانـد یـان منداڵیان لـە بـاوەش دابـوو و بـەوریـاییـیـەوە چـاویـان لـە کـۆڵان دەکـرد. لـە پـەنـجـەرەکـانـی دیـکـەدا مـەلافـە و پـەتـوو و لێفـەکـانـیـان لـەسـەر یـەك دانـابـوو و جـار نـە جـارێك ژنێکی سـەر ئـاڵـۆزاو لـە پـەنجـەرەکـانـەوە دەبیندرا. لـەم سـەری کـۆڵانـەوە بـۆ ئـەو سـەری کـۆڵان، بـانـگی یـەکـتـریـان دەکـرد یـان لـەگـەڵ یـەکـتـری گـەمـەیـان دەکـرد. یـەکێك لـەو گـەمـانـە کـە سـەبـارەت بـەجـۆزێف ك. بـوو، هـەموویـانـی وە پێکـەنین دەخست... .

جـۆزێف ك. دوای ئـەوەی قـات بـەقـات سـەرکـەوت کـە پـڕ بـوون لـە منـداڵ و خـەڵکـانی سـەرگـەردان و ئـەو بـنـەمـاڵانـەی بـێ جـێـگـا و مـاڵـن، ژووری دادگـایـی لـە ژێر شیروانیدا دۆزییـەوە. ك. پێی وابـوو کـە چـووەتـە نێو کـۆبوونـەوەیـەکی گـشـتـی. پـۆلـێك لـە خـەڵـکـی جـۆراوجـۆر ئـەو ژوورەیـان پـڕکـردبـوو کـە دوو پـەنـجـەرەی هـەبـوو. چواردەوری ژوورەکـە پـڕ بـوو لـە خـەڵك. میچی ئـەو ژوورە بـەچـەشـنێ بـوو کـە خـەڵك نـاچـار بـوون خـۆیـان دانـەوێنن تـا سـەریـان لـە بن میچ نـەدرێ. کـەس سـەرنـجی بـەهـاتـنـە ژووریی نـەدا.. .

*لـە خـوارەوەی ژوورەکـەدا مێزێکی بچووك لـەسـەر سـەکـۆیـەك کـە وەکـو هـەموو شوێنێکی ژوورەکە پڕ بوو لـە خـەڵك، دانرا بوو. ئـەویـان بـەرەو ئـەوێ ڕێنوێنـی کرد. لـە پشت مێزەکە کە لـەسـەر لێواری سـەکـۆکـە بوو پیاوێکی خریلانـەی قـەڵـەوی پشوو سوار دانیشتبوو و لـە نێو پێکـەنینی خـەڵکدا خـەریکی قسەکردن لـەگـەڵ پیاوێك بوو کـە لـە پشت سـەریـەوە دانیشتبوو و لاقی لـەسـەر یـەك دانـابـوو و ئـانیشکـی خـسـتـبـووە سـەر دەسـکـی کـورسـیـی بـەردەنـگـەکـەی. ئـەم کـەسـە حـاکـمـی تـایـبـەت بـەدۆسییـەی جۆزێف ك. بوو.*

(بـەشی ٣، یـەکـەم لێپرسینـەوە، ل ٣٠١–٢٩٧)

## ٣- دادوەران

کافکا ناوی کارمەندانی دەزگای دادگاییکردن لەسەر دادوەران دادەنێ. ئەم کەسانە لە دنیای رووت و نامرۆڤانەی خۆیاندا نوقم بوون و بەسووکی و چرووکییەکانیانەوە، مرۆڤەکان لە نێو ڕەزمەی تۆپی مکانیزمێکی ترسناکی مەزندا دەهاڕن:

> لە دەزگای عەداڵەتدا پلەی جۆراوجۆر و زۆر هەیە کە کارناسانی خودی ئەم دەزگایەش سەریان سووڕماوە، بەدژواری دەتوانن ئاستی خۆیان دیاری بکەن. بەسەرنجدان بەوەی کە پێڕاگەیشتن لە دادگاکان لە بنەڕەتدا بۆ کارمەندانی پلە نزمی دەزگای حوکم هەروەها بۆ هەمووان داخراوە. کارمەندانی دادگا هیچ کات ناتوانن تا کۆتایی لە ڕەوتی دۆسییەکان ئاگادار بن. زۆربەی کاتەکان دۆسییەگەلێك لەم دادگایانەدا دەکەونە بەر دەست. بێ ئەوەی کارمەندانی دادگا بزانن کە ئەم دۆسییانە لە کوێوە هاتوون دەچنە دەرەوە و بێ ئەوەی بزانن کە بۆ کوێ دەنێردرێن. لەبەر ئەمە لە چۆنیەتی پێڕاگەیشتن بەدۆسییەکان لە قۆناغەکانی دادگاوە واتە لە لێکۆڵینەوە بەرایییەکانەوە بگرە تا دەگاتە قۆناغی حوکمدان، ئاگادار نین و بەپێی پێویست لەم بوارەدا هیچ شتێك فێر نابن. ئەوان تەنیا دەتوانن تا ئەو جێیەی کە یاسا ئیزنی پێ داون بەدۆسییەکە ڕابگەن و لە ئاکامدا لە ڕەوتی دواتری دۆسییەکە، واتە لە ئاکامی کاری خۆیان و بەرگرییەکانی پارێزەر کە تا کۆتاییی دادگاییکردنەکە لەگەڵ تاوانبارە، زانیارییەکیان نییە.

(بەشی ٨، ل ٣٦٦)

ئازاردان و سووکی و چرووکییەکی بەرچاو لەو وێنەیەی کە کافکا لە

کارمەندە سادەکانی نیشان دەدا بەرچاو دەکەوێ! ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو ئەواندا کەسانی خراپ و ئاژاوەچی زۆرن، بەڵام لە نێویاندا خەڵکانی باشیش هەن کە ئیشەکەی خۆیان پێ خۆشە و بەنییەت پاکی کارەکەیان بەڕێوە دەبەن.

## ٤- پارێزەرەکان

ئەو پارێزەری کە بۆ ماوەیەك بەرگری لە جۆزێف ك. دەکا لەم پرۆسەی سەرکوت و گوشارەدا، لەم دەڤەرەی بەڵا و نەهاتییەدا، تووشی بێ دەرەتانی و سەرگەردانی کە لێڵ و نادیارە و پڕە لە دژوازی و درێژخایەنی، واتە لەم ماشێنە بێ نێوەی کە تایبەتە بەهاڕین و سواندنەوەیەدا، مرۆڤەکان بەشدارن.

پارێزەریش وەکو کۆمەڵگا لە ریزێك لە پلەوپایە پێك هاتووە: شاگرد، ڕێخۆشکاری گرفت، پارێزەری پلە نزم کە کاری بچووك ئەنجام دەدا و لە ئاکامدا لە سەرووی هەمووانەوە، پارێزەرە بەرزەکان کە قەت کەس نەی بینیون (وەکو حاکمانی پلە بەرز کە کەس ئەوانیش نابینێ). پارێزەری دادگا، هۆڵد (کە لە زمانی ئاڵمانیدا بەواتای دڵسۆزە) نەخۆشێکە (قەرەویڵەی نەخۆشییەکەی لە نووسینگەی کارەکەی دانراوە) پەرستارێك چاوەدێریی دەکا، دەتوانێ هەموو شتێك بێ، بەڵام کەسێکی بچووك نییە.

پارێزەر بەجێی پرسیارکردن وتەیەکی دوور و درێژ، پێشکەش دەکا یان بەبێ ئەوەی قسەیەك بکا لە بەرامبەردا بێدەنگە (جاری وایە هەروەکو ئەوەی کە منداڵان لە کاری خراپ بەرهەڵست بدەنەوە، بەقسەی بێ ناوەڕۆك ئاگاداری دەکاتەوە: وتەی بێ سوود و شەکەتی هێنەر. لەبەر ئەمە ك. بڕیاری دەدا کە هەقدەستی نەداتێ... .

دۆسیەکانی دادگا بەتایبەتی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بۆ تاوانبار و پارێزەرەکەی نهێنییە. شتێکی کە زۆرجاران دەبێتە لەمپەر بۆ ئەوەی هۆکار و ویستەکان بخرێنە ڕوو و ئیزن نادا ئەوە ڕوون بێتەوە کە

ئەم هۆکار و ویستانە دەبێ لە کوێ بێنە ئاراوە، مەگەر ئەوەی تەنیا بەهەڵکەوت دەرفەتێکی ئاوا بڕەخسێنێت....

پارێزەری دادگا، هۆڵد دەیگوت: بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لایەن یاساوە ئیزنی بەرگریکردنی پێ نەدراوە. یاسا تەنیا وەخۆی دەگرێ، لە خۆیان دەپرسن کە ئەو بەشە لە ماددەی یاسا کە تەنیا ئیزنی داوە بەچاوپۆشیکردن، ئایا بەڕاست ئیزنی داوە. ئەگەر ڕاستییەکەیمان بوێ، ئەو دادگایەی کە ئەم دۆسییەی پێ سپێردراوە، پارێزەر بەڕەسمی قبووڵ ناکا... . دەزگای عەداڵەت هەمیشە بەدوای ئەوەوە بوو تا ئەو جێیەی کە دەکرا بەرگریکردن سانسۆر بکا. پێی وابوو کە خودی تاوانبار بەرگری لە خۆی بکا. بەگشتی ئەم ڕوانگەیە زۆر خراپیش نەبوو. بەڵام هیچ شتێك لەوە نادروستتر نییە پێمان وابێ کە بوونی پارێزەر بۆ بەرگری کردن لە تاوانبار لە بەرامبەر دادگادا شتێکی بێ کەڵکە. ڕاست بەپێچەوانەوە، پارێزەر لە هیچ شوێنێکی دیکەدا ناتوانێ بەو ڕادەیە قازانجی هەبێ، کە لە دادگادا بۆ تاوانبار هەیەتی. چونکە دادگاییکردن نەتەنیا بۆ هەموو بەڵکوو بۆ خودی تاوانباریش نهێنی بوو: سروشتییە، هەڵبەت تا ئەو جێیەی کە نهێنی بوون، دەکرا، هەڵبەت لە ئاستێکی بەرفراواندا هەروا بوو. لە ڕاستیدا تاوانبار هیچ چەشنە مافێکی نەبوو کە سەیری دۆسێیەکەی خۆی بکا و بەناوەڕۆکەکەی بزانێ. بەم پێیە بۆ ئەو زۆر دژوار بوو، بزانێ کە بەپێی لێپرسینەوەکان ئەگەری چ شتێك هەیە لە دۆسیەکەیدا هەبێ...

***کەموکوڕیی بنەڕەتی دەزگای دادگا کە هەر لە سەرەتاوە نهێنی بوونی بەڵگەکان دەستنیشان دەکا هەر لێرەدایە. کارمەندانی دادگا ناتوانن لەگەڵ کۆمەڵگا پەیوەندی ساز بکەن...، لە زۆر بواری سادە یان زۆر ئاڵۆز و دژواردا مات و بێدەنگ دەمێننەوە، ئەوان بەتێپەڕکردنی شەو و ڕۆژ لە نێو لاپەڕەی کۆی یاساکانی خۆیاندا، وایان لێ دێ کە چەمکی دروستی پەیوەندیی ئینسانی ون بکەن و لە بیری ببەنەوە.***

دادگایی ل٣٦٦– ٣٦١.

## ٥- دادگایی

دنیای دادگا مکانیزمێکە کە لە بۆشاییدا دەسووڕێتەوە. هەمووان لەوێدا هەمیشە و بەسەختی خەریکی کارکردنن بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەکەن. دادگایی لە کارخانەی ماشێنیی رووت و بێ کەموکوڕیی خۆیدا، وەکو، ماشێنێك لە گەڕدایە. پارێزەرەکان بەکەڵکی هیچ شتێك نایەن. خەریکی نووسینی ئەو داواکارییانەن کە بەپێی یاسا هیچ چەشنە پەیوەندییەکیان بە دادگاییەوە نییە. نووسین گەلێکی بێ ناوەڕۆك کە نە کەس دەیانخوێنێتەوە و نە کەس لێیان تێ دەگا.

ئاغای بلووك دۆسیەیەکی هەیە کە پێنج ساڵە هەروا کراوەیە و ئاوا باسی لێ دەکا:

***توانیم بەیارمەتی کارمەندێك لەخۆی و دۆسیێیەکەم بگەم. دەبێ دان بەوە دابنێم کە دۆسییەکەم پڕ بوو لە بابەتیی مەزنایەتی، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی تێدا نەبوو. تا بتەوێ پڕ بوو لە گێڕانەوەی ئەو وتانەی کە بەزمانی لاتینی نووسرا بوون و من لێیان تێ نەدەگەیشتم. هەروەها لاپەڕەی زۆر، ئەو لاپەڕانەی کە خوازیاری عەداڵەت بوون، هەروەها لاپەڕە گەلێك لە وەسفی بەشێك لە کارمەندانی دادگا کە بەئاشکرایی ناویان نەنووسرا بوو، بەڵام کەسانی شارەزا دەیانتوانی بیانناسنەوە، بەدوای ئەو لاپەڕانە لاپەڕەگەلێك بوون کە تێیاندا ڕێز لە پارێزەر گیرابوو، ڕێزگرتن بۆ ئەوەی کە ئەو وەکو سەگێکی گوێ لە مست لە بەرامبەر دادگا جووڵا بووەوە.***

(ئاغای بلووك، بازرگان، ل ٢٢٠)

## ٦- پۆلیس

بەشێکە لەم ماشێنە نەفرەتاوی و گەورە و بێ نیشانەی هاڕینی مرۆڤەکان. ڕێکخراوێکی بەرین، خاوەنی ڕیزێکی بەپرەنسیپی پلە و پایە لە کارمەند و فەرمانبەری نزم و ترسەنۆك و بێ ئەخلاق.

ئـــەو دوو پــۆلــیسەی جــۆزیــف ك. یــان بــەدیـل گــرت لــە لایــەن ئەشكەنجەگەرێكەوە لەبەر دەركی ئەو بانكەی كە جۆزیف ك. لەوێ كار دەكا، قەمچیكاری دەكرێن.

***– بەرێز ئێمە لەبەر ئەو شكاتەی كە تۆ لە لای دادوەری لێكوڵەر لە ئێمەت كردووە، دەبێ قەمچیمان لێ بدەن.***

لەو كاتەدا بوو كە ئەو هەستی بەبوونی فرانتس و ویلۆم كرد و بینی كە سێهەم پۆلیس قەمچییەكی بەدەستەوەیە بۆ لێدانیان.

جۆزیف ك، بەكەمێك سەرسوورمانەوە گوتی:

***– چۆن! من خۆ شكاتم نەكردووە. تەنیا ئەو هەڵسوكەوتەی ئێوەم شی كردەوە. هەڵبەت هەڵسوكەوتێكیش نەبووە كە لەسەری سەركۆنە نەكرێن.***

***– بەرێز ئەگەر دەتزانی دەرماڵە چەندە كەمە، ئاوا سەبارەت بەئێمە بیرت نەدەكردەوە. هەمووكەس بەشێوەی خۆی هەوڵ دەدا پارەیەك بەدەست بێنێ، ئەمەش بەكاركردن نییە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ وەكو جوانەگایەك كاربكا، پارە بـەدەست هـەر دێنـێ. كراسەكـانـی ژێر و مـەلافـەكـانـی ئـێوە ئێمـەی وەسوەسە كرد، سروشتییە كە پۆلیسەكان ئیزنی وەها هەڵسوكەوتێكیان هەیە. من هەڵەم كرد، بەڵام وا باوە كە مەلافەكان بەئێمە دەدرێ. هەمیشە هەروا بووە؛ چونكە بۆ ئەوانەی كە بەختی ئاوا ڕەشیان هەیە كە زیندانی بـكـرێن ئـەم شتـانـە بـەكـاری چـی دێن؟ هــەڵـبـەت ئـەگـەر هـەمـووان لـەم بەسەرهاتە ئاگادار بن و دەبێ تاوانبار سزا بدرێ.***

***(بەشی ٥، قەمچییەوان ل ٣٣٥– ٣٣٤)***

***ویـلـۆم وتـەكـانـی سەرەوە دەدركێنـێ. لـە حـاڵێكدا هـەوڵ دەدا، خۆی لـە پشتەوەی ئەو بشارێتەوە تا قەمچیی لێ نەكەوێ.***

***هـەموو لە واتای كاری جۆزێف ك. بێ ئاگان كتێبی دادگایی چۆنیەتی گیرانی ئەو لە ماڵەكەیدا، دەست پێ دەكا.***

**– ئەمە پێناسی من.**

**– دەتەوێ ئێمە چی پێ بکەین؟**

ئەمە دەنگی نەعرەتە ئاسای پۆلیسی بەهەیبەت بوو. خراپتر لە منداڵێك هەڵسوکەوت دەکا.

مەبەستتان چییە، چییتان دەوێ؟ پێتان وایە ئەگەر لەگەڵ ئێمەی نیگابان لە بەرگە (وەرەقە)ی پێناسەتان یان بەرگەی گیرانتان بدوێن، زووتر لە دۆسییەی دادگایی کردنە تێ دەگەن؟ ئێمە هەر پۆلیسی پلە نزمین. ئیمە بەدژواری پێناسەکان دەخوێنینەوە و بێجگە لە ئەوەی کە ڕۆژانە ۱۰ سەعات ئێوە بخەینە ژێر چاودێرییەوە، کارێکی دیکەمان نییە و بۆ ئەم کارەش هەقدەست وەردەگرین. هەر ئەوە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەسەر زانینی ئەوە کە ئایا ئەو بەرپرسانەی هەقدەستمان دەدەنێ، پێش دانی فەرمانی گرتن، لێکۆڵینەوەی وردیان سەبارەت بەهۆکاری گیران ئەنجام داوە. لەم بابەتە هیچ هەڵەیەك نەکراوە. ئەو بەرپرسانەی ئێمە نوێنەرایەتییان دەکەین –پێم وابێ من ئەوان لە ڕێی بەرپرسە پلە نزمەکانەوە دەناسم– لێپرسراوانێك نین کە بەتاوانی خەڵکی ئاسایی ڕابگەن، بەڵکوو ئەوان کەسانێکن هەر بەو چەشنەی یاسا باسی لێوە دەکا تاوان سەرنجیانی ڕاکێشاوە و هەر لەبەر ئەمە دەبێ، ئێمەی نیگابان ڕەوانە بکەن. ئەمە یاسایە، بۆچی دەبێ هەڵەیەك کرابێ؟

ك. دەڵێ:

– من بەم یاسایە ئاشنا نیم.

نیگابان دەڵێ:

– ئەم نائاگادارییە بە زەرەرتان تەواو دەبێ.

ك. لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەم یاسایە تەنیا لە مێشکی ئیوە دایە(...)

– ویلۆم ئاگات لێیە. ئەو قبووڵی کردووە کە شارەزای یاسا نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێ بێ تاوانە.

پۆلیسەکەی دیکە دەڵێ:

– بەتەواوی هەق بەتۆیە. بەهیچ چەشنێ ناتوانین ئەمەی پێ حاڵی بکەین.

(بەشی١، گیرانی جۆزێف ک، ل ٢٦٤)

## ٧- حوکمی مەحکووم بوون و بەڕێوەچوونی حوکم

مەحکووم بوون، حاشا هەڵنەگرە. جۆزێف ک. کە هیچ دەسکەوتێکی لە پارێزەرەکەی نەبووە، دەستەوداوێنی تیتۆرێلیی شێوەکار دەبێ کە دەڵێن لە لای حاکمەکان دەستی دەڕوا.

شێوەکارەکە دوای چەند ڕاسپاردەیەك کە هیچ پەیوەندییەکی بەمحاکەمەوە نییە پێی دەڵێ:

– من هیچ کات نەمدیوە کە کەسێك لە دادگا تاوانەکەی نەسەلمێندرێ(...).

– بەم پێیە تاوانبارنەکرانی ڕاستەقینە وەلادەنێین، ئێوەش دوو ڕێ چارەی دیکەتان پێشنیار کردبوو.

– بەڵێ لاچوونی تاوانی ڕواڵەتی و هەڵپەسێرانی بێ سنوور. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕواڵەتی تاوانەکەش نەسەلمێندرێ، چارەنووسی حوکمەکە هیچ ناگۆڕدرێ. دۆسییەکە تەنیا بەنیشاندانی بێ تاوانی و بەرامبەر کێ بوون لەگەڵ تۆمەت و بەڵگە پڕ دەکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بەدادگایی کردنەکە درێژەی پێ دەدرێ. دادگایی کردنەکە بەرەو ئاراستەی خۆیەتی. بەرەو قۆناغەکانی سەرتر دەڕوا. دواتر بەرەو نووسینگەی دادگا بچووکەکان سەرەوخوار دەبێتەوە. هەر بەو شێوەیەی کە یاسا درێژەی بەرەو پێشچوونی سیستماتیکی بەڵگەکانی لە نووسینگەیەکەوە بۆ نووسینگەیەکی دیکە دیاری کردووە. بەم شێوەیە دۆسێیەکە دەچێتە هەموو ژوورەکانی سەرێ و خوارەوە. جاروباریش بۆ ماوەیەکی دوور و

درێژ لە یەکێك لە ژوورەکان داگیر دەکا... و هیچ کات پێشبینیی ئەوە ناکرێ کە بەرەو کوێ دەڕوا(...).

هەڵپەساردنی بێ سنووری دادگایی، بەشێوەی نادیار لە قۆناغی یەکەمیدا ڕادەگرێ. بۆ گەیشتن بەم بارودۆخە پێویستە کە تاوانبار و هاودەستەکەی بەتایبەتی هاودەستەکەی هەمیشە لەگەڵ دەزگای عەدالەت لە پەیوەندیدا بن.

(بەشی٧، پارێزەر و شێوەکار، ل٤٠٤–٣٩٧)

لە کۆتاییدا، جۆزێف ك. وەکو سەگێك دەکوژرێ، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی، ڕەنگە لەبەر هیلاکی بێ کە ئاواتی سزای دەخواست. کافکا، هزری حقووقیی هاوچەرخ بەشێوەی کاریکاتۆرێك بەشارەزاییەکی تەواوەوە نمایش دەکا: زمانی حقووقی، بەڵگە و باسی حقووقی، باسی ناتەواو، نارەزایەتییەکان، کەموکووڕییەکان، وەلامدانەوە بەکەموکوڕییەکان، هەڕەشەکان، بەرگرییەکان، دادنامەکان، هەموو بەردەوام، بەڵام بەوردی نووسراون بەشپرزەیییەکی ڕێکوپێك یان بەڕێکوپێکییەکی شپرزە. تەواوی کەسایەتییەکانی کافکا شانازی بەحقووقەوە دەکەن. بەحقووق لەبەر حقووق. ئەوان وەکو هەموو خەڵك قسە ناکەن ، نانووسن. ئەوان بەزمانی حاکم، پارێزەر، دادوەر، بەرپرسی نووسینگەی بەڵگە ڕەسمییەکان، بەرپرسانی نووسینگەکان، سکرتێرەکانی دادگا دەنووسن و قسە دەکەن.

دنیای دادگایی و دنیای تەواوی بەرهەمەکانی کافکا جۆرە دنیایەکە؟ دنیای دێوانەی حقووق؟ یان دنیای حقووقێکی دێوانە؟ دنیایەکی حقووقی، کەلە یەك تەکنیك و یەك سیستمی بەبنەما و بێ باوەڕ کورت کراوەتەوە، بەپاڵپشت و بێ بایەخ، کە شەرمەزارە بووەتە ماشێنێکی عقڵ و هاڕینی مرۆڤەکان بێ. دنیایەکی بێ حقووق؟ دنیایەکی تەواوەتخواز، دنیای کراس قاوەیییەکان و کراس ڕەشەکان، ئالای سوور یان ڕەش؟ گشت ئەمانە لەگەڵ یەك: درکەی دنیای ئێمە.

ئایا لە دادگاییدا، کێشەی دەماری نمایش دەکرێ. کافکا چ شتێکمان پێ نیشان دەدا؟ کافکا لە فەزایەکی دوور لە توندوتیژی، دوور لە هەر چەشنە شەڕ، لە فەزایەکی ئاوێتەی ئاشتی ، ئاسایش، ئێمە ناچار دەکا لە دنیایەکدا بژین کە لێوڕێژ بێ لە بۆرکراسیی شێتانە و دڵڕەقیی ئیداری. لە دەسەڵاتی سەرەڕۆ، گەندەڵ و لێڵ، لە دادگاییکردنی ناتەواو و بێ ناوەرۆك. لە کۆمەڵگایەکی بێ عێشق و بێ ڕەحم، لەگەڵ دالانی نۆ ڕەهەندی کە مرۆڤەکان بێ هۆ و بێ مەبەست لاواز لە بەرامبەر بێ عەدالەتی و دیکتاتوری لە گەڕدان. ئایا ئەم وێنە ناهۆمێدی هێنەر و ئاشکرایە سەردەمای ئێمە یان وێنەی دنیای ئێمە هەر بەو جۆرە نییە کە هەیە؟ بەڵام دیسان مۆتەکەیەکی سامناکتر هەیە. بۆچوونی سامناکی دادگایی ئەوەیە کە بێ تاوانێك بەهۆی ئەوەی کە گیراوە تاوانبارە (تاوانبار گریمانەیەکە کە لە وڕێنەکانی ناوچاپەمەنیی سەردەمی ئێمەدا، بێ وچان دووپات دەبێتەوە)، کە بێ تاوانێك تاوانبارە، ئەویش بەهۆی ئەوەی شەرمەزار کراوە. بێتاوانێك تاوانبارە، بەهۆی ئەوەی لە سێدارە دراوە. لێرەدایە کافکا بە پێغەمبەری چاخی ئێمە دادەنرێ

سەرچاوە:

فیلیپ مالوری، ادبیات و حقوق، ترجمەی مرتضی کلانتریان چاپ اول ۱۳۸۱، نشراگە.

# دادگایی

موراد حوسێن عەباسپوور

ڕەنگ بێ تا بەئێستا هیچ کتێبێك بەڕادەی دادگاییی فرانتس کافکا، نەیتوانی بێ سەرگەردانی، نزمی و بێ پشتیوانیی مرۆڤی هاوچەرخ وێنا بکا. دادگایی وەکو بەرهەمەکانی تری کافکا لە لایەکەوە هاوکات ئەرێ بەڕاستەقینەی دنیای سروشتی و میتافیزیکی دەڵی و لە لایەکی دیکەوە بەرتەسکیی ئەم دوو دنیایە نیشان دەدا. لێکۆڵینەوە لەسەر شتەکان وەکو بابەتی تەواو جیاواز لەگەڵ پێکهاتەی بێ ڕێسای جیهانێ کە ئێمەی گەمارۆ داوە، ناتەبایە. مرۆڤی سەدەی بیستەم، هەر بەو چەشنەی زیمبل، کۆمەڵناسی ئالمانیی سەدەی نۆزدە، پێشبینیی کردبوو، پێی ناوەتە نێو قۆناغێکی نوێ کە تێیدا ناوبراو، دوابەدوای هێرشی کوتوپڕی شتەکان و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان، هێور هێور هێزی جیاکردنەوەی لە کیس داوە و هەموو شتێکی پێ ڕەشە. ئەگەرچی کافکا زۆرینەی بەرهەمەکانی خۆی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، نووسیوە، بەڵام تایبەتمەندیی پڕ ڕەمز و ڕاز و بەتایبەتی نەگونجانی ئەم بەرهەمانە لە نێو بازنەی ڕێسا و

مەنتیقدا، ئەو سەرەتایەیە کە چەند دەیە پاش ئەو، بەهۆی نووسەرانی قوتابخانەی پۆست مۆدێرن، وەکو یونسکۆ، بێکت و ئادامۆف خۆدەگرێ.

مامۆستا تاران لە شانۆییەکی ئادامۆفدا، هەر بەنێوی «مامۆستا تاران»، لەبەر داکەندنی جلوبەرگ شەرمەزار دەکرێ. ئەو دەیەوێ بەرگری لە خۆی بکا، بەڵام بێ سوود دەبێ و لە کۆتایی شانۆیەکەدا ڕاشکاوانە ئەم کارە دەکات.

"لە خەمینیی من" بەرهەمی "هانریش بۆل"دا کەسێك لەبەر خەمین بوونی بەدیل دەگرێ، ئەمە لە حاڵێکدایە کە فەرمان دراوە هەموو شاد بن. ئەمە تەنزێکی بەژانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە گشت بەرهەمەکانی کافکاشدا دەبیندرێ، بەم جیاوازییە کە لە بەرهەمەکانی کافکادا یاسا و ڕێسایەکی تایبەت نییە کە لادان لەو شێوەیە بەتاوان دابنرێ، مرۆڤ لە هەلومەرجی ئاسایی و بەشێوەی سروشتی تاوانبارە. هەروەها لە کورتە چیرۆکی *"هاوڕێمان کۆلبی"* لە نووسینی *"دۆناڵد بارتێلمێ"*، نووسەری هاوچەرخی ئەمریکاییدا، پیاوێك دەبینین کە هاوڕێکانی بە لە سێدارەدانیان مەحکووم کردووە (وەبیرهێنەرەوەی گریمانەی سەرەتای ژۆزێف ك. یە لە دادگاییدا) و تاوانەکەی تا کۆتایی چیرۆکەکە، دەستنیشان ناکرێ. سەیرتر ئەوەیە کە بۆ بەڕێرەبردنی سزا لەگەڵ خودی تاوانباریش ڕاوێژ دەکرێ (لە کۆتاییی دادگاییدا، داوا لە ژۆزێف ك. دەکرێ کە بۆ بەڕێوەبردنی حوکمەکە هاوکاری بکا).

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە یاسا و ڕێسای ڕۆڵ گێڕان لە دادگاییدا نەتەنیا بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕوون نییە، بەڵکو، وێدەچێ کە نووسەریش بیرۆکەی خۆی هەر بەپێی ئەم بێ ئاگاییە وە گەڕ دەخا. بەواتایەکی تر سەرلێشێواوی و هەست بەتاوان کردنێك کە وردە وردە لە پاڵەوانی دادگاییدا خۆ دەگرێ و بەپێی ویستی نووسەر نەبووەتە کردەی کەسایەتیی چیرۆك، بەڵکوو ئەزموونە پراکتیکەکانی نووسەری چیرۆکەکەیە. لەبەر

ئەمە، بەرهەمە داستانییەکانی کافکا دەبێ بەدرێژەی بەرچاوی نامە و نووسینەکانی ڕۆژانەی خۆی دابنرێن، ئەویش بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕێساکانی چیرۆك نووسیی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. بەم پێیە، بەپێچەوانەی تیۆری *بێدا ئەلێمان* کە شوناسێکی سەربەخۆ و کاریگەر بۆ ژۆزێف ك. ناخوازێ، دەبێ بگوترێ کە دیاریکردنی کارەکتێرەکانی کافکا لە فەزای سەدەی نۆزدەیەمی، هەڵەیەکی تەواوە. بەسەرنجدان بەم خاڵە کە کافکا لە وەسفی بەربەرەکانییەکدا واتە لە سەرەتاوە هەوڵدەدا، چەمکە زاڵەکانی چیرۆکی سەدەی نۆزدە پێناسە بکاتەوە و ئەم وتەیەی ئەلێمان کە: ***ژۆزێف ك. تەنیا فۆرمێکی بۆشە کە هەموو شتێکی لەدەورویەری بەرتەسك کردووەتەوە***. هەر لەم هەڵە سادەیەوە سەرچاوە دەگرێ. ژۆزێف ك. کارمەندی پلە بەرزی بانك، کەسایەتییەکی هەڵپەرەستی بەپرەنسیپ و گەشبینە. مرۆڤێك کە بێ سەرنجدان بەنیگەرانییەکانی داهاتوو، تەنیا کاتێ باوەڕ بە*خراپترین حاڵەت* دەکا، کە **خراپترین حاڵەت** ڕووی دابێ.

لە بیچمی سەرەتای چیرۆکەکەدا کە لە نووسینەکانی ڕۆژانەی نووسەردایە، پاڵەوانی چیرۆك واتە ژۆزێف ك. زۆر لە گێراگوار دەچێ و ئاماژە بەبێ پرەنسیپی، ترس و سەرنجدانەوەی لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسەکەی کراوە، بەڵام کافکا دواتر ئەم بیچمە سەرەتاییەی وەلانا و ئەوی وەکو کەسایەتییەکی هەلپەرەست، بەپرەنسیپ و گەشبین ئاراستە کرد. ئەو لە مەیلەکانی خۆی دوورکەوتووەتەوە و دەبێتە هاوڕێی بایەخەکانی کۆمەڵگا، چونکە هیچ بەدیلێکی نییە.

لە درێژەی چیرۆکەکەدا، ئەم کەسایەتییە خاوەن پرەنسیپ و مۆدێرنەی کافکا دەبێتە مرۆڤێکی ئاڵۆز، بێ پرەنسیپ و خۆرافی. ئەو وێنای بێ ئیرادەیی و ئەقڵی مرۆڤە و وتەکانی بلوك، بازرگانی دانەوێڵە لە بەشی هەشتەمدا، دەڵێی ئەندێشەکانی خودی خۆیەتی کە کەسێکی دیکە دەیڵێتەوە: ***لە ڕەوشتی لێپرسینەوەدا هەمیشە شتگەلێك دەگوترێ کە مرۆڤ***

***لێیان تێناگا و مرۆڤەکان زۆر لەوە ماندووتر و پەشۆکاوترن کە بیر بکەنەوە، بەم هۆیەیە کە پشت بەخۆرافە دەبەستن و یەکێك لەم خۆرافانە ئـەوەیـە کـە مـرۆڤ لـە ڕووی هـێڵـی سەر لـێوی کـەسێك دۆسێیـەی خـۆی بخوێنێتەوە.***

بلوك ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بۆ خۆی مەحکوومێکە کە توانیویەتی پێنج ساڵ دۆسییەکەی وەکو خاجێك کۆڵکێش بکا، بەڵام ڕەنگە بتوانرێ ئەویش وەکو تیتۆریللی–ی شێوەکار، خاوەن کارخانە و ژنی فەڕاش، بە بەشێك لە یاریی دادگا دابنرێ کە بۆ بێدەنگ کردن و هیوابڕاویی هەرچی زیاتری ژۆزێف ك. ئامادەکراوە. بەبۆچوونی ئەو بێ ئاکامترین کار ئەمەیە کە مرۆڤ سەربەخۆی بجووڵێتەوە و ئەمە لە حاڵێك دایە کە ژۆزێف ك. بۆ وەلانانی پارێزەرەکەی هاتووە و دەیەوێ بۆ خۆی بەرگری لە خۆی بکا. بینینی کەوتنە سەر چۆکی بلوك، لە بەرامبەر پارێزەر و ناڵە و سپاسکردنی بەردەوامی ئەو، ژۆزێف ك. کە دەیەوێ نەبێتە سەگ، وەکو ئینسان بمێنێتەوە، بێزار دەکا. هەر ئەم بارودۆخە، واتە بوون بەچوار پێ، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بەسەر خۆی دێت، ئەو کات کە شەوێکی پێش سی و یەکەمین ساڵی لە دایکبوونی لە کانیکی بەرد، لە دەوروبەری شار –کە ژۆزێف ك. دایمە لەبەری هەڵدێ– بەشێوەیەکی تەوساوی تاوانەکە وە ئەستۆ دەگرێ و بێ بچووکترین خۆڕاگری، مەرگ قبووڵ دەکا. ئەو لە حاڵەتێکدا مەرگ قبووڵ دەکا کە وردە وردە ئیمانی بەتاوانێك هێناوە کە نازانێ چییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە بەراییی چیرۆکەکەدا، کاتێ دوو نێردراو لە گیرانی ئاگاداری دەکەنەوە، پێی وایە ئەمە گەمەی هاوکارانیەتی لە بانکدا. ئەو دواتر تەنیا بۆ ڕوون بوونەوەی بارودۆخی خۆی لە ڕیکەوتی دیاریکراودا، دەچێتە ئەو شوێنە سەیر و سەمەرەیە کە بەهیچ شێوەیەك لە دادگا ناچێ. ئەمەش هەمان هەستە کە لە سەرەتای چیرۆکی ***مەسخ*** دا تووشی ***گێرگوار*** دەبێت. ئەم هەستە شاراوەیە کە

دەتوانێ یاریی بە دیتران بکا، پێچەوانە دەبێتە و ژۆزێف ك. خۆی لێ داوی، ڕێساکانی یارییەکی نەناسراودا دەبینێ.

داکۆکیی پەیتای پەیتای چیرۆکەکە لە لاپەڕەکانی سەرەتادا، لەوەی کە بەدیل گیرانەکە شتێکی بچووکە، ئەمە دەردەخا کە ژۆزێف ك. نەتەنیا سەرنج بەبارودۆخی نوێ دەدا بەڵکوو هەست بەمەترسی دەکا و لە یەکەم کۆبوونەوەی دادگادا هەروا لە باڵادەستیی خۆی بەسەر ئەندامانی دادگا داکۆکی دەکا و دەفتەری سەر مێزی توێژەر وەکو شتێکی بێ بایەخ، بەدوو قامکی دەیگرێ و بەلەحنێکی تەوساوییەوە، ڕوو بەئامادەبووان دەڵێ: ئەمە دۆسێیەکانی لێکۆڵەرە و دوای قسەکردنێکی پڕ هەست و دوور و درێژ وا تێ دەگا شوێنی خستووەتە سەر بەشداربووانەوە. ئەو لە سەرەتادا پێی وایە کە دۆسییەکە، هێند بچووك و کەمبایەخە کە ڕاوێژکارێکی بەسە و دیدار لەگەڵ توێژەرە کە پارێزەرێك بەنێوی هاستێرێر-ی وەبیر دەکەوێتەوە و بۆ دامەزراندنی پارێزەر ڕاوێژ لەگەڵ توێژەر دەکا.

ژۆزێف ك. هەرچەند لە ماوەی چیرۆکەکەدا، بڕیاری بەڕواڵەت قورس و قایم دەدا (وەکو کۆنتاکتی لەگەڵ پارێزەر و ڕاگەیاندنی ناشیاویی ئەو)، کەسایەتییەکی لەرزۆك و بێ ئیرادەیە و لەبەر بێ متمانەیی بەخۆی لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی ناچار بەڕاوێژکردن لەگەڵ ئەوی تر دەکا. ئاواتی ژۆزێف ك. واتە یەکەم لێپرسینەوە، دواییش بێ و هەروەها خواستی ئەو بۆ لە بەرچاو نەگرتنی هەموو شتێك و بەشێوەیەکی دۆستانە کۆتایی هێنان بە کێشەکە قووڵبوونی نۆستالۆژیای ئەو نیشان دەدا.

خاڵێکە کە چاوپۆشیی لێ ناکرێ، ئەمەیە کە ژۆزێف ك. مرۆڤێکی ئاساییە کە نەبیری میتافیزیکی دەکاتەوە و نە دەیەوێ چەشنی مرۆڤ ڕزگار بکا. لە ڕاستیدا تا پێش ڕاگەیاندنی ئەمە کە دوو نێردراو بەنێوەکانی فلیس و ویلێم، ئەویان بەدیل گرتووە ژیانێکی تەواو ئاسایی تێپەڕ کردووە و لە ژیانی خۆی بەتایبەتی لە ئیشێکی کە کەس ناتوانێ

داگیری بکا، ڕازییە. ئەگەرچی ڕاگەیاندنی بەدیل گیران لە سەرلەبەری ژیـان و تـەنـانـەت ئـیشەکـەشی کـاریـگـەریـی دەبـێ بـەڵام لـە خراپـتـرین هـەلومـەرجیشدا، ژۆزێف ک. چـاوپـۆشی لـە پێویستیـەکـانـی خـۆی نـاکـا و بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە بەنزیکایەتی کردن لەگەڵ ژنان بەرچاوتر دەبێ؛ چونکە وێ دەچێ ئەو نەتەنیا دەیەوێ هەستی جینسی دامرکێنێ، بەڵکوو بیر لە پشتگری و ڕزگار کردن بەهۆی ئەوان دەکاتەوە و وادیارە کە ژیانی بەبێ بوون و بیرەوەری لە ژنان بێ مانایە.

دادگایی لە ژووری بوروستنێر و لەسەر قەرەوێلەکەی ئەنجام دەدرێ و لە کۆتاییشدا، ژۆزێف ک. کە هیوا بڕاوە و دوو نێردراوەکە بۆ بەڕێوەبردنی حووکمەکە دەیبەنە دەوروبەری شار، بۆ ساتێ چاوی بەژنێك دەکەوێ کە لە بورستنێر دەچێ و لە پڕ بزر دەبێ. دروست وەکو تیشکێك کە لە دوایین ساتـەکـانـی تـەمـەنـی پیـاوێکی گوندی لە چیرۆکی **لـەبـەر دەم یـاسادا** دەبریسکێتەوە. بەم چەشنە کافکا ڕەنگە دەیەوێ ئاماژە بەم خاڵە بکا کە ئـەگـەر ڕزگـاریـدەرێکیش هـەبـێ چـی لـە دەست نـایـە. لە لایەکی ترەوە، هیوابڕاویی تەواو بۆ ژۆزێف ک. و هیچ کام لە پاڵەوانانی کافکا بەدی ناکرێ و لە هەموو هەلومەرجێکدا هەڵسووڕان و گەشەکردن بۆ ئەوان پێویستە، ئەمەش سەلمێنەری ئەو پەندەی بلوك–ی بازرگانە: ***باشتر وایە گومان لێکراوان بجووڵێن تا لە نسێدا بمێننەوە، لەبەر ئەوەی لە کاتی نەجووڵاندا ئەگەری ئەوە هەیە بەبێ ئەوەی پێ بزانن لەسەر تەرازوویەك دانیشتبێتن و بەتاوانەکانیانەوە کێشانە بکرێن.***

هەر بەوجۆرەی کە توێژەر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا بەژۆزێف ک. دەڵێ: ***وا باشترە کەمتر بیر لە ئێمە و ئەوشتانەی کە بەسەرتان دێ بکەیەوە و زیاتر لە بیری خۆت دابە.***

دەتوانین بەم دەرەنجامە بگەین کە ئەگەر تاوانبار هەرچی زیاتر جەخت بخاتە سەر دۆسیەکەی و بەواتایەکی دیکە بوێرتر بێ، دەتوانێ بەرەوتی

دادگاکە گەشبین بێ و بەپێچەوانەشەوە. لەبەر ئەوە بڕیارەکانی دادگا بەجێی ئەوەی زیاتر بەپێی جۆر و ڕادەی تاوان بێ دەروەستی ئاست و دۆخی تاوانبارە لە بەرامبەر دۆسێیەکەیدا. بەم پێیەیە کە بلوکی بارزگان کە ماوەی پێنج ساڵە دۆسێیەکەی ڕاگرتووە و پێوەی ماندوو بووە لەخۆباییيە. بەپێچەوانەی ژۆزێف ك. کە تەنیا ساڵێك دوای دەسپێکی ڕەوتی دادگایی دۆسییەکەی دادەخرێ و ئەگەر ژۆزێف ك. لەسەرەتادا هەم بەبۆچوونی خۆی و هەم بەپێی ڕوانگەی خوێنەر بێ تاوانە، بەپێی ڕێسای یاریی دادگا، ئیتر لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا، بەبێ تاوان دانانرێ و چونکە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا بەسەربەخۆیی بەرگری لە خۆی کردووە و جاروبار پارێزەر و سەرلەبەری ڕەوتی دادگای بەسووك زانیوە.

دوا ئاواتی ژۆزێف ك. کە لە کۆتاییی چیرۆکەکە بۆ دەسپێکردنەوەی دۆسێیەکەی ئەوە دەردەخا کە قسەکان، هەوڵەکان و کورنوشەکانی بلوك- مەحکوومی دیکەی چیرۆکەکە- هێند بێ جێش نەبوون و ژۆزێف ك. دەبووایە هەمان هەڵوێستی بگرتبووایە کە لە بەشەکانی کۆتایی و بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەشە لە خۆی نیشانی داوە، واتە دەبووایە لە سەرلەبەری چیرۆکەکەدا نەرمیی ڕەچاو کردبووایە و بەجێی ئەوەی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پاکانەی کۆتایی بکا کە قەت ناکرێ، دەبوو شێوازەکانی دیکەی پاکانە واتە پاکانەی ڕواڵەتی تاقی بکردبووایەتەوە.

هەروەها بەجێی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تەواوی تاوانەکە، بە دواخستنی تاوانەکان، رازی دەبێ و ڕەنگە بەگشتی تاوانەکەی ئەو، ژن بوونی بێ کە بۆ خۆی دەیخاتە پاڵ بەرپرسانی دادگا و ڕەنگە ڕۆچوون بێ لە چەشنێك ژیانی وشکی ئیداری کە لە عاتیفە و هەستی ئینسانی و یان گومانەکانی تر کە دێتە زەینی خوێنەر، بەڵام هەرچۆنی بێ، ناتوانین بەحەتمی بوونی ئەوانە هیوادار بین و ئەگەر دیمەنی کۆتاییی چیرۆکەکە،

واتە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدامی پاڵەوانی چیرۆکەکە نەبوایە –و بەسەرنجدان بەوەی ناوی یەکێك لە مەئموورەکان، هەروەك ناوی نووسەری چیرۆکەکەیە– تەنانەت ڕەنگە ئەمە بێتە زەینەوە، کە سەرجەمی بەسەرهاتی دادگایی، بابەتێکی وەهمی و خەیاڵی بێ بۆ بەربەرەکانییی دەروونیی تاك لەگەڵ خۆی.

هەروەها لە دیمەنی قەمچی لێدرانی فرانتس و هاوڕێکەی، واتە ژۆزێف ك. لە ترسی ئەوەی کە دەنگی ئەوان بەگوێی بەرپرسانی بانك بگا، بەپێشنیاری دانی بەرتیل (ئەو کارەی کە پیاوە گوندەییەکەش لە بەرامبەر نێردراوی یاسادا دەیکا) پێش بەو کارە دەگرێ و لە وەڵامی بەرپرسان و بەسەرسووڕمانەوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر دەنگی قیژەی دوو نێردراوی، کە قەمچیان لێ دراوە، دەڵێ ئەوە دەنگی ئەو سەگەی نێو حەوشەیە (ڕەنگە سەگی بەشی کۆتاییی چیرۆکەکە) و لە کۆتاییی چیرۆکەکەشدا، کە دوو نێردراوەکە دەیبەنە شوێنی ئیعدام، وەها خۆی بەوانەوە نووساندووە کە ئەگەر هەر کام لەوان سەرسم بدا، هەرسێکیان دەکەون.

بەم حاڵە ئەگەرچی ناوەرۆکی دادگا و ناوەرۆکی تاوان تا کۆتاییی چیرۆکەکە، ڕوون نابێتەوە، بەڵام گومان لە ڕاستەقینەبوونی ئەوانە ناکرێ. ڕاستەقینەیەك کە ژۆزێف ك. ناتوانێ دەست بۆ بچووکترین پاژەکان بەرێ یان بیانگۆڕێ. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە حاڵێکدا کە کەسایەتییەکانی دیکەی چیرۆکەکە لە پێوەندی لەگەڵ ژۆزێف ك. مانایان دەبێ، کەسایەتیی ئەو وردە وردە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ داداگا شکڵ دەگرێ و هەروەها لە حاڵێکدا کە ژیانی گێرگوار لە چیرۆکی مەسخدا، جۆرێك ژیانی بەئاکام گەیشتووە و پێناسەکراوە، ژۆزێف. کەسایەتییەکەی خۆی لە دیالۆگ لەگەڵ هێزیك وەچنگ دێنێ کە وێدەچێ، ئەم هێزە هەم بۆ هاندان و هەم بۆ ناهومێد کردن و شکاندنەوە بەدرێژایی چیرۆکەکە پێك

هاتووه. دادگا دەخوازێ هەر چۆنێ بێ ژۆزێف ك. لە هەستی پێشڕەوی و سەرکەوتن بەتاڵ نەبێتەوە و دەست لە بەربەرەکانێ هەڵنەگرێ و ئەگەرچی ئەو لە ڕواڵەتدا دادگا بەهێند ناگرێ، بەڵام سات لەگەڵ سات زیاتر تێکەڵاوی کێشەکە دەبێتەوە و هیچ ڕێیەکی بۆ دەرباز بوون لەو کێشانە- کە بەردەوام قووڵتر دەبنەوە- نییە. چونکە ئەم کۆمیدیایە لە دادگاوە دەستی پێ کردووە و ئەو هەر ئەکتەرێکە کە قبووڵ کردن و درێژەدان بەڕۆڵ گێڕان وجۆری ڕۆڵەکەی، بێ دەسەڵاتە و ئیپیزۆدە تێکهەڵکێشراوەکانی بۆ ژۆزێف ك. کە بەتەواوی نەناسراون و بەهەمان ڕادەش دەسەڵاتی کۆتایی هێنانی بەدەورگێڕییەکەش بەئیرادەی ئەو نییە.

لە لایەکی ترەوە هەرچەند ژۆزێف ك. هەوڵ بدا تا وەکو ئەکتەرێکی پرۆفشینال، لەو ڕۆڵەی کە هەیەتی دوور بکەوێتەوە، زیاتر تێ دەگا کە ئەم دوورکەوتنەوەیەش بەشێك لەو دەورەیە کە دادگا بۆی داڕشتووە. دروست هەر بەو شێوەیەی کە تەفسیرەکانی بەردەم قانوون بەشێکە لە ئەخلاق. وێ دەچێ کە کۆیەك لە هۆ و هۆکارەکان، ژۆزێف ك. لە بارودۆخێکەوە دەباتە بارودۆخێکی دیکە، بارودۆخ گەلێك کە بەڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. بۆ نموونە دەنگە دەنگی کچەکانی بەردەم ژووری تیتورێللی، کە بەڕواڵەت شتێکی تەواو ئاساییە دەبێتە هۆی ئەوەی ژۆزێف ك. بەپێشنیاری شێوەکارەکە لە دەرکەی دووهەم کە لە ژێر قەرەوێڵەیەك دروست کراوە و دەچێتەوە سەر ڕێڕەوێکی دوور و درێژ و چەند ژووری کارکردن، بچێتە دەرەوە و هەروەها تابلۆ شێوەکارییەکانی، هاوشێوە لە پارێزەر و تابلۆیەکی سەیرتر لە عەداڵەت و خواژنی سەرکەوتن، هەموویان وەبیرهێنەرەوەی فەزای مەترسیدار و پڕ دڵەراوکێی دادگایە و ئیزنی ساتێك ئاسوودەیی و ئاسایش بەژۆزێف ك. نادەن لە حاڵێکدا گشت زنجیرەی ئەم هۆ و هۆکارانە لەوانە قەشە، تیتورێللی، بازرگان و ئێلزا، لە یەکەم دیداردا، ژۆزێف ك. دەناسن و لە ڕواڵەتدا

ڕێساکانی یاریکردن بۆ ئەوان سەلمێندراون، بەڵام هەمووی ئەم کەسایەتییانە و بارودۆخەکان بۆ ژۆزێف ک. بەتەواوی نائاشنا و نامۆن. لە ڕاستیدا ئەم تێنەگەیشتنە ڕەهایە، زیاتر لە هەموو شتێك دڵەڕاوکە لەودا بەهێزتر دەکا.

بارودۆخی ژۆزێف ک. لە دادگاییدا، بەتەواوی هاوشێوەی بارودۆخی نیکۆلاس لە فیلمی ئاری دا و بینەر بەدیتنی ئەم فیلمەی دەیڤید فینچێر، زیاتر لە فەزای ئاڵۆزی ڕۆمانی دادگایی و بارودۆخی دڵ ئازار و تەماویی ژۆزێف ک. تێ دەگا. لەم فیلمەدا، هەموو ڕووداوێکی بچووك، بەشێك لە یارییەکەیە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فەڕاش، ڕشتنی چێشت و وەدەرنانی ئەو و هەروەها نەکرانەوەی جانتا، پەنچەر بوونی تگەری ماشێن و کلیلەکان گشتیان پاژی چەشنێك یارین کە پاڵەوانی فیلمەکانی لێی بێ ئاگایە.

تەنانەت برای نیکۆلاس کە بۆ خۆی لە پشت پەردەوە یارییەکە هەڵدەسووڕێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی نیکۆلاس بێتە نێو ڕەوتی یارییەکە، لەبەر خراپ تر نیشاندانی بارودۆخەکە، ئەو بەهاودەستی لەگەڵ CRS تاوانبار دەکا. بەڵام ئەم یارییە بێجگە لە گەمەیەك لە لایەن براو دۆستانی نیکۆلاس بەبیانووی ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو، نییە و ئەگەرچی فیلمەکە دەبێتە هۆی شێت بوونی ڕێژەیی و کوژرانی برا بەدەستی ئەو، لە ئاکامی بەربوونەوەی خواستراوی خودی نیکۆلاس لە ئاپارتمانێکی بەرز (دووپات بوونەوەی وێنەیەك لە مردنی باوك کە لە منداڵییەوە لە زەینی ئەودا وێنا کراوە)، بەڵام بەوەلانانی پەردەی یاری، هەموو شتێك بەشێوەیەکی باش کۆتایی پێ بێنێ.

لە دادگاییدا بەڵام ئەو یارییەی کە لە ڕوانگەی ژۆزێف ک. بەگەمەیەك لە لایەن دۆستانی، بەبیانووی ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو دەست پێ دەکا، هیچ کات بەکۆتا ناگا. ئەو تەسلیمی مەرگ دەبێ، بەبێ ئەوەی بتوانێ ڕێگەیەك

بۆ چوون بۆ دادگا باڵاکان بدۆزێتەوە و یان بتوانێ چاوی بەپارێزەری باڵادەست بکەوێ. ڕاست وەکو ئەندازیاری پاڵەوانی کۆشك کە هەرچەند هەوڵی بێ ئەژمار درا، ناتوانێ بچێتە کۆشك و لەگەڵ کەلامی ڕاستەقینە ڕووبەڕوو بێتەوە، بەم پێیە دەتوانرێ ژۆزێف ك. ئەندازیار «مساح» و پیاوی گوندی لە ئاستێك دابنرێ و لە هەلومەرجێکدا کە "هیوا بە بەرگریکردن لە خود لە بەرامبەر وێنەیەکی شێوەکاریی زیاتر لە ڕاستەقینەی قازییەکانی دادگایە"، دەتوانرێ لەسەر هەوڵەکانی ژۆزێف ك. ئەندازیار و پیاوی گوندی لە بەخشینی شیبوونەوەی دنیای ڕەمزاری کە لە بەردەمیان تێگەیشتن هەبێ.

لە حاڵێکدا کە کارل ڕۆسمان پاڵەوانی ڕۆمانی ئەمریکا لە هەوڵی بووژاندنەوەی ئوستوورەی نەزمە لە جیهاندا، لە دادگاییدا ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بەواتای لێك هەڵوەشانەوە و بێ ڕێساییە و پارادۆکسی دادگا لە ڕۆمانی دادگایی بەم شێوەیە شیاوی باسکردنە کە دادگا ئەگەرچی بەڕواڵەت لە چەند حاڵەتدا، لە پێشێلکردنی ئاشکرای نۆرمەکان و ڕێسا باوەکاندا، ڕەنگ دەداتەوە بەڵام لە ڕاستیدا نیشاندەری چەشنێکە لە سیستمێکی ڕێکوپێك. هەروەها وێ دەچێ کە دادگا و ژۆزێف ك. بەئاراستەی پێچەوانەش هەنگاو هەڵدێنێتەوە لە حاڵێکدا بەوردە سەرنجێك دەتوانین تێ بگەین کە ئەم دووانە هاوتەریب لەگەڵ یەکتر و بەئاراستەیەك بەرەو پێش دەڕۆن و هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشچوونی قۆناغەکانی دادگا، شوناسی ئینسانیی ژۆزێف ك. کامڵ دەبێ. هەر بەو جۆرەی لەسەر گێرگوار پرۆسەی ڕووخاندن و دروستکردنەوە هاوکات و لەگەڵ یەکتری ئەنجام دەدرێ. لە ڕاستیدا مەسخ بۆ گێرگوار چەشنێك شهوود و ئازادبوون لە ژیانێکە کە تێیدا بەشوناس گەیشتن تەنیا بەواتای خزمەتکردنە بەدیتران، بەڵام لەم خزمەت بەئەویتر کردنی شتێك بەنێوی تاك لێك هەڵدەوەشێتەوە. تاکێ کە لە ناسیاویی دیکارتی وەکو مرۆڤێکی هەستکرد– کە لە هەموو

شتێك كەڵك وەردەگرێ– دوور دەكەوێتەوە. لێرەدا مرۆڤ ئیتر ئەو ناسیاوە نییە كە لە دوورە ڕاوەستابێ و دەوروبەری بووبێتە بابەتی زانیاری ئەو بەڵكوو وەكو ئۆبژەیەك لە نێوان ئۆبژەكان، هەڵدەوشێتەوە و بۆ پاڵەوانی دادگایی ئەم ئاگادارییە كەمڕەنگتر دەبێتەوە بەهێوری بەئاكام دەگا.

كەسایەتیی ژۆزێف ك. لە گومان كردن لە نێو ئابووریی قازانجخواز لەگەڵ خواست بۆ پاراستنی ژیان و مرۆڤی ئایینی كە تامەزرۆی قوربانی بوونە، لە دژایەتی دایە. هاندەرانی چەشنی دووەم زیاترە. ئەو لە دنیایەك دایە كە ناتوانێ لەوێ زیاتر بڕوا، دنیایەكی داخراو كە بەبۆچوونی فریتز مارتین، تایبەتمەندییە سەرەكییەكەی دووپاتبوونەوەی بارودۆخی بنەڕەتیی چیرۆكەكەیە لە دیمەنە هاوشێوەكاندا، لەبەر ئەوە ئەگەرچی ژۆزێف: هەموو جارێ لەگەڵ بارودۆخێكی نەناسراو و سەرسووڕهێنەردا ئاشنا دەبێ، بەڵام دەڵێی وەڵامەكانی ئەو لە پێشترەوە دیاری كراوە و پێشبینی دەكرێن و ئەم پێكهاتە داخراوە، پێش بەتێكهەڵچوون و ڕووداوێكی دیاریكراو لە چیرۆكەكەدا دەگرێ. جێسین فری ناوی quasi real events واتە ئەو ڕووداوانەی كە لە ڕاست دەچن، لەسەر ڕووداوەكانی چیرۆكی دادگایی دادەنێ.

بەگشت ئەم لێدوانانەشەوە، هێشتا هێمای سێ چەشنیی چیرۆكی كافكا، هەر وەك خۆی ماوەتەوە و خوێنەر، كاتی موتاڵاكردن بەشێوەی سروشتی، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بێ وەڵامە دەبێتەوە، یەكەم ئەوەی كە چ كەسێك ژۆزیف ك. دەگرێ؟ دووەم ئەوەی بۆچی ژۆزێف ك. دەگیرێت و لە ئاكامدا و گرینگتر لە هەموویان چییەتی ئەم گیرانە چییە؟

ژۆزیف ك. گیراوە، بەڵام هیچ شتێك ئەو لە كارە ئاساییەكانی ژیانی ناگێڕێتەوە. ئەو نە لە كاری ئیدارەكەی دوور كەوتووەتەوە نە لە بەجێهێنانی كاروباری پیاوانە و غەریزەی جینسیی خۆی. ئەگەرچی ڕەنگە بتوانین بڵێین كە پەیوەندییەكانی ك. لەگەڵ ژنان زیاتر بۆ ڕاوێژ و

ڕێنوێنی وەرگرتنە بۆ رزگار بوون لەو بارودۆخە ناخۆشەی کە تووشی بووە. بۆ نموونە: پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ژنە فەڕاشی دادگا کە بەشێکی بچووك لە یاساکانی دادگاییی بۆ باس دەکا و هەروەها پەیوەندیی بەلێنی–یەوە بەردەستی پارێزەر کە ئامۆژگاری دەکا کە خۆڕاگری کردن لە بەرامبەر ڕێساکانی دادگا قازانجی نییە و تەنیا ڕێی رزگار بوونی دان پێدانانە بەتاوانەکانی.

بەڵام سروشتییە کە ناتوانرێ ئەمانە بەئازادبوونی ژۆزێف ك. دابنرێن، چونکە ئەو لە کاتی بەڕێوەبردنی کارەکانی ژیانی کە زیاتر نزیکایەتی کردن بووە لە ژیان، بۆ ساتێکیش دۆسێیەکەی فەرامۆش ناکا. لەبەر ئەمە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ئیزنی پێ دراوە کارە پەڕاوێزییەکانی ئەنجام بدا، بەڵام ناتوانین بەئازادییان دابنێین. ئەو لە ماوەی چیرۆکەکەدا، پەیوەندیی لەگەڵ بوروستنێر، گروباخ، لێنی و ژنە فەڕاشەکە نەپساوە و بێجگە لە گروباخ کە لە نەبوونی دایکی ڕاستەقینەی وەکو دایکێك سەیری دەکا، ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی بەرژەوەندخوازانە لەگەڵی دەجووڵێنەوە. ئەو هەر کاتێ لە ڕەوتی دادگا نائومێد دەبێ یان پەنا دەبا بۆ گروباخ یان ئەگەر دەستی بەبوروستنێر ڕانەگا، لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەو کە ڕەنگە سیمبولێك بێ لە غەریزەی جینسی، ڕادەکشێ.

خاڵی تر ئەوەیە کە ئەگەرچی لە دادگاییدا، ئیلزا خۆشەویستی ژۆزێف ك. یە، بەڵام ئەو زیاتر سەرنج دەداتە بوروستنێر و بەگەڕانەوە سەر دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی چیرۆکەکە، دەتوانین بوروستنێر و فلیسە بوئێر بەیەك کەس بزانین. فلیسە گرینگترین ڕووداوی ژیانی کافکا بوو کە هەمیشە بە رزگاریدەرێکی دادەنا.

بەڵام بۆچی لێپرسینەوەکانی سەرەتا، بەجێی ئەوەی لە ژووری ژۆزێف ك. بێ، لەسەر قەرەوێڵەی بوروستنێر ڕوو دەدا؟ هەر ئەم دیمەنە واتە قەرەوێڵەی شێواوی بوروستنێر پێشبینیی کۆتاییەکی نزم و نەفرەتاوی بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکا.

ژۆزێف ك. لە ڕاستیدا، لە درێژەی چیرۆکەکەدا تیۆری بلوك بازرگان بەکردەوە بەڕێوە دەبا. ئەو کاتێ لە ئیرادە و ئەقڵی خۆی سارد دەبێتەوە، بیر لە بچووکترین هیواکان دەکاتەوە. هەرچی چیرۆکەکە درێژەی پێ دەدرێ، ئەو زیاتر بەبێ ئاکامیی کارەکانی دەزانێ و لە ئاکامدا دوای بیستنی ڕۆڵەکانی لە بەرامبەر یاسادا، لە زمانی قەشەوە ئاکامی کی بەسەرهاتەکەی دێتە بەرچاوی. ئەو تا پێش ئەوی لەگەڵ قەشە ڕووبەڕوو بێتەوە، سیمایەکی هەڵسووڕاو لە خۆی نیشان دەدا و بەشارنشینی و کارمەندی پلەبەرزی بانك شانازی بە خۆی دەکا و بەڵام لە درێژەی چیرۆکەکەدا، ئەم لە خۆبایی بوونە، هێور هێور، بەشێوەی جۆراو جۆر بەرەو نزمی دەچێ، بۆ نموونە میچی نەویی گەلەری شێوەکار کە بەشێوەیەکی سیمبولیك ناچار بەنووشتانەوە دەکا. جیاوازیی ئەو لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکی بێگانەی کامۆ لەمە دایە کە مرسۆ دوای تاوان کردن و کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەشە، هەروا سیمای تورە و تۆسنی خۆی دەپارێزێ، لە حاڵێکدا ژۆزێف ك. لە سەرەتای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قەشە بەلەحنی مرۆڤێکی سووکایەتی پێکراو و نائومێدانەوە پێی دەڵێ:

***ئێمە هەموو بەسانایی ئێرەکانە مرۆڤین، هەر کامێکمان بەڕادەی ئەویتر***

کە ئاشکراترین دەربڕینە لە هەلومەرجی نزم بوو و سووك کراوی پاڵەوانی چیرۆکدا. بارودۆخی ئەو لە درێژەی چیرۆکەکەدا، تەنیا لەگەڵ بلوکی بازرگان بەراورد دەکرێ و لە حاڵێکدا بلوك لە دیمەنی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پارێزەر لە دیدی ژۆزێف ك.وە تاڕادەیەك شێوەی دەچێتەوە سەر سەگ، بەڵام خودی ژۆزێف ك. لە دیمەنی کۆتاییی چیرۆکەکە دروست وەکو سەگی لێ دێ و بەهەست بەشەرم کردنێك کە وا دەزانێ تا کۆتاییی ناسڕدرێتەوە، خۆی تەسلیم بەمەرگ دەکا. ئەم شەرمە، ڕەنگ بێ لە و بارودۆخی نیوە ڕووتی لە کاتی مردن و یان شەرمی نووسەر بێ لەو پاژانەی کە بێ ئیختیار لە ژیانی شەخسیی خۆی لە درێژەی چیرۆکەدا

ئـاشکـرای کـردووە. ئـەوە لـە حـاڵـێکـدایـە ئـەو دەیـویست وەکـو هـاوتـا دانیمارکییە کێیەر کێگار، هەمیشە سەربەمۆر بمێنێتەوە و ئەم ویست بە ون بوونە، هەم لە نووسەر و هەم لە پاڵەوانی چیرۆکەکەدا بەتەواوی ئاشکرایە.

دوای ئەوەی قەشە ژۆزێف ک. لە کەنیسە دەناسێ بۆ ساتێك ئەم هەستە لێڵە کە: ***چ ئەرخەیان بەخشە کە مرۆڤ لە هەموو بارودۆخێکی نوێدا خۆی بناسێنێ.***

بەڵام ژۆزێف ک. بەدرێژایی چیرۆکەکەدا ناسراوە، نەك وەك کارمەندی بانك بەڵکوو وەکو تاوانبارێك. بەواتایەکی تر ڕەوتی تاوانی سەرەتا بۆ ئـەو و بـاقـیـی پـاڵـەوانـانـی کـافـکـا نـەپساوە، ئـەوان ئێستـاش خـەریکـی خـواردنـی مـیـوەی درەخـتـی زانستـن و بـەپـێی زانـیـاریـی خۆی بـەدوای خـواردنـێکـەوەن کـە پـێنـاسـە نـەکراوە و دەست پـێی ڕانـاگـا و لـە ئـاکـامـدا شەرمەزاری برسێتی ئەبەدین لە بەراورد لەگەڵ گێرگوار سامسا، پاڵەوانی چیرۆکی دادگایی، لە قوناغێکی نزمتر لە تێگەیشتن دایە. گێرگوار دوای مەسخ لە هەستێکی تژی لە ئاسایش و ئەرخەیانی ڕزگار دەبێ و بێجگە لە ڕاگەیشتن بەبارودۆخی بنەماڵە، پێی خۆش نییە بگەرێتەوە هەلومەرجی پێش مەسخ و لە دوایین ساتەکانیشدا بەئاگا بوون لەوەی کە هیچ شتێك بـەڕادەی مـردنـی ئـاسایش نـاگـەڕێنێتەوە بۆ بـنـەمـاڵـەکـەی، لـە حـاڵـەتـی ڕۆحانی و بەئەرخەیانییەکی تەواوەوە تەسلیم بەمەرگێکی تەواو قورس و هێدی دەبێ هەر بەو جۆرەی شیاوی ئەوە.

ئەوە لە حاڵیکدایە کە ژۆزێف ک. هەر چۆنێ بێ لە بارودۆخی نوێ ناڕازییە و تا دوایین ساتەکان خۆی لەگەڵ هۆکارانی مەحکووم کرانی خۆی بەراورد دەکا و لە ئاکامیشدا هەروا مەیل بەژیان و گەڕانەوە بۆ هەلومەرجی پێش دادگایی و تەنانەت دەست پێکردنی دۆسییەکەی زاڵە و ئەگەرچی بەبێ بچووکترین خۆڕاگری کردن بۆ خۆی بۆ بەرێوە چوونی

حوكمەکەی، یاریدەی دوو نێردراوەکە دەکا و سەری لەسەر باشترین شوێنی بەردەکە دادەنێ، بەڵام لە دوایین ساتەکاندا، بێ ئیختیار دەستەکانی بەنیشانەی یارمەتی خواستن بەرەو ئەو ژن و مێردە پیرە کە لە پشت پەنجەرەوە بینەری بەڕێوە چوونی حوکمی ئیعدامی ئەون، درێژ دەکا و بەم شێوەیە ڕەوتێکی کە لە بەیانیی سییەمین ساڵی لەدایکبوونی بە لێدرانی زەنگێك بۆ نانی بەیانی و هاتنە دەرێ و تەماشای دوو پیاوی نەناسراو دەستی پێ کرد بوو، ڕاست ساڵێك دواتر بەشێوەیەکی ئارام و سەرسوورهێنەر کۆتایی پێ دێ. سەرسووڕمانی ژۆزێف ك. بەمردنی بۆ ئەو تەواو دەبێ، بەڵام بۆ خوێنەری بەرهەمی کافکا، ئەم سەر سووڕهێنەرییە تەواو نابێ و وێناچێ کە بەزۆرتر خوێندنەوەی وردبینانەی چیرۆکەکە، نەختێك لەم سەرسووڕماوییە دژوار و پێداگرە کەم بێتەوە.

سەرچاوە:
کافکا ڕوایتگر تراژدی مدرن، نویسندە: مراد حسین، نوبت چاپ: اول، زمستان ١٣٨٣، اهواز، نشر: رسش.

## ناوەڕۆك

ژیان و کەسایەتیی کافکا ..... ٥
کافکا و دیتران ..... ١١
کافکا، ئازار و نەخۆشی ..... ٢٢
زمان و ئەندێشەی کافکا ..... ٣١
کافکا وەکو نووسەر ..... ٣٧
ك. وەکو کافکا ..... ٤٣
دادگاییی کافکا لە دادگاییەکی تردا ..... ٥٣
فرانتس کافکا ..... ٩٣
دادگایی ..... ١٠٩